حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان

# ڕێنماییەکانی تایبەت بە ئەزموونەکان

## ئامادەکردن و کۆکردنەوە


**ناظم دهام جمیل**

شارەزا لە بواری ئەزموونەکان

**بابیر بکر بابیر**

بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان


کۆمپیوتەر و دیزاین

مؤید محمد علي

2014 - 2013

# پێـــــرست


| ز | بابەت | لە لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکـــی | ١ |
| ٢ | **رێنمایی تاقیکردنەوەکانی بنەڕەت** | |
| – | سەرەتا گشتییەکان | ٢ |
| – | یەکەم: بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەرەتی | ٣ |
| – | دووەم: بازنەی دووەم و سێ یەمی قۆناغی بنەڕەتی پۆلەکانی ( ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ) | ٤ |
| – | سێ یەم: تاقیکردنەوەی نیشتمانی و دەرچوون و دەرنەچوون لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی | ٦ |
| – | چوارەم :بەراوردکردن لەنێوان نمرەی کۆششی سالانە و نمرەی تاقیکردنەوەی نیشتمانی | ٦ |
| – | پێنجەم :را پۆرتی هەڵسەنگاندنی قوتابی/ خوێندکار | ٧ |
| – | شەشەم : بابەتی پەرینەوە و نمرەی بڕیار لە قۆناغی بنەڕەت | ٧ |
| – | حەوتەم :تاقیکردنەوەکانی قوتابی/خوێندکاری گەڕاوە بۆ هەرێم تایبەت بە قۆناغی بنەڕەتی | ٨ |
| – | هەشتەم:رێنمایی تەمەن بۆ خوێندنی رۆژ –ئێواران –ئەهلی | ٩ |
| – | نۆیەم:گزی کردن لە تاقیکردنەوەکاندا ( قۆناغی بنەرەتی ) | ١٠ |
| – | دەیەم:لیژنەی تاقیکردنەوەکانی قوتا بخانە/خوێندنگەکان تایبەت بە قۆناغی بنەرەتی | ١٠ |
| – | یانزەهەم : رێنمایی تایبەت بە را پۆرتی پزیشکی | ١٠ |
| – | دوانزەهەم: رێنمایی تاقیکردنەوەی نیشتمانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی تایبەت بە لیژنەی لقی پارێزگا | ١١ |
| – | سێ یانزەهەم : رێنماییەکانی ئە نجامدانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی | ١٢ |
| – | چەند ئەحکامیکی تایبەت بە قۆناغی بنەڕەتی | ١٤ |
| – | تێبینیەکی گرنگ | ١٥ |
| ٣ | **رێنمایی تاقیکردنەوەکانی قـــۆنـــــاغی ئـامـــــــــــادەیی** | |
| – | یەکەم: بنەما سەرەکیەکانی قۆناغی ئامادەیی ١–بەشەکانی ( زانستی و وێژەیی ) ٢– بەشە پیشەییەکان. | ١٦ |
| – | دووەم : دابەش بوونی نمرەی وەرزی لەقۆناغی ئامادەیی بەشەکانی ( زانستی و وێژەیی ) | ١٧ |
| – | سێ یەم: وەرگرتنی مافی بەشداری لە تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی | ١٧ |
| – | چوارەم: سیستەمی یەکە لە قۆناغی ئامادەیی ( ١ ، ٢ ، ٣ خشتەی بەشەوانەکان رێنماییەکان ٤. مافی مرۆڤ و جینۆساید ) | ١٨ |
| – | پێنجەم : رێنمایی چۆنیەتی دەرچوون ودەرنەچوون بە بەکارهێنانی سیستەمی یەکە ( خوێندنی رۆژ ئاسایی ) | ١٩ |
| – | نمونەی شیکاری – تایبەت بە بەکارهێنانی سیستەمی یەکە. | ٢٠ |
| – | خشتەکانی تایبەت بە سیستەمی یەکە بۆ خوێندنی ( رۆژ – ئێواران – تورکمانی – سریانی – بەهرەداران ) | ٢١–٣٤ |
| – | شەشەم: نمرەی بڕیار لە قۆناغی ئامادەیی پۆلەکانی ( ١٠، ١١ ) | ٣٤ |
| – | حەوتەم :بابەتی پەرینەوە لە قۆناغی ئامادەیی | ٣٤ |
| – | هەشتەم : چاککردنی تێکرا | ٣٥ |
| – | نۆیەم : گـــــزی کردن لە قۆناغی ئامادەیی | ٣٥ |
| – | دەیەم : تاقیکردنەوەکانی قوتابی / خوێندکاری گەڕاوە بۆ هەرێم/ تایبەت بە قۆناغی ئامادەیی | ٣٦ |
| – | یانزەهەم : لیژنەی تاقیکردنەوەکانی قوتا بخانەو خوێندنگاکان / تایبەت بە قۆناغی ئامادەیی | ٣٧ |
| – | دوانزدەهەم : ئەرکەکانی لیژنەی تاقیکردنەوە لە کاتی ئە نجامدانی تاقیکردنەوەکان | ٣٧ |
| – | سیانزەهەم : چەند رێنماییەکی تایبەت بە پۆلە ناکۆتاییەکانی قۆناغی ئامادەیی | ٣٧ |

| | | |
|---|---|---|
| – | چواردەهەم : چەند تێبینیەکی گرنك تایەت بەو قوتابی و خوێندکارانەی لە شارەکانی تری عێراق دێنە هەرێم | ٣٨ |
| | تێبینیەکی گرنگ | ٣٨ |
| ٤ | رێنماییەکانی تایبەت بەچۆنیەتی بەرێوەچوونی تاقیکردنەوەکان | |
| – | رێنمایی ژمارە ( ١ )<br>یەکەم :لیژنەی بالای بەردەوامی ئەزموونە گشتییەکان<br>دووەم : لیژنەی لقی پارێزگا بۆ ئە نجام دانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی و سەرپەرشتی کردنی تاقیکردنەوەگشتییەکان.<br>سێ یەم : لیژنەکانی تاقیکردنەوەکان :-<br>١- ئەرکەکانی لیژنەی تاقیکردنەوە ئەمانەن ٢-خشتەی تاقیکردنەوەکان ٣ - هۆلەکانی تاقیکردنەوە ٤- چـاودێــری لە پۆلە ناکۆتاییەکان ٥ - نەهاتن لەکاتی ئەزموونەکاندا ٦- را پۆرتی پزیشکی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا ٧ - تێنووسە ئەزموونیەکان ( الدفاتر الامتحانیە ) بۆ پۆلە ناکۆتاییەکان ٨ - دارشتنی پرسیارەکانی پۆلەناکۆتاییەکان ٩- پشکنینی پرسیارەکان ١٠- ئەزموونەکانی پراکتیکی ١١- تۆماری نمرەی مامۆستا ورێنماییەکانی | ٣٩<br>٤٠-٤٧ |
| – | رینمایی ژمارە ( ٢ ) تایبەت بە نمرەکانی تراز ( الدرجە الحرجە )<br>١- نمرەی تراز تایبەت بە قۆناغی بنەرەت ٢- نمرەی تراز تایبەت بە قۆناغی ئامادەیی | ٤٧-٤٨ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ٣ )<br>١ - تایبەت بە لیژنەکانی وردبینی ئە نجامەکانی تاقیکردنەوەکانی پۆلە ناکۆتاییەکان<br>٢- بۆ ئەوەی ئەو لیژنانە بەکاری خۆیان هەڵسن پێویستە تێبینی ئەمانەی خوارەوە بکەن | ٤٩ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ٤ ) تایبەت بە راگەیاندنی ئە نجامەکانی ئەزموونەکان و رێکخستنی لیستی پۆلەکان | ٥٠ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ٥ ) دەربارەی لێکۆلینەوە لە کێشەکانی ئەزموونەکان و بروانامەکان<br>چەند ئەحکامێکی تایبەت بە تاقیکردنەوە گشتییەکانی ئامادەیی | ٥١ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ٦ ) تایبەت بە بەشداربووانی ئەزموونەگشتییەکان<br>یەکەم :ئەم رێنماییانە بە قوتابی رابگەیێنرێت لەکاتی چوونە ژوورەوەی هۆلی تاقیکردنەوە<br>دووەم: پێویستییەکانی قوتابی / خوێندکار لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا | ٥٣ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ٧ ) تایبەت بە چاودێری ئەزموونە گشتی یەکان<br>١ - دانانی چاودێری هۆلی ئەزموونی .٢- لەسەر چاودێر پێویستە رەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکات | ٥٥ |
| – | رێنمای ژمارە ( ٨ ) تایبەت بە بەرێوەبەری مەڵبەندە ئەزموونیەکان<br>١- کەسایەتی بەرێوەبەری هۆلی ئەزموونی٢- ئەرکەکانی بەرێوەبەری هۆلی ئەزموونی | ٥٧ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ٩ ) تایبەت بەلیژنەکانی کۆنترۆڵ و پشکنین<br>١-تایبەت بە لیژنەکانی کۆنترۆڵ و پشکنین ٢-ئەرکەکانی یاریدەدەر بەرێوەبەری بنکەی کۆنترۆڵ ٣- ئەرکەکانی ئەندامانی کۆنترۆڵ<br>٤- پشکنینی تێنووسەکان ٥- راگەیاندنی ئە نجامەکان ٦- پەلپ گرتن ( الاعتراچ ) لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا ٧ - کارە گشتییەکانی کۆنترۆڵ | ٦٠-٦٥ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ١٠ ) تایبەت بە بەرێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردەکان | ٦٦ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ١١ ) تایبەت بە رێکخستنی مەڵبەندەکانی ئەزموونە گشتییەکان | ٦٧ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ١٢ ) دەربارەی تاقیکردنەوەی دەرەکی لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی ئامادەیی<br>١ – تایبەت بە بەشداری لە پۆلی ( ١٢ )ی ئامادەیی بەرێگای دەرەکی ٢- رێنمایی تایبەت بە خوێندنی پیشەیی<br>٣-رێنماکانی تایبەت بەتاقیکردنەوە بەراییەکان ٤- رێکخستنی بروانامە و تۆمارگەی قوتابیە دەرەکیەکان | ٦٨-٧٢ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ١٣ ) تاقیکردنەوەی دەرەکی لە قۆناغی بنەرەت | ٧٣ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ١٤ ) تایبـــەت بە کـــاروباری قـوتابیـــان<br>١- قوتابخانە حکومییەکان ٢- رێنمایی تایبەت بە نابینا ٣-رێنمایی تایبەت بەخوێندنی ئەهلی بە سیستەمی ئینترناشناڵ<br>٤- رێنمایی تایبەت بەقوتابخانە ئەهلیەکان بە سیستەم و پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە | ٧٤ |
| – | رێنمایی ژمارە ( ١٥ ) تایبەت بە هەژمارکردنی ساڵی خوێندن بەساڵی نەکەوتن | ٧٨ |
| – | تێبینیەکی گرنگ | ٧٩ |

# پێشەكی

یەكگرتنەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەلێكی لەباری رەخساند بۆ بەستنی كونگرەی پەروەردەیی لە رۆژانی ٢٢-٢٤/ئایاری /٢٠٠٧ دا وبەمەش سەرەتایەكی نویٚ لە بواری پەروەردەیی رەخسا بۆ گۆرینی سیستەمی كۆنی پەروەردە كە ماوەی هەشتا ساڵی درێژەی كێشابوو .

ئاشكرایە لە دوو دەیەی دواییدا پێشكەوتنی گەورە لە بواری زانست و تەكنەلۆژیا سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە وهەرێمی كوردستانیش بە پەرۆشەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو كە بتوانی نەوەكانی لەو پێشكەوتنانە دانەبڕێن وسوودیان لیٚ وەربگیرێت بۆ پێشخستنی وولاتەكەمان .هەموو ئەمانە بەیەكەوە وایان كرد كە گورینی سیستەمی پەرەوەردەیی ببێتە پێداویستیەكی سەرەكی ئەم قۆناغە.سیستەم وتاقیكردنەوەكان لە كۆنگرەكەدا گۆرانكاری گەورەیان بەسەرداهات كە هەردوو بڕگەی (بەوەرزكردنی خوێندن ودانانی رێژەی نمرە لە قۆناغی ئامادەییدا ) دیارترین گۆرانكاری وزۆرترین مشت ومریان بەدواوە بوو كە رێكخستنیان هەوڵ وماندووبوونێكی زۆری هەمووانی پێویست بوو بۆ سەقامگیركردنیان.

ماندوبوونی دڵسۆزان لە شارەزایانی پەروەردەیی وبەرێوەبەری قوتابخانە /خویێندنگاكان كە ئەركی جیٚ بەجیٚ كردنیان راستەخۆ لەسەرشان بووە بۆتە یارمەتیدەرێكی گەورە بۆ زیاتر چەسپاندن و راستەریٚ كردنی سیستەمەكە .

دیارە مەبەستی سەرەكی لە هەموو گورانگاریەك بەدەستهێنانی ئەنجامێكی باشترە و بەهیواین كـــە لەدوا رۆژدا ببێتە مـــایەی بەهێزتركردنی ژێـــرخانی ئـابووری وولاتەكـــــەمان ........ لەگەل ئەوپەری رێزمان .

باپیر بكر باپیر

بەرێوەبەری گشتی ئەزموونەكان

# ڕێنمایی تاقیکردنەوەکانی
# قـــــــــــۆنــــــــــــــاغی بنــــــــــــەڕەت

دوای پەسەند کردنی سیستەمی تاقیکردنەوەکان لەکۆنفرانسی پەروەردەیی،ڕۆژانی (١٥-١٦)/٢٠١١/١١ .و ئەو گۆرانکاریانەی لە ئە نجامی جێ بە جێ کردنی تا ساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣ هاتوونەتە سەری،ئەم سیستەمە کاری پێدەکرێت لە قۆناغی بنەڕەتی و هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندیان بەتاقیکردنەوەی پۆلە ناکۆتاییەکان و تاقیکردنەوەگشتییەکانە وە هەیە بەم جۆرەی خوارەوە :

## سەرەتا گشتییەکان:

١. قۆناغی بنەرەتی پۆلەکانی (١ - ٩) دەگرێتەوە.
٢. قۆناغی بنەرەتی دابەش دەکرێت بۆ سێ بازنە، بەم شێوەیە :
   أ- بازنەی یەکەم، پێك دێت لە پۆلەکانی ( ١، ٢، ٣ ) ی بنەرەتی
   ب- بازنەی دووەم، پێك دێت لە پۆلەکانی ( ٤، ٥، ٦ ) ی بنەرەتی
   ت- بازنەی سێ یەم، پێك دێت لە پۆلەکانی ( ٧، ٨، ٩ ) ی بنەرەتی
٣. لە هەر سێ بازنەی قۆناغی بنەرەت بەرزترین نمرەی دەرچوون (١٠٠)نمرەیە ونزمترین نمرەی دەرچوون (٥٠)نمرەیە
٤. ساڵی خوێندن لە دوو وەرز پێك دێت.
٥. ئە نجامی کۆشش ساڵانەی هەر بابەتێك لە قۆناغی بنەڕەتی دەردەهێنرێت، دوای کۆکردنەوەی نمرەی هەردوو وەرزی بابەت و دابەش کردنەوەی بە سەر دوو دا و دەرچوون و دەرنەچوون بە پێ ی ئەو ئە نجامەیە، جگە لە پۆلی (٩) ی بنەڕەتی کە دەرچوون دوای ئە نجامدانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی مەرجی بڕینی ئەو قۆناغەیە.
٦. قوتابی/خوێندکاری قۆناغی بنەرەتی مافی بەردەوام بوونی هەیە لە خوێندن تا تەمەنی ( ١٦ ) ساڵ تەواو دەکات وە تا (٩/١) ئەو ساڵە هەر چەند ساڵ مابێتەوە ، دوای ئەو تەمەنە ئەگەردوو ساڵ لەسەر یەکتر مایەوە ساڵی سێ یەم دەچێتە خوێندنی ئێواران یا ئەگەر ویستی بە ڕێگای تاقیکردنەوەی دەرەکی بەردەوام دەبێت بە پێ ی ڕێنمایی دەرەکی لە قۆناغی بنەڕەت .
٧. بە تەواو کردنی ئەم قۆناغە بڕوانامەی تەواوکردنی قۆناغی بنەرەتی دەدرێت بە قوتابی/خوێندکار دوای بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی نیشتمانی وبەدەستهێنانی دەرچوون لە پۆلی نۆیەم .
٨. تەنها بەڵگەنامەی گواستنەوە (وثيقة النقل) بەئاما نجی بەردەوام بوون لە خوێندن دەدرێت بەو قوتابی/ خوێندکارانەی دوای گواستنەوە دەکەن لە قوتا بخانەیەکەوە بۆ قوتا بخانەیەکی تر بە ئاما نجی بەردەوام بوون لەخوێندن.
٩. تەنها پشتگیری بڕوانامەی شەشەمی سەرەتایی کۆن دەدرێت بەو فەرمانبەرانەی پیش ساڵی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) دامەزراون لەسەر داوای لایەنی پەیوەندیدار.

# یەكەم: بازنەی یەكەمی قۆناغی بنەرەتی

١. ئەم بازنەیە پێك دێت لە پۆلەكانی (یەكەم و دووەم و سێ یەم) ی بنەرەتی.

٢. لە هەر وەرزێكی ئەو بازنەیە چوار هەڵسەنگاندن لەلایەن مامۆستاوە ئەنجام دەدەرێت و هەر هەڵسەنگاندنێك (٢٥) نمرەی لەسەر دەبێت.

٣. بە كۆكردنەوەی نمرەی هەڵسەنگاندنەكانی بابەت لە هەر وەرزێكدا نمرەی كۆتایی وەرز لەو بابەتە دەردەهێنرێت .

٤. ئەنجامی كۆتایی هەردوو وەرز كۆ دەكرێتەوە و دابەش دەكرێت بەسەر دوو دا بەمەش كۆششی ساڵانە بۆ هەر بابەتێك دەردەهێنرێت.

٥. ئەنجامی كۆششی ساڵانەی هەربابەتێك بە دەستەواژەكانی ( لاواز، پەسەند، ناوەند، باش، زۆرباش و نایاب) دەخەملێنرێت وە بەهەمان دەستەواژە ئەنجامەكانیان دەدرێتەوە.

٦. بە كۆكردنەوەی ئەنجامەكانی كۆششی ساڵانەی بابەتەكان و دابەش كردنەوەی بەسەر ژمارەی بابەتەكاندا، ئاستی گشتی دیاری دەكرێت.

٧. نمرەی ئاستی بەم جۆرە دیاری دەكرێت:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لاواز | ← | لە نێوان | ٠ | تا | ٤٩ |
| پەسەند | ← | لە نێوان | ٥٠ | تا | ٥٩ |
| ناوەند | ← | لە نێوان | ٦٠ | تا | ٦٩ |
| باش | ← | لە نێوان | ٧٠ | تا | ٧٩ |
| زۆرباش | ← | لە نێوان | ٨٠ | تا | ٨٩ |
| نایاب | ← | لە نێوان | ٩٠ | تا | ١٠٠ |

٨. دەرچوون – مانەوە-كەوتن لە بازنەی یەكەم بەم جۆریە:

أ- لە پۆلی یەكەم كەوتن نییە وپێویستە مامۆستای بابەت قوتابی/ خوێندكار فێری خوێندنەوە و نووسین بكات بە شێوازێكی پەروەردەیی بە پێی پرۆگرامی خوێندن، ئاستی لاواز لەو پۆلەدا بە كەوتوو دانانرێت و دەچێتە پۆلی دووەم.

ب- پێویستە لەسەر مامۆستای بابەت لە پۆلەكانی بازنەی یەكەم، ئاستی قوتابی/ خوێندكاری لاوازبەرز بكاتەوە، بەڕێوەبەرو ڕابەری پۆل كارئاسانی پێویست بۆ بەرزكردنەوەی ئاستیان بكەن و ئەگەر پێویستی كرد مامۆستای یاریدەدەر لە پۆلدا دابنرێت بۆ چارەسەری ئەوانەی ئاستیان لاوازە.

ت- لە پۆلەكانی دووەم و سێ یەم، ئاستی لاواز لە خولی دووەمدا لە یەكێك لە بابەتەكانی كوردی و بیركاری، بە كەوتوو دائەنرێت لەو ساڵەدا.

پ- ئاستی لاواز لە بابەتەكانی تری پۆلەكانی دووەم و سێ یەم لە خولی یەكەمدا بە دەرچوو هەژماردەكرێت لە هەرچەند بابەت ئاستی لاوازی هەبێت.

ج- ماوە لەبابەتەكانی كوردی و بیركاری پۆلەكانی دووەم و سێ یەم لەخولی یەكەمدا لەلایەن مامۆستای بابەتەوە لەسەر ١٠٠ نمرە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەكرێت دواتر لەگەڵ ئەنجامی هەڵسەنگاندنەكانی كۆششی ساڵانە كۆ دەكرێتەوە دابەشی دوو دەكرێت بۆ مەبەستی دەرچوون یا دەرنەچوون.

٩. ئه نجامی کۆتایی کۆششی ساڵانه بۆ هەر بابەتێك بەشێوازی هەڵسەنگاندن دەبێت وبه پیٚ ی ئەم هاوکێشەیە ڕێك دەخرێت و دەکاتە :

$$\frac{\text{کۆی هەڵسەنگاندنەکانی وەرزی یەکەم} + \text{کۆی هەڵسەنگاندنەکانی وەرزی دووەم}}{2}$$

وە بەسوود وەرگرتن لەخشتەی دیارکردنی ئاستەکان خاڵی( ٧ )ی سەرەوە نمرەی هەڵسەنگاندنەکان وئاستی گشتی دەرچوون دیاری دەکرێت.

١٠. أ- قوتابی / خوێندکاری هاتوو بۆ هەرێم یا گەڕاوە لە هەندەران لە هەر پۆلیٚ لەو پۆلانە، وەك خوێندکاری ئاسایی و بە پیٚ ی ئەو بڕوانامەیەی هێناویەتی دادەنرێتەوە.دوای بەرابەر کردنی بڕوانامەکانیان.

ب- ئەگەر قوتابی /خوێندکاری هاتوو بۆ هەرێم یا گەڕاوەی هەندەران بڕوانامەی نەهێنابوو لەبەر هەرهۆیەك بێت ، لیژنەیەکی لە سیٚ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ پێك دەهێنرێت بۆ دیاری کردنی ئاستیان ولە پۆلێکدا دادەنرێت تا پۆلی چوارەمی بنەرەت بە مەرجێك لە سەرووی تەمەنی دانەنرێت و لەسەرەتای دەست پیٚ کردنی خوێندن لەوساڵەدا و تا ماوەی یەك مانگ ڕێگای پیٚ دەدرێت.

١١. لە بازنەی یەکەم بەهیچ شێوەیەك و لە بەر هەر هۆیەك بەخشین نیە لە هیچ بابەتێك ورێنمایی زمان هیچ کەسێك ناگرێتەوە.

١٢. لە تۆماری گشتی و تۆماری کارگێڕی ئه نجامەکان بە نمرە تۆمار دەکرێت وە بەگوێرەی خشتەی ئاستەکان، ئاستی گشتی دەردەهێنرێت.

## دووەم: بازنەی دووەم و سیٚ یەمی قۆناغی بنەڕەتی پۆلەکانی (٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ )

١. بازنەی دووەم پۆلەکانی (٤ ، ٥، ٦ ) بنەڕەتی دەگرێتەوە

٢. بازنەی سیٚ یەم پۆلەکانی (٧، ٨، ٩ ) بنەڕەتی دەگرێتەوە

٣. ساڵی خوێندن لە دوو وەرز پێك دێت، ئه نجامی کۆتایی ساڵانە بە پیٚ ی ئەم هاوکێشەیە دیار دەکرێت:

$$\text{ئه نجامی کۆششی ساڵانەی بابەت} = \frac{\text{کۆی نمرەکانی بابەت لە وەرزی یەکەم} + \text{کۆی نمرەکانی بابەت لە وەرزی دووەم}}{٢}$$

٤. نمرەی هەر وەرزێك دابەش کراوە بەم جۆرەی خوارەوە:

| هەڵسەنگاندنی نیوەی یەکەمی وەرز | | تاقیکردنەوەی نووسینەکی نیوەی وەرز | | هەڵسەنگاندنی نیوەی دووەمی وەرز | | تاقیکردنەوەی نووسینەکی کۆتایی وەرز | | سەرجەمی نمرەی وەرز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | + | ٢٠ | + | ١٥ | + | ٥٠ | = | ١٠٠ |

٥. نمرەکانی هەڵسەنگاندن لەلایەن مامۆستاوە دەدرێت و بەم جۆرە و پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە /خوێندنگا بەدوا داچوونی پێویست بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی سەرجەم خاڵەکان:

أ- بەشداری لە چالاکی پۆل، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەوە هەیە.

ب- ئه نجام دانی کاری کردارەکی ( عملی ) بە پیٚ ی بابەت.

ت- هەڵسەنگاندنی زارەکی لە پۆلدا .

پ- تاقیکردنەوەی کیوز بە پیٚ ی پێویستی پۆلەکان .

٦. قوتابی/ خوێندکار لەچەند بابەت مابێتەوە لە خولی دووەم تاقیکردنەوە دەکاتەوە لە گشت ئەو بابەتانە.

٧. هەموو ئەو بابەتانەی خولی یەکەم کە قوتابی/خوێندکار لە ئە نجامی کۆششی ساڵانەی تیایدا دەمێنێتەوە ئەوا دەچێتە خولی دووەم ،ئەگەر لە خولی دووەم نەهاتە تاقیکردنەوە لە هەر بابەتێك ئەوا لە (٧٠) نمرەی ئەو تاقیکردنەوەیە سفری بۆ دادەنرێت ولە سەر ئەو بنەمایە رەفتاری لە گەڵ دەکرێت بۆ دەرچوون و دەرنەچوون وە (٣٠) نمرەی هەڵسەنگاندن وەك خۆی دەمێنێتەوە و بۆ دەرهێنانی کۆششی ساڵانە دەخرێتەوە سەر ئە نجامەکە.

٨. أ- ماوە لە یەك بابەت و زیاتر لە خولی دووەمدا تاقیکردنەوەیان بۆ دەکرێتەوە.
ب- ماوە لەیەك بابەت لە ئە نجامی کۆششی ساڵانە ئەگەر لە (٤٠) نمرە و بەسەرەوەی هەبوو بە دەرچوو هەژمار دەکرێت دواتر تاقیکردنەوە ناکاتەوە.
ت- ماوە لەیەك بابەت ئەگەر لە (٤٠) نمرە کەمتری بەدەست هێنا دوای خولی دووەم بەکەوتوو هەژماردەکرێت لەو ساڵەدا،ئەگەر نەیتوانی سوود لە نمرەی بڕیار وەربگرێت.

٩. أ- ماوە لە تاقیکردنەوەی وەرزی لە پۆلەکانی (٤ – ٨) بنەڕەتی لە خولی دووەمدا تاقیکردنەوە دووبارە دەکاتەوە.
ب- ئەگەر قوتابی/خوێندکار لە وەرزی یەکەم مابێتەوە لە هەر بابەتێك لە خولی دووەمدا لە پڕۆگرامی ئەو وەرزە لە (٧٠) نمرە تاقیکردنەوە دووبارە دەکاتەوە .
ت- ئەگەر لەهەمان بابەت لە هەردوو وەرز مابێتەوە پێویستە لە هەردوو وەرز تاقیکردنەوە لەو بابەتە بکاتەوە لەسەر (٧٠) نمرە بۆ هەر وەرزێك .
پ- باشتر وایە خشتەی تاقیکردنەوە بۆ هەر وەرزێك لە رۆژێکی جیاوازدا دابنرێت نەوەك هەردوو وەرزی ئەو بابەتە لە هەمان رۆژ کە ئەمەش بۆ سوودی قوتابی و خوێندکارە .
ج- (٣٠) نمرەی هەڵسەنگاندنی هەر وەرزێك وەك خۆی دەمێنێتەوە و لە خولی دووەمدا دەخرێتەوە سەر ئە نجامی تاقیکردنەوەی ئەو بابەتەی تاقیکردنەوەی تیا دەکرێتەوە .
ح- نمرەی دەرچوونی وەرز لەهەر بابەتێك،لەخولی دووەم بۆ ماوەکان بە دوو هەنگاو لەم هاوکێشەیەدا دیاری کراوە:

- نمرەی وەرزی لە بابەتی ماوە = نمرەی هەڵسەنگاندن + نمرەی تاقیکردنەوەی خولی دووەم

- ئە نجامی دەرچوون دوای خولی دووەم = $\frac{\text{ئە نجامی بابەت لە وەرزی یەکەم + ئە نجامی بابەت لە وەرزی دووەم}}{٢}$

١٠. بۆ هەر یەك لەبابەتەکانی مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی پۆلی پێنجەمی بنەڕەت کە هەر بابەتێکیان لەوەرزێکدا دەخوێندرێت بەم جۆرە نمرەیان بۆ دادەندرێت:-
أ- تاقیکردنەوەی هەریەکەیان لەوەرزەکەیدا لەسەر (١٠٠) نمرە دەبێت بە پێ ی سیستەمی دابەش کردنی نمرەی وەرزی رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت لەخولی یەکەمدا .
ب- هەردوو بابەتی پەروەردەی مەدەنی و مافی مرۆڤ بەیەکەوە کۆ دەکرێنەوە دابەشی دوو دەکرێن بەمەش ئە نجامی کۆششی ساڵانە دەردەهێنرێت و دەرچوون و دەرنەچوون دیاری دەکرێت.
ت- بۆی هەیە سوود لە نمرەی بڕیار وەربگرێت بە پێ ی رێنماییەکان.

## سێ یەم : تاقیکردنەوەی نیشتمانی و دەرچوون و دەرنەچوون لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی

١- بابەتەکانی پۆلی نۆیەم (کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ، زانستەکان ، بیرکاری ، کۆمەڵایەتی ) لەگەڵ زمانەکانی سریانی و تورکمانی بۆ ئەو نەتەوانە تاقیکردنەوەی نیشتمانیان تیادا ئە نجام دەدرێت.

٢- دەرچوون لە پۆلی (٩) ی بنەڕەتی بەستراوەتەوە بە تاقیکردنەوەی نیشتمانی بە پێ ی هاوکێشەی (أ، ب) ی خوارەوە ڕێك دەخرێت.

أ- ئەنجامی کۆششی ساڵانەی بابەت = (ئەنجامی بابەت لە وەرزی یەکەم + ئەنجامی بابەت لە وەرزی دووەم) / ٢

ب- ئەنجامی دەرچوون لەبابەت = (ئەنجامی کۆششی ساڵانە + ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیشتمانی) / ٢

ت-کۆششی ساڵانەی ئەو بابەتانەی دەچنە تاقیکردنەوەی نیشتمانی خولی دووەمیان تەنها بەتاقیکردنەوەی نیشتمانی دەکرێت .

٣- أ- قوتابی/خوێندکاری پۆلی نۆیەمی بنەڕەت دوای ئەنجامی کۆششی ساڵانە ئەگەر بەشداری تاقیکردنەوەی نیشتمانی نەکات لە خولی یەکەمدا ئەنجامەکەی هەڵدەپەسێردرێت بۆ خولی دووەم (چونکە ئەنجامەکانی ئەو پۆلە ٥٠ ٪ بۆ تێکرای هەردوو وەرزەو + ٥٠٪ بۆ تاقیکردنەوەی نیشتمانییە ) ئەگەر لەخولی دووەمیش نەهاتە تاقیکردنەوەی نیشتمانی بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێت.

ب- تەنها بابەتە لاوەکیەکانی پۆلی نۆیەم ( ئەوانەی ناچێتە تاقیکردنەوەی نیشتمانی ) خولی دووەمیان هەیە لە (٧٠) نمرە ئەنجام دەدرێت.

ت- دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە خولی یەکەمدا بۆی هەیە سوود لە نمرەی بڕیار وەربگرێت بۆ مەبەستی دەرچوون لەو ساڵەدا .

ج- ئەگەر لە خولی یەکەم لەتاقیکردنەوەی نیشتمانیدا لەگشت بابەتەکان یا لەچەند بابەتێك بەشداری نەکرد ئەوە بۆی هەیە لەخولی دووەم بەشداری بکاتەوەو سوودیش لە نمرەی بڕیاری ماوە وەربگرێت.

٤- ئەنجامەکان و ئامارەکان بەسیستەمی ئەلیکترونی لەخولی دووەمدا ساڵانە ڕادەگەیێنرێت.

## چوارەم :بەراوردکردن لەنێوان نمرەی کۆششی ساڵانە و نمرەی تاقیکردنەوەی نیشتمانی

١. پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرو لێژنەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە بەراوردی ئەنجامی نمرەی مامۆستا و نمرەی نیشتمانی هەربابەتێك بکات ئەو ئەنجامەش بەڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی ئامارەکانی دەگاتە دەستتان .

٢. پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە وپەروەردەی قەزاکان بەدواداچوون و بۆ بەراوردکردنی نمرەی مامۆستا و نمرەی نیشتمانی بکەن ،بەجۆرێك نمرەی نیشتمانی وەك پێوەر بەرامبەر مامۆستا دابنرێت.

٣. ئامانجی ئەوبەراوردکردنە بۆ ئەوەیە جیاوازی نمرەی مامۆستا و نمرەی نیشتمانی کەمبێتەوە هەڵسەنگاندنەکان ووردتربن ،بەمەش ئاستی فێربوون بەرزدەبێتەوە.

٤. ئاستی قوتابی/خوێندکار بەرزدەبێتەوە ئەگەر جیاوازی لەنێوان ئەو دوو نمرەیە لەئەنجامی تاقیکردنەوەدا کەمبێتەوە (بەواتای ئەوەی هەردوو نمرەی قوتابخانە و نیشتمانی بەرز بکرێنەوە ) بەهەوڵ و تێکۆشانی دەستەی مامۆستایانی هەر قوتابخانەیەك دێتە برهەم.

٥. سەرپەرشتیاری پسپۆری وکارگێری پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکان بکەن دوای ئەوەی ئەنجام و ئامارەکان ساڵانە ڕادەگەیێنرێت.

٦. پێویستە لەلایەن پەروەردەوە بەڕێگای بەڕێوەبەری قوتابخانە/خوێندنگا ساڵانە تێبینیەکانی جیاوازی نمرە بە مامۆستای بابەت ڕابگەیێنرێت بەئامانجی چارەسەرکردنی ئەگەر جیاوازی نمرە لە (١٠٪) زیاتر بوو.

## پێنجەم :ڕا پۆرتی هەڵسەنگاندنی قوتابی/ خوێندکار

پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە ڕا پۆرتی هەڵسەنگاندنی قوتابی / خوێندکار لە لایەن مامۆستای بابەت و ڕابەری پۆل و لە لایەن سەرپەرشتیاری کارگێری و پسپۆری بابەتەوە بەدواداچوونی تەواوی بۆ بکرێت.

### گرنگی ڕا پۆرتی هەڵسەنگاندنی قوتابی/خوێندکار

١- هەڵسەنگاندن لەلایەن مامۆستای بابەتەوە بۆ قوتابی و خوێندکار دیار دەکات بۆ ئەوبەشەی خوێندراوە بە پێی بەشەکانی پرۆگرامی ئەو وەرزە.
٢- دایکان وباوکان لەوهەڵسەنگاندنە ئاگادار دەکرێن دوای ئەوەی لەکۆبوونەوەی دایکان وباوکان دەخرێتەبەر دەستیان.
٣- لەکاتی گواستنەوەی مامۆستا یان مۆڵەتی درێژخایان ئاستی قوتابی وخوێندکار بۆ مامۆستای نوێ ئاشکرا دەکات.
٤- لە کاتی گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار ئەو ڕا پۆرتەی لەگەڵ دەگوێزرێتەوە ومامۆستای بابەتی ئەو قوتا بخانەیەی بۆی دەگوێزرێتەوە بە ئاستی ئاشنا دەبێت.
٥- ڕا پۆرتی هەڵسەنگاندن کرۆکی داخوازییەکانی پروگرامی ئەو ساڵە دیاردەکات
٦- هاوکار دەبێت بۆ دۆزینەوەی توانای پیشەیی و بەهرەی قوتابی وخوێندکار و ئارەزووویان لە دواڕۆژدا .
٧- باری تەندروستی قوتابی و خوێندکار ی تێدا دەپارێزرێت و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت .
٨- بەدواداچوونێکی گرنگە بۆ بەڕێوەبەرایەتی قوتا بخانە و ڕابەری پۆل و سەرپەرشتیاری پسپۆری بابەت.

## شەشەم : دەرچوون بە (٤٠) نمرە لەدوابابەت و نمرەی بڕیار لە قۆناغی بنەڕەت

-١

أ- نمرەی بڕیار لە پۆلی نۆیەم دەچێتە سەر ئە نجامی کۆتایی نەوەك کۆششی ساڵانە و بۆ هەردوو خول بەڕێگای ئامێری ئەلیکترۆنی.

ب- نمرەی بڕیار لە پۆلەکانی (٤ تا ٨) ی بنەڕەتی دەچێتە سەر ئە نجامی کۆششی ساڵانە.

ت- قوتابی/خوێندکار لە قۆناغی بنەڕەت لەیەك بابەت مابێتەوە و(٤٠) نمرە و بەسەرەوەی هەبێت بە دەرچوو هەژمار دەکرێت.

پ- مافی هەیە سوود لە نمرەی بڕیار وەربگرێت بۆ گەیاندنی بە (٤٠)نمرە لەو بابەتە وەك (١-ت) سەرەوەئەگەر پێویستی پێ بوو.

ج- لە خولی دووەمدا بەدەرنەچوو هەژماردەکرێت لەو ساڵەدا ئەگەر بە پێنج نمرەی بڕیاریشەوە نەیتوانی دەرچوون لە و بابەتە بەدەست بهێنێت.

ح- نمرەی بڕیار دەدرێتە ئەو قوتابی /خوێندکارانی هاتوونەتە هەرێم وبۆ هەردوو بابەتی کوردی و عەرەبی بۆ گەیاندنی بە نمرەی دەرچوون ، بۆ نموونە(١٨-١٩) بۆ گەیاندنە (٢٠) نمرە، یان (٢٨، ٢٩) بۆ گەیاندنە (٣٠) نمرە ویان (٣٨، ٣٩) بۆ گەیاندنە (٤٠) نمرە بۆ مەبەستی دەرچوون هەرکاتێك بتوانی سوود لە ماوەی نمرەی بڕیار وەربگرێت.

٢- پێنج نمرەی بڕیار دەدرێت بە قوتابی/ خوێندکاری ماوەتەوە لە بابەت ،دوای نزیککردنەوەی کەرتەکان، وە تەنها بۆ قوناغی بنەڕەت وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

أ- تەنها پێنج نمرەی بڕیار دەدرێتە قوتابی / خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەت هەر کاتێك سوودی لێ وەربگیرێت ئەچێتە سەر ئە نجامی کۆششی ساڵانە نەوەك نمرەی وەرزی لە پۆلەکانی (٤ تا ٨) ولە پۆلی نۆیەمیش دەچێتە سەر نمرەی کۆتایی (دوای تاقیکردنەوەی نیشتمانی، زیاد دەکرێت بۆ نزیکترین نمرە لە (٥٠) پە نجا تاوەکو (٥) نمرە کە تەواو دەبێت بۆ مەبەستی دەرچوون لەبابەتێك ویان زیاتر بۆ نموونە ئەگەر :

- لەیەك بابەت كەوتبوو نمرەی (٤٤) بوو بەهیچ جۆرێك (٥) نمرەی بۆ ناخرێتە سەر .
- قوتابییەك لە دووبابەت (٤٨، ٤٩) ی هەبێت یەكەم جار نمرەی پێویست دەچێتە سەر نمرەی ٤٩ و دەبێتە (~~٤٩~~ ٥٠ب) دواتر دەچێتە سەر نمرەی ٤٨ و دەبێتە (~~٤٨~~ ٥٠ب) .
- قوتابییەك نمرەكانی لە سێ بابەت بە شێوەی (٤٧، ٤٨، ٤٩) بێت ئەوا دەدرێتە (٤٨، ٤٩) ،یەكەم جار نمرەی پێویست دەچێتە سەر نمرەی ٤٩ وە دەبێتە (~~٤٩~~ ٥٠ب) دواتر دەچێتە سەر نمرەی ٤٨ وە دەبێتە (~~٤٨~~ ٥٠ب) بەلام بابەتی (٤٧) دەمێنیتەوە بۆ خولی دووەم.
- قوتابییەك نمرەكانی لە دوو بابەت (٤٩ ، ٤٥) بێت ئەوا تەنها نمرەی پێویست دەچێتە سەر (٤٩) و دەبێتە (~~٤٩~~ ٥٠ب) و بابەتی (٤٥) دەمینیتەوە بۆ خولی دووەم.
- ئەگەر قوتابییەك (٤٧ ، ٤٨) هەبوو یەكەم جار نمرەی پێویست دەچێتە سەر ٤٨ وە دەبێتە (~~٤٨~~ ٥٠ب) دواتر دەچێتە سەر نمرەی ٤٧ ودەبێتە (~~٤٧~~ ٥٠ب) .
- ئەگەر قوتابییەك لە بابەتێك (٤٥) ی هەبوو ئەوە دەبێتە (~~٤٥~~ ٥٠ب) .

ب- ئەو نمرانەی لە خولی یەكەمدا لە (٥) نمرەی بڕیاردا دەمێنێتەوە لەخولی دووەمدا سوودی لی وەردەگرێت بەهەمان شێوە.

ت- لەو (٥) نمرە یە زیاتر هیچ نمرەی تر نادرێت بە قوتابی/خوێندكار بۆ چارەسەر كردنی بارودۆخ .

## حەوتەم :تاقیكردنەوەكانی قوتابی/خوێندكاری گەڕاوە بۆ هەرێم تایبەت بە قۆناغی بنەڕەتی

قوتابی/خوێندكاری گەڕاوە بۆ هەرێم كە هەردوو بابەتی زمانی عەرەبی و كوردیان نەخوێندبێت و بەرەگەز خەڵكی هەرێمی كوردستان بن لە بابەتەكانی كوردی و عەرەبیدا نمرەیان وەك لای خوارەوە دەبێت :

١ – پێویستە گەڕاوە سێ ساڵ بەسەر دابڕانی لە خوێندن لە هەرێم تێپەڕیبێت بە پێ ی ئەو بڕوانامەیەی كە لە گەڵ خۆیدا دەیهێنێتەوە و دەبێت سێ پۆلی بڕیبێت لەو ولاتەی لێی گەڕاوەتەوە.

٢ – ئەگەر گەڕاوە لە بازنەی یەكەم دابوو ( پۆلەكانی ١ ، ٢ ، ٣ )ی بنەڕەتی ئەوا لەو پۆلە دادەنرێت كە پێ ی گەیشتووە وەك هەر قوتابی /خوێندكارێكی ئاسایی ورێنماییەكانی زمان نایانگرێتەوە .

٣- ئەگەر گەڕاوە لە پۆلەكانی (٤ تا ٩) ی بنەڕەتدا بوو ، بەم جۆرە نمرەی بۆ دادەنرێت :

أ- لە ساڵی یەكەمی گەڕانەوەی كەمترین نمرەی دەرچوون (٢٠) نمرە و بەرزترین نمرەی دەرچوون (١٠٠) نمرە دەبێت تەنها لەخوێندنەوە و نووسین تاقیكردنەوە دەكات بەمەرجێك پرۆگرامی هاوپۆلەكانی بخوێنێت.

ب- لەساڵی دووەمی گەڕانەوەیدا كەمترین نمرەی دەرچوون (٣٠) نمرە دەبێت و بەرزترین نمرەی دەرچوون (١٠٠) نمرە دەبێت.

ت- لە ساڵی سێ یەم و چوارەمی گەڕانەوەیدا كەمترین نمرەی دەرچوون (٤٠) نمرە دەبێت و بەرزترین نمرەی دەرچوون (١٠٠) نمرە دەبێت.

پ- لەسەر داوای گرووپێك قوتابی /خوێندكاری گەڕاوە بۆ ئەوانەی نووسین و خوێندنەوەیان لاوازە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بۆی هەیە پۆلی بەرایی (تمهیدی) فێركردنی زمانی كوردی و عەرەبیان بۆ بكاتەوە، بۆ یەكەم ساڵی گەڕانەوەیان نمرەی لانی كەمی دەرچوون بۆ پۆلی بەرایی (٥٠) نمرەیە، نمرەی دەرچوونیان لە پۆلی بەرایی بە نمرەی ئەو ساڵە هەژماردەكرێت و بە ساڵێك لەو چوار ساڵە دائەنرێت.

ج- بۆ مەبەستی دەرچوون پێویستە ئەو نمرانە وەربگرن كە لە خاڵەكانی (أ- ب – ت-پ )ی سەرەوە دەستنیشانكراوە .

ح- گەڕاوەی وولاتانی عەرەبی بە ڕەگەز خەڵكی هەرێمی كوردستان بێت تەنها لە بابەتی كوردیدا خاڵی (٣) ی سەرەوە دەیگرێتەوە ئەمەش بە هۆی بڕوانامەی هێناویەتی دیاردەكرێت .

خ- هاتوانی ولاَتانی بیانی ( له نهتهوهی عهرهب ) ئهگهر به پیٚ ی بڕوانامهکانیان دهرکهوت زمانی عهرهبیان نهخوێندوه، خالَی دووهمی سهرهوه له کوردی و عهرهبیدا دهیانگرێتهوه ههر کاتێك قوتابخانهیهکی عهرهبیان ههڵبژارد، ئهمهش به هۆی ئهو بڕوانامهیهی هێناویهتی دیاردهکرێت.

د- گهراوهو هاتوانی وولاَتانی بیانی له پۆلهکانی ( ٧ تا ١٢ ) بڕوانامهکانیان لهوهزارهتی پهروهرده بهرابهر دهکرێت وله له پۆلهکانی ( ١ تا ٦ ) بنهرهت له بهڕێوهبهرایهتی گشتی پهروهرده به پیٚ ئهو بڕوانامانهی هێناوهتیان بهرابهردهکرێت بۆ ئهمهش خشتهی بهرابهرکردن له بهڕێوهبهرایهتی گشتی ئهزموونهکانهوه ئامادهکراوه و کاری لهسهردهکهن.

ژ- پێویسته ئهوانهی لهدهرهوهی پارێزگاکانی ههرێمهوه ( پارێزگاکانی عیراق ) هاتوونهوه ههرێم بڕوانامهکانیان راستاندنی بۆ بکرێت و له رۆژی هاتنیان بۆ ههرێم تۆمارکرابێت بۆ مهبهستی گونجاندنی لهگهڵ سیستهمی ههرێم.

٤- چۆنیهتی ههژمارکردنی نمره بۆ ئهوانهی له شارهکانی تری عیراق و وولاتانی دهرهوه دێنه ههرێم له قۆناغی بنهرهت.

أ- نمرهکانی نیوهی ساڵیان بۆ بکرێته نمرهی وهرزی یهکهم و تاقیکردنهوهکانی وهرزی دووهمیش لهو قوتابخانانه دهکهن که لهههرێم لیٚ ی وهرگیراون.

ب- نمرهکانی وهرزی یهکهم که لهگهڵ خۆی هێناویهتی لهگهڵ نمرهی وهرزی دووهمی وهك کۆششی ساڵانه بۆ ههژماردهکرێت.

ت- ههموو قوتابی/خوێندکارێك خوێندنی ( رۆژ ، ئێواران ، دهرهکی ) ههمان سیستهم دهیانگرێتهوه به پیٚ ی سیستهمی تایبهت به قۆناغی بنهرهتی.

٥ - قوتابی/ خوێندکاری دهرهکی به هیچ شێوهیهك له هیچ بابهتێك نابهخشرێت.

## ههشتهم: رێنمایی تهمهن بۆ خوێندنی رۆژ -ئێواران -ئههلی

قوتابی/خوێندکار مافی بهردهوام بوونی ههیه له خوێندنی رۆژ-ئێواران-ئههلی بهم جۆره:

١. مهرجی تهمهن رێگر نابێت لهخوێندنی ئههلی وبۆ ههموو پۆلهکان لهگهڵ رهچاوکردنی سیستهمی ئهو ناوهندهی ههڵدهبژێرێت .

٢. قوتابی/خوێندکاری رۆژ مافی بهردهوام بوونی ههیه لهخوێندنی رۆژ لهقۆناغی بنهرهت تا تهمهنی ( ١٦ ) ساڵ وه بههیچ جۆرێك دهرناکرێت. دوای ئهو تهمهنه ئهگهر دوو ساڵ لهسهر یهکتر لهخوێندنی رۆژ دهرنهچوو پێویسته ساڵی سیٚ یهم بچێته خوێندنی ئێواران یا بهرێگای دهرهکی وبه پیٚ ی رێنماییهکانی دهرهکی بهردهوام بێت.

٣. قوتابی/خوێندکار ئهگهر له خوێندنی ئێواران له ساڵی سێیهم دهرنهچوو پێویسته بچێته خوێندنی دهرهکی.

٤. قوتابی/خوێندکار دوای دهرچوونی له ساڵی سێیهم بهرێگای دهرهکی یا ئێواران بۆی ههیه بگهرێتهوه خوێندنی رۆژ لهو قوتابخانهیهی لێی دابڕاوه یاههر قوتابخانهیهکی تر ئهگهر تهمهن رێگرنهبێت.

٥. قوتابی/خوێندکار مافی دهوام کردنی ههیه لهبازنهی سیٚ یهمی قۆناغی بنهرهت له خوێندنی رۆژدا تا تهمهنی دهگاته ( ١٩ ) ساڵ تهنها لهو باره نهبێت که دوو ساڵ لهسهر یهکتر دهرنهچێت لهگهڵ رهچاوکردنی خاڵی ( ٢ ) ی سهرهوه.

## نۆیهم: گزی کردن له بازنهکانی ( دووهم و سیٚ یهم ) ی قۆناغی بنهرهتی

١. گزی کردن لهتاقیکردنهوهی نیوهی وهرز له وهرزی یهکهم یا دووهم لهههر بابهتێك ئهنجامدهرهکهی لهو تاقیکردنهوهیه سفری دهدرێتیٚ .

٢. ئهگهر له تاقیکردنهوهی کۆتایی وهرز له پۆلهکانی ( ٤ تا ٨ ) گزی بکات له خولی دووهم ئهو تاقیکردنهوهیه دوباره دهکاتهوه لهسهر ( ٧٠ ) نمره ههرچهند نمره وهربگرێت ههر ( ٥٠ ) نمرهی بۆ دادهنرێت.

٣. ئەگەر لە پۆلی نۆیەمی بنەرەتی لەتاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەهەر بابەتێك گزی بکات ئەوا لە هەفتەی یەکەمی وەرزی دووەم ئەو تاقیکردنەوەیە دوبارە دەکاتەوە ئەگەر لەویش گزی بکات ئەوا لە (٧٠) نمرەی ئەو تاقیکردنەوەیە سفری دەدرێتێ وتەنها نمرەی هەڵسەنگاندنی دەمینێتەوە وە بۆ وەرزی دووەمیش بەهەمان شێوە.

٤. لە خولی دووەمدا بۆ پۆلەکانی (٤ تا ٩) لە هەر بابەتێك گزی بکات ئەو ساڵەی بە دەرنەچوو بۆ هەژمار دەکرێت.

٥. لەتاقیکردنەوەی نیشتمانی، گزی لەیەك بابەت لەخولی یەکەم یا دووەم ئەنجامدەرەکەی لەو ساڵەدا بە دەرنەچوو هەژماردەکرێت.

٦. ڕێنمایی تایبەت بە گزی کردن بازنەی یەکەم ناگرێتەوە.

## دەیەم: لیژنەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە/خوێندنگەکان تایبەت بە قۆناغی بنەرەتی

لیژنەی تاقیکردنەوەکان ساڵانە پێك دەهێنرێت و بەم شێوەیە:
ئەنجوومەنی مامۆستایان ساڵانە لیژنەی تایبەت بە تاقیکردنەوکان بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەرو ئەندامیەتی یاریدەدەری کاروباری قوتابیان و دوو تاسێ مامۆستای تر دادەنێت هەموویان بەیەکەوە بەرپرسیارن لە سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان و ڕێکخستنی و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی و تۆمارکردنی نمرەکان لە تۆمارگەکاندا، ئەگەر لە قوتابخانە یەك یا دوو مامۆستا هەبوو ئەوانە بەرپرسیارن لە جێ بەجێ کردنی تاقیکردنەوەکان.

## یانزدەهەم: ڕێنمایی تایبەت بە ڕا پۆرتی پزیشکی

قوتابی/خوێندکار بە بێ پاساوێکی ڕەوا بۆی نییە لە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە ونیوە وەرزو کۆتایی وەرزەکان ئامادە نەبێت بەرەچاو کردنی ئەمانەی خوارەوە:

أ. پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەوە هەیە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە بڕیاری لە سەر دەدرێت.

ب. پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەی نیوەی وەرزەوە هەیە لە لایەن بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەت بڕیاری بۆ دەدرێت وە دوای هێنانی ڕا پۆرتی پزیشکی.

ت. تاقیکردنەوەکان لە بابەتەکانی کوردی و بیرکاری لە پۆلەکانی (٢ و ٣ )ی بازنەی یەکەم و(٤ تا ٨) ی بازنەکانی دووەم و سێ یەم ، بێجگە لە ڕا پۆرتی پزیشکی باوەرپێکراو هەموویان دەچنە خولی دووەم.

پ. قوتابی /خوێندکار ئەگەر نەخۆش بوو لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزەکان لە پۆلەکانی (١ تا ٨) پێویستە مۆڵەتی نەخۆشی لە لیژنەی پزیشکی تایبەت بە تەندروستی قوتابخانەیی ویان هەر بنکەیەکی تەندروستی ڕێگە پێدراو لەناوچەکە پێشکەش بکات وەك پاساو بۆ دووبارە تاقیکردنەوەی بۆ وەرزی یەکەم پاش تێپەربوونی یەك هەفتە لە دەستپێکردنەوەی دەوامی وەرزی دووەم ،وبۆ وەرزی دووەم پاش (٣) ڕۆژ لە کۆتایهاتنی تاقیکردنەوەکانی کۆتای ئەو وەرزە،ئەگەر قوتابی /خوێندکار لەکاتی دیاری کراودانەیتوانی تاقیکردنەوەکان بداتەوە ئەو تاقیکردنەوانە دەچێتە خولی دووەم .

ج.قوتابی/خوێندکاری پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ئەگەر مۆڵەتیان وەرگرت بەهۆی نەخۆشی یا هەر بارێکی تر لەوەرزی یەکەم یا دووەم ،دوای ماوەیەك تاقیکردنەوە دووبارە دەکەنەوە. بۆ وەرزی یەکەم لە هەفتەی یەکەمی دەست پێکردنی وەرزی دووەم وبۆ وەرزی دووەم لە هەفتەی یەکەمی دوای تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەم ئەمەش چونکە دەرچوون لەو پۆلەدا لەئەنجامی کۆکردنەوەی کۆششی ساڵانە و تاقیکردنەوەی نیشتمانی یە وەك لە ڕێنماییەکاندا هاتووە.

ح. لە خولی دووەمی تاقیکردنەوەکاندا ڕا پۆرتی پزیشکی و بەڵگەی نەهاتن لە قوتابی وەر ناگیرێت وە نەهاتن لە ئەزموونەکانی خولی دووەم بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێت لەبەر ئەوەی خولی سێ یەم لە تاقیکردنەوەکاندا نییە.

## دوانزەهەم :ڕێنمایی تاقیکردنەوەی نیشتمانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی تایبەت بە لیژنەی لقی پارێزگا

**سالآنە لە پۆلی نۆیەم تاقیکردنەوەی نیشتمانی ئەنجام ئەدرێت لەلایەن لیژنەی لقی پارێزگاکانەوە.بەسەرپەرشتی لێژنەی بالآی تاقیکردنەوە گشتیەکان وبەم ڕێنماییانە :**

١. تاقیکردنەوەی نیشتمانی تاقیکردنەوەیەکی گشتییە و سالآنە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانەوە لەسەر ئاستی پارێزگا ئەنجام ئەدرێت هەموو ئەو قوتابی /خوێندکارانەی نمرەی کۆششی سالآنەیان هەیە مافی بەشداریان هەیە لە تاقیکردنەوەی نیشتمانیدا.

٢. پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە بە شێوازی بابەتی و گشتگر دەبێت، ژمارەی پرسیارەکان ( ٥٠ ) پەنجا پرسیارە و بە شێوەی ( A ، B ) ڕێك دەخرێت بەجۆرێك کەسەلامەتی تاقیکردنەوەکە پارێزراو بێت بە پێ ی ئەو ڕێنماییانەی کە بەڕێوەباریەتی گشتی ئەزموونەکان دیاری دەکات،وە بە ئامێری ئەلیکترۆنی پشکنینی بۆی دەکرێت.

٣. هۆڵی تاقیکردنەوە بە دوو ڕیز( وەیا لەداهاتوودا زیاتر ) ڕێك دەخرێت پێویستە لەخولی یەکەم هۆلی ئەزموونی ڕێك بخرێت بەشێوەی ( A , B ) ولە خولی دووەمدا بەڕێوەبەری هۆڵ بەرپرسە لە دابەشکردنی ئەزموونەدران بە سەر دوو ریزدا و پرسیارەکان کە ( A , B ) ین بەسەریاندا دابەش بکات.

٤. کات وخشتەی تاقیکردنەوەی نیشتمانی سالآنەلەلایەن وەزارەتی پەروەردە ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان ) دیاردەکرێت ،بابەتەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە پێك دێت لە بابەتەکانی ( عەرەبی - کوردی – ئینگلیزی – بیرکاری – کۆمەلآیەتی – زانستەکان ، وە زمانەکانی تورکمانی و سریانی بۆ ئەوانەی دەیانگرێتەوە ).

٥. أ- دانانی پرسیار و بەرگ کردن و پاراستنی نهێنیەکانی ئەرکی لیژنەی لقی تاقیکردنەوەی پارێزگاکانە و هەموویان پێکەوە بە هاوبەشی لێ ی بەرپرسیارن
ب- بردنی پرسیارەکان بۆ پەروەردەی قەزاکان لەئەرکی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزایە ،لەگەڵ هەڵبژاردنی شێوازێکی گونجاو بۆ دابەشکردنیان بەسەر هولی ئەزموونیدا.

٦. بەرێوەبردنی تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە دانانی هۆل و بەرێوەبەر و یاریدەدەر و چاودێری و دابەش کردنی قوتابیان وخوێندکاران بەسەر هۆڵی تاقیکردنەوە لەئەرکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگایە بە هەماهەنگی لە گەڵ لیژنەکانی تاقیکردنەوەی قەزاکان.

٧. لەکاتی دانانی هۆڵی تاقیکردنەوەی نیشتمانی پێویستە لیژنەی لقی ڕەچاوی تایبە تمەندی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی بکات لە ژمارەی قوتابیانی هۆڵ و چاودێری کردنیان لەهوڵە هاوبەشەکاندا.

٨. ( ماوە )لەوبابەتانەی تاقیکردنەوەی نیشتمانی تیا ئەنجام دەدرێت، لەخولی دووەم تەنها تاقیکردنەوەی نیشتمانی لەو بابەتانە دەکەنەوە.

٩. ( ماوە ) لە بابەتەکانی ( ئاین , وەرزش , هونەر ) کە تاقیکردنەوەی نیشتمانی تیا ئەنجام نادرێت، لە خولی دووەمدا تاقیکردنەوەی ئەو بابەتانە ئەنجام دەدەنەوە لە قوتابخانەکانیان وە لە ڕۆژەکانی یەکەم و دووەمی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم بەکورترین ماوە ئەنجامەکانیان ڕەوانەی کۆنترۆلی نیشتمانی دەکرێت لە کۆنترۆلی پارێزگاکاندا.

١٠. پێویستە پێش دابەش کردنی ئەنجامەکان نمرەکان وردبینی بکرێت لە لایەن لیژنەکانی وردبینی کە لە لایەن پەروەردەکانەوە دەست نیشان دەکرێن وهەڵەکانیش لەسەر( CD ) ڕەوانەی کۆنترۆل بکرێت بۆ چاککردنەوەیان، دوای دابەش کردنی نمرەکان فێرخواز مافی پەڵپ گرتنی دەبێت بە پێ ی ڕێنماییەکان.

## سێ یانزەهەم : ڕێنماییەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی

١- پشکنین و وردبینی تێنووسە ئەزموونییەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی ( پەڕاوی سۆما ) بە ئامێری ئەلەکترۆنی ئەنجامدەدرێت بە پێی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەتی پەروەردە دەری دەکات .

٢- لەهەر پارێزگایەك لیژنەیەکی کۆنترۆڵ پێك دێت لە چەند سەرپەرشتیارێکی پسپۆری وکەسانی شارەزای کۆمپیوتەر کە ژمارەیان لە ( ٦ ) کەس تێپەر نەکات بە بەرێوەبەرەوە ، پێویستە دوو لەوانە شارەزایی تەواویان لەکۆمپیوتەر هەبێت .

٣- پەراوی سۆما بەگوێرەی ژمارەی قوتابی وەکو چەك دەدرێت بەبەرێوەبەری هۆلی ئەزموونی و پێویستە ئەو پەرانەی سۆمایی کەدەدرێت بەقوتابی/خوێندکار واژووی بەرێوەبەری هۆلی لەشوێنی دیاری کراو لەسەر بکرێت و زیادەکان بەژمارە ڕادەستی لیژنەی تاقیکردنەوە بکاتەوە وئەندامی تایبەت لەلیژنەی تاقیکردنەوەکان وواژو لەسەر وەرگرتنەوەی بکات.

٤- بەرێوەبەری هۆل و چاودێری کەرت لەهۆلی ئەزموونی بەرپرسیارن لە بەراورد کردنی پەڕەی سۆما لە کاتی وەرگرتنەوەی وەلامەکان لە قوتابی/خوێندکار بۆ دڵنیابوون لەجۆری ئەوپرسیارەی کە دابەش کراوە بە ( A , B ) لەگەڵ دووپات کردنەوە لە پرکردنەوەی ( ناو و بازنەکانی ناو هەروەها کۆد و بازنەکانی کۆد ).

٥- پەڕەی سۆما تەنها بە قەلەمی دار ( رصاص ) پڕدەکرێتەوە و بەرێوەبەر و چاودێر بەرپرسیارن لیّ ی.

أ- ئەگەر گزی ( غش ) ڕویدا پێویستە پەڕەی پرسیارەکان و پەڕەی سۆمایی ( کە بەگزی دانراوە ) بەیەکەوە ببەستێتەوە و بەرێوەبەری هۆل ئاماژە بەگزیّ کردنەکەبکات ولەگەڵ یاریدەدەر وچاودێری کەرتەکە وواژوی لەسەر بکەن ولەسەرەوەی بەستەکە دابنرێت.

ب- چاودێری کەرت بازنەی دیاری کراوی تایبەت بە گزی لەسەر پەڕەی سۆمایی بە ئاگاداری بەرێوەبەری هۆل و یاریدەدەرەکەی پڕدەکاتەوە بە قەڵەمی دار ( رصاص ).

٦- پێویستە لەکاتی نەهاتنی قوتابی/خوێندکار بازنەی تایبەت بەنەهاتن لەلایەن بەرێوەبەر و یاریدەدەری هۆل پر بکرێتەوە بە ( ١-ناو+بازنەکانی تایبەت بە ناو ، ٢-کۆد+بازنەکانی تایبەت بە کۆد ) بەقەلەمی دار.

٧- پەڕاوی سۆما دوای تەواو بوونی تاقیکردنەوەی هەر ڕۆژێك نهێنی دەکرێت و ڕەوانەی کۆنترۆلی پارێزگا دەکرێت دوای واژوو کردنی بەرێوەبەر و چاودێر لەسەر بەستەکەدا و لەویش بە پێی ڕێنماییەکان وەردەگیرێت و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت

٨- لە کۆنترۆلی پارێزگادا پەڕەی سۆما دەخرێتە ناو ئامێری ئەلەکترۆنی هەموو کێشەو گرفتەکان چارەسەر دەکرێت بە پێی ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن لیژنەی بالاوە دەردەکرێت.

٩- ئەنجامەکان بەگشتی لەگەڵ ئامارەکان لە کۆنترۆلی ناوەندی لە وەزارەتی پەروەردە وە رادەگەیێنرێت .

١٠- ئەندامانی کۆنترۆلی پارێزگاکان بەرپرسیارن لە چارەسەر کردنی هەموو کێشە و گرفتەکانی ئەو تاقیکردنەوەیە لە شارەکانیان وە کارەکانیان تەواو نابێت تا کارەکانی پەلپ گرتن تەواو دەبێت .

١١- پێویستە ناوی قوتابیان وخوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی لەلایەن قوتابخانەکانەوە لەسەر ( CD ) لەرێگای پەروەردەی قەزاکانەوە ڕەوانەی پەروەردەی گشتی بکرێت و لەوێشەوە بۆ سەنتەری تۆماری سەرەکی لەبەرێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و ئەم زانیاریانەی تێدابێت.

أ- پێویستە نمرەی کۆششی سالانە راستەخۆ لە دوای تاقیکردنەوەی هەر وەرزێك بە فۆنتی { ( Unicode ) وە بە پرۆگرامی ( Excel ) } لە لایەن پەروەردەی قەزاوە ڕەوانەی کۆنترۆلی پارێزگا دەکرێت بە ( CD ) و بەراگێشراوی .

**ب-کۆدی قوتابی/خوێندکار کەلە( ١٢ ) ژمارە دا ڕێکخراوە ( وێنەی خوارەوە ) و( ١٢ ) چوارگوشەی لەسەر پەڕەی سۆمایی لە خۆگرتووە و بەم جۆرە :-**

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | |
| دوو خانە بۆ ئەوەی ساڵەی کە تاقیکردنەوەی تیدەکات | | یەك خانە بۆ کۆدی پارێزگا | دوو خانە بۆ کۆدی قەزای سەر بە پارێزگا | | سێ خانە بۆ کۆدی قوتابخانەی سەر بەو قەزایە | | | چوارخانە بۆ ژمارەی قوتابییانی سەربەوقوتابخانەیە | | | |

**١٢- چونیەتی دانانی کۆدی قوتابی/خوێندکار خاڵی ١١ (أ-ب ) سەرەوە لەسەر پەڕەی سۆمایی لەژێر ناوی ( پێناسەی کەسی ID ) تۆمارکراو ە ئەو ( ١٢ ) خانەیە ی تیا وێنە کراوە . خانەکان بەم شێوەیە تەرخان کراون :**

**أ- خانەی یەکەم و دووەمی لەدەستی چەپەوە تەرخان کراوە بۆ ئەو ساڵەی تاقیکردنەوەی تێدا ئە نجام دەدرێت، خانەی یەکان و دەیانی ئەو ساڵەی لەسەر دادەنرێت.**

**ب- خانەی ( ٣ ) پارێزگا لەلای چەپەوە تەنها ژمارەی پارێزگای تیدا تۆمار دەکرێت لەسەر فۆرمەکە ،کۆدی پارێزگاکان بۆ قۆناغی بنەڕەتی ( هەولێر ( 1 ) ،سلیمانی ( 2 ) ،دهۆك ( 3 ) ،گەرمیان ( 4 ).**

**ت- خانەی ( ٤، ٥ ) تەرخان کراوە بۆ پەروەردەی قەزای ئەو پارێزگایە و بە پێ ی خشتەی ئامادەکراو لەلایەن پارێزگاوە بۆ قەزاکانی کەلە ( 01، 02، 03، ..........تا ژمارەی قەزاکانی ئەو پارێزگایە تەواو دەبێت ).**

**پ- خانەکانی ( ٦، ٧، ٨ ) تەرخان کراوە بۆ ژمارەی قوتابخانەکانی ئەو قەزایە کە بە پێ ی خشتەیەك لە ( 001 ,002, 003 ,004، ...هتد )ناوی قوتابخانەکەی ئەو ژمارەیە دەنوسرێت کە لەلایەن پەروەردە بۆ قوتابخانەکەیتەرخانکراوە.**

**ج- خانەکانی ( ٩، ١٠، ١١، ١٢ ) تەرخان کراوە بۆ جێگیر کردنی ژمارەی قوتابی/خوێندکاری قوتابخانەکەی کە لە ( 0001 ,0002, 0003 ,0004, ....تا دوا قوتابی )ئەگەرلە( ٩٩ ) قوتابی زیاتر بوو خانەی ( یەکان ودەیان وسەدان ) دەگرێت وە ئەگەر لە ٩٩٩ زیاتر بو هەرچوار خانە دەگرێت. ئەمەش لەلایەن قوتابخانەکەیەوە وەك ژمارە دەدرێت بە قوتابی. وە بەو پێ یە کۆدی قوتابی و خوێندکار بە پێ ی خاڵەکانی (أ، ب، ت، پ ،ج ) سەرەوە لەلای چەپەوە بۆ لای راست بە ژمارەی ئینگلیزی پردەکرێتەوە بۆ نموونە :**

**بۆ ساڵی خوێندن ( ٢٠١٣-٢٠١٤ ) لە خانەی یەکەم و دووەم ژمارەی یەکان و دەیانی ساڵی ( ٢٠١٤ ) دەنوسرێت کە دەکاتە ژمارە ( ١٤ )**

**وە بەو پێ یە ئەگەر پارێزگای هەولێر کۆدی ( 1 ) بێت.**

**قەزای مەرکەزی پارێزگا کودەکەی ( 0 1 ) بێت.**

**قوتابخانەی ژیاری بنەرەتی کۆدەکەی( 7 00 ) بێت.**

**قوتابی/خوێندکار ( شیلان محمد علی ) ئەگەر ژمارەی زنجیرەی لە پۆلەکەیدا ( 27 ) بێت کۆدەکەی دەبێتە ( 0027 ) و بەم شێوە کۆدەکەی دەبێتە :**

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 4 | 1 | 0 | 1 | 0 | 0 | 7 | 0 | 0 | 2 | 7 |

**١٣- پێویستە کۆدی قوتابی / خوێندکار ناوی سیانی بە ئینگلیزی لەسەر کارتی بەشداربوونی تاقیکردنەوەی نیشتمانی تۆمار بکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە/خوێندنگە بۆ ئەوەی لەکاتی پرکردنەوەی لەسەر فۆرمی سۆمایی هەڵەی تێدانەکات.**

١٤- پێویستە کۆدی قوتابی/خوێندکار و ساڵی خوێندن لەسەر کارتی بەشداربووان و بەووردی تۆمار بکرێت.

١٥- پێویستە بەرێوەبەری هۆڵ فۆرمێکی تایبەت بە بەرێوەچوونی تاقیکردنەوەکان ئامادە بکات و ئاماژە بە ژمارەی قوتابیان لە( ئامادەبووان ،نەهاتووان ،گزیکاران ) بکات وە ژمارەی تەلەفونەکەی خۆی و لەگەڵ بەستەی وەڵامەکان ڕەوانەی کۆنترۆل بکات.

١٦-أ- پێویستە هەموو پەرەی وەڵامدانەوەی سۆمای قوتابی /خوێندکار بکرێتە بەستەو بە لۆك كراوی بەژمارە ( بە پیٚ ی ڕێنماییەکانی ڕەوانە کردنی بەستە ) بنێردرێت بۆ لیژنەی تاقیکردنەوەکان لە پەروەردەی قەزا ولەوێوە بۆ سەنتەری پشکنین ( کۆنترۆلی پارێزگا ).

ب - پێویستە پەڕەی وەڵام ئەگەر دڕا یا شکێندرایەوە بەرێوەبەری هۆڵ پەڕەیەکی تر بدات بە قوتابی بۆ ئەوەی بەدەستی خۆی پڕبیکاتەوە و پەرە دڕاوەکە یا شکاوەکە دوای بەتاڵ کردنەوەی لەگەڵ پەرە ماوەکان بە ژمارە و بە واژوو بداتەوە بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان لە پەروەردەی قەزا .

١٧- پڕکردنەوەی وەڵامەکان لەسەر پەڕەی سۆما دەبیٚ بەقەڵەمی داربێت ( رصاص ) دەنا ئامێری ئەلیکترۆنی نایخوێنێتەوە وەنابیٚ هیچ جۆرە نوسینێکی زیادی لەسەربێت وە لەکاتی خستنە ناو ئامێری پشکنین پێویستە تێبینی ژمارە پەرەی سۆما و خوێندنەوەی ژمارەی سەر ئامێرەکان بکات بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵە.

١٨- نابێت بە هیچ جۆرێك دەسکاری لاگێشە رەشەکانی ( بارکود )ی سەرپەرەی سۆما بکرێت دەنا ئامێری ئەلیکترۆنی نایخوێنێتەوە.

١٩- پێویستە دواخشتەی کۆدی قوتابخانەو قەزا و پارێزگا لەلایەن پەروەردە گشتییەکانەو ڕێکبخرێت و بدرێت بە بەرێوەبەری هۆڵ وقوتابخانەکان بۆ کۆنترۆل کردنی پرۆسەی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان بە باشی.

## چەند ئەحکامیکی تایبەت بە قۆناغی بنەڕەتی

١- زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە گشت قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی/عێراقدا بە ئینتەرناشناڵ وئەهلیەکانیشەوە، هەردوو بابەتی زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی لە پاڵ زمانی کوردیدا دەخوێندرێت بەرێوەبەر بەرپرسە لیٚ ی.

٢- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بە زمانی دیکە جگە لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەخوێنن سەرەرای ئەو زمانانە تاقیکردنەوە لەو زمانەشدا دەکەن ئەگەر خۆیان بیانەوێت و وەزیری پەروەردە بۆی هەیە بڕیار بدات بابەتی دیکە بخاتە سەر بابەتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان.

٣-ئەو قوتابخانانەی بابەتەکانی زمانی سریانی و تورکمانیان تێدا دەخوێندرێت هەروەك بابەتەکانی تر بۆ دەرچوون مانەوە وکەوتن هەژمار دەکرێن.

٤-تاقیکردنەوە پۆلەکیەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە هەندیٚ بابەت ( هونەر و وەرزش )بە نوسینەکی و پراکتیکی دەبێت وە بە پێی ڕێنماییەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان بە راوێژ لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان .

٥- تاقیکردنەوەکانی کاردەستی لە پۆلەکانی ( ٧ ، ٨ ) ی کۆتایی وەرز ( ٣٠ ) نمرە بە نووسین و ( ٢٠ )نمرە پراکتیکی دەبێت هەردوو هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی نیوە وەرز وەکو بابەتەکانی تر دەبێت .

٦-قوتابی/خوێندکار بە بیٚ پاساوێکی ڕەوا بۆی نییە لە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە ونیوە وەرزو کۆتایی وەرزەکان ئامادە نەبێت بەرەچاو کردنی ئەمانەی خوارەوە:

أ. پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەوە هەیە لە لایەن مامۆستای

بابەتەوە بڕیاری لە سەر دەدرێت.

ب. پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەی نیوەی وەرزەوە هەیە لە لایەن بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەت بڕیاری بۆ دەدرێت وە نەخۆشەکان پێویستە را پۆرتی پزیشکییان هەبێت .

٧- ئەو قوتابی /خوێندکارانەی دوو ساڵ لە سەر یەك لە پۆلێکدا دەرناچن مافی دەوامیان لە قوتا بخانەی رۆژ نامێنێت، دەتوانن ساڵی سێیەم لە هەمان پۆلدا لەخوێندنی ئێواران درێژە بەخوێندن بدەن وەیان بە شێوەی دەرەکی بە پێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی هەمان پۆل بکەن.

٨- کاتی دیاری کراو بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەقۆناغی بنەرەت بۆ زمانەکان دوو کاتژمێر بۆ بابەتەکانی تر یەك و نیو کاتژمێر دەبێت.

٩-کاتی دیاری کراو بۆ تاقیکردنەوەی نیشتمانی لەسەر پەرەی پرسیار دیاری دەکرێت.

## تێبینیەکی گرنگ:

**هەموو ئەو نوسراوانەی تایبەت بەتاقیکردنەوەکانی قۆناغی بنەڕەتی کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییانەدا ناکۆکن کاریان پێ ناکرێت .**

# رێنمایی تاقیکردنەوەکانی
# قــــــۆنــــــاغی ئــامــــــــــادەیی

دواى پەسەند کردنی سیستەمی تاقیکردنەوەکان لەکۆنفرانسی پەروەردەیی،ڕۆژانی (١٥-١٦)/٢٠١١/١١/. و ئەو گورانکاریانەی لە ئە نجامی جیّ بە جیّ کردنی تا ساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣ هاتوونەتە سەری،ئەم سیستەمە کاری پێدەکرێت لە قۆناغی ئامادەیی و هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندیان بەتاقیکردنەوەی پۆلە ناکۆتاییەکان و تاقیکردنەوەگشتییەکانە وە هەیە بەم جۆرەی خوارەوە :

## یەکەم : بنەما سەرەکیەکانی قۆناغی ئامادەیی

### ١. قۆناغی ئامادەیی (بەشەکانی زانستی و ویژەیی)

أ- قۆناغی ئامادەیی پێك دێت لە پۆلەکانی (١٠، ١١ ، ١٢).

ب-هەر پۆلێکی ئەو قۆناغە لە دوو وەرزی خوێندن پێك دێت.

ت-کەمترین نمرەی دەرچوون (٥٠) نمرەیە و بەرزترین نمرەی دەرچوون (١٠٠) نمرەیە.

پ-بروانامەی قۆناغی ئامادەیی دەدرێت بە قوتابی/خوێندکار دوای بڕینی ئەو قۆناغە بەسەرکەوتووانە و بە پیّ ی رێنماییەکان بۆ مەبەستی خوێندن یا دامەزراندن.

ج-کۆششی ساڵانە پێك دێت لە کۆی هەردوو وەرزی هەرساڵێکی ئەو قۆناغە دوای دابەش کردنەوە بەسەر دوو دا.

ح-

❋ سیستەمی یەکە (Unit) بە پیّ ی خشتەی دابەشکردنی بەشەوانەی هەفتانە و دوای ئە نجامی کۆششی ساڵانە هەژماردەکرێت لە هەردوو پۆلی (١٠ ، ١١ )ی ئامادەیی.

❋ سیستەمی یەکە (Unit) هەژمارناکرێت بۆ ئەو بابەتانەی لە هەردوو وەرزی پۆلی (١٢) ئامادەیی دەخوێندرێت وتەنها بۆ ئەو بابەتانەی دەچنە تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی (١٢) (تاقیکردنەوەی بەکلوری) هەژماردەکرێت.

❋ لەبەر ئەوەی لەتاقیکردنەوەی گشتی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی بابەتەکانی عەرەبی و ئاین بەهەردووکیان (١٠٠)نمرەیان لەسەرە ،بۆیە لەو تاقیکردنەوەیەدا کۆی یەکەکانی ئەو دوو بابەتە بە (٥) پێنج یەکە دادەنرێت.

خ-ئە نجامەکانی کۆششی ساڵانەی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی تەنها بۆ مەبەستی بەشداریکردنە لە تاقیکردنەوەی گشتیدا.

د- ڕێژەیی (١٠٪) پۆلی دەیەم و (١٠٪) پۆلی یانزەهەم و (٨٠٪) پۆلی دوانزەی ئامادەیی لەو بابەتانەی دەچنە تاقیکردنەوەی گشتی وەردەگیرێت بۆ مەبەستی دەرهێنانی تێکرای نمرەی قۆناغی ئامادەیی ،ئەو نمرەیەش کێبرکی ی خوێندنی لە زانکو پە یمانگاکاندا لەسەر دەکرێت.

ژ- قوتابی /خوێندکار لە پۆلەکانی (١٠ و ١١ )ی ئامادەیی لە چەند بابەت مابێتەوە لە تاقیکردنەوە وەرزیەکاندا (لە خولی دووەم) تاقیکردنەوە دووبارە دەکاتەوە لەو بابەتانەی تیایدا ماوەتەوە لەسەر(٨٠) نمرە و (٢٠) نمرەی هەڵسەنگاندن دەخرێتەوە سەری.

### ٢. بەشە پیشەییەکان

أ- بروانامەی ئامادەیی پیشەیی لە بەشەکانی ( پیشەسازی - بازرگانی - کشتوکاڵ - مامانی- پەرستاری - ئیسلامی ) دەدرێت بەو قوتابی/خوێندکاری هەرسێ ساڵی ئەو قۆناغەیان سەرکەوتووانە بڕیوە.

ب-خوێندنی پیشەیی بە هەموو بەشەکانیەوە پێك دێت لە دوو وەرزی خوێندن.

ت-کۆششی ساڵانە لە پۆلەکانی ( ١ ، ٢ ، ٣ )پیشەیی پێك دێت لە کۆی هەردوو وەرزی خوێندن دوای دابەش کردنی بە سەر دوو دا.

پ- کەمترین نمرەی دەرچوون ( ٥٠ ) نمرەیە و بەرزترین نمرەی دەرچوون ( ١٠٠ ) نمرەیە.

ج-سیستەمی نمرە بە پێ بەشەکانی خوێندنی پیشەیی بۆ هەردوو کارامەیی (نووسینەکی و کردارەکی) لە داهاتوودا دادەرێژێت.

## دووەم : دابەش بوونی نمرەی وەرزی لەقۆناغی ئامادەیی بەشەکانی (زانستی و وێژەیی)

١. نمرەی هەردوو وەرز لە پۆلەکانی (١٠ ، ١١ )ی ئامادەیی کۆ دەکرێتەوەو دوای هەژمارکردنی یەکەی دیاری کراوی بابەت ودابەش کردنی بەسەر دوودا ئەنجامی دەرچوون یا دەرنەچوون لەو ساڵەدا دیار دەکات.

٢. نمرەی کۆششی ساڵانە لە پۆلی (١٢ )ی ئامادەیی تەنها بۆ مەبەستی بەشداری کردن دەبێت لە تاقیکردنەوەی گشتیدا.

٣. نمرەی تاقیکردنەوەی وەرز لە قۆناغی ئامادەیی دابەش دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠نمرە + | ٢٠ نمرە + | ١٠ نمرە + | ٦٠ نمرە = | ١٠٠نمرە |
| یەکەمی وەرز<br>هەڵسەنگاندنی نیوەی | نیوەی وەرز<br>تاقیکردنەوەی نووسینەکی | دووەمی وەرز<br>هەڵسەنگاندنی نیوەی | کۆتایی وەرز<br>تاقیکردنەوەی نووسینەکی | سەرجەمی نمرەی وەرزی |

٤. نمرەی هەڵسەنگاندن لە لایەن مامۆستای بابەتەوە دەدرێت و بەم جۆرە :

أ- تاقیکردنەوە بەرێگای کیوز .

ب- بەشداری لە چالاکی پۆل ، ئەوەی پەیوەندی بەبابەتەوە هەیە.

ت- ئەنجام دانی کاری کردارەکی (عملی) بە پێی بابەت و قۆناغ.

پ- هەر کارگێڕیەتیەك یا مامۆستایەك بۆی هەیە لێکۆڵینەوە (بحث) بە قوتابیان /خوێندکارانی ئەنجام بدات لە وەرزی یەکەم یا دووەم و لە هەڵسەنگاندنی ئەو وەرزدا نمرەی بۆ تەرخان دەکرێت.

## سێ یەم : وەرگرتنی مافی بەشداری لە تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی

١- قوتابی/خوێندکاری پۆلی (١٢)ی ئامادەیی (ڕۆژ-ئێواران-خوێندنی ئەهلی بە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە) مافی بەشداری بەدەست دێنێت لەتاقیکردنەوەی گشتی پۆلی (١٢ )ی ئامادەیی ئەگەر لە سێ بابەت و کەمتر لەکۆششی ساڵانەدا مابێتەوە. ٢-

أ- قوتابی/ خوێندکاری دەرەکی پۆلی (١٢) ئامادەیی بەرێگای تاقیکردنەوەی بەرایی مافی بەشداریکردن لەتاقیکردنەوە گشتییەکاندا بەدەست دێنێت ئەگەر دوای ئەنجامی کۆششی ساڵانە لەسێ بابەت و کەمترمابێتەوە.

ب- قوتابی/خوێندکاری دەرەکی تەنها لەو بارەدا بۆی هەیە بەشداری تاقیکردنەوەی بەرایی بکات ئەگەر پۆلەکانی (١٠ ، ١١) ی ئامادەیی سەرکەوتوانە بڕیبێت و نمرەی کۆششی ساڵانەی هەبێت.

ب- قوتابی /خوێندکاری دەرەکی پێویستە ناوی لە تۆماری گشتی قوتا بخانەدا تۆمار بکرێت وە بە نوسراوی قوتا بخانەکەی نمرەکانی هەردوو پۆلی (١٠ و ١١) ی ئامادەیی بۆ ئە نجامدانی تاقیکردنەوەی بەرایی پێشکەش بکات دوای بەدەست هێنانی دەرچوون لەو دوو پۆلەدا.

## چوارەم : سیستەمی یەکە لە قۆناغی ئامادەیی

١- أ- سیستەمی یەکە ( unit ) لە هەردوو پۆلی دەیەم و یانزەهەمی ئامادەیی،دوای ئە نجامی کۆششی ساڵانە پەیڕەو دەکرێت و تۆماری نمرەی وەرزی و ساڵانە بە پێی بەشەوانەی هەفتانە بۆ هەر بابەتێك ،ڕێك دەخرێت وەك لە خشتەی ژمارە (١، ٢) خوارەوە هاتووە :

ب- سیستەمی یەکە لە تاقیکردنەوەی گشتی ئامادەیی پەیرەو دەکرێت تەنها بۆ ئەو بابەتانەی دەچنە تاقیکردنەوەی گشتی (بەکەلوریا ).ئەو ئە نجامە لەگەڵ ئە نجامەکانی هەردوو پۆلی (١٠ ، ١١)ی ئامادەیی لە کۆنترۆل یەکدەخرێت بە پێ ی ئەو ڕێژانەی دیاری کراون ئە نجامی کۆتایی ڕادەگەیێنرێت.

خشتەی بەشەوانەی هەفتانە/ بەشی زانستی

| بابەت | پۆل 10 | پۆل 11 | پۆل 12 |
|---|---|---|---|
| یەکەی پێویست (unit) | | | |
| ئاین | 2 | 2 | 2 |
| کوردی | 4 | 4 | 4 |
| عربی | 4 | 4 | 4 |
| ئینگلیزی | 5 | 5 | 5 |
| بیرکاری | 6 | 6 | 6 |
| فیزیا | 4 | 4 | 4 |
| کیمیا | 4 | 4 | 4 |
| زیندەوەرزانی | 4 | 4 | 4 |
| وەرزش | 1 | 1 | 2 |
| کۆمپیوتەر | 1 | 1 | - |
| مافی مرۆڤ/دیموکراسی | 0.5 | - | - |
| جینۆساید | 0.5 | - | - |
| هونەر | 1 | 1 | 1 |

خشتەی ژمارە (١)

خشتەی بەشەوانەی هەفتانە/ بەشی وێژەیی

| بابەت | پۆل 10 | پۆل 11 | پۆل 12 |
|---|---|---|---|
| یەکەی پێویست (unit) | | | |
| ئاین | 2 | 2 | 2 |
| کوردی | 4 | 4 | 4 |
| عربی | 4 | 4 | 4 |
| ئینگلیزی | 5 | 5 | 5 |
| بیرکاری | 3 | 3 | 3 |
| مێژوو | 3 | 3 | 3 |
| جوگرافیا | 3 | 3 | 3 |
| ئابوری | 2 | 3 | 3 |
| فەلسەفە | - | 2 | - |
| وەرزش | 2 | 2 | 2 |
| کۆمەڵناسی | 2 | - | - |
| کۆمپیوتەر | 2 | 2 | - |
| مافی مرۆڤ/دیموکراسی | 0.5 | - | - |
| جینۆساید | 0.5 | - | - |
| هونەر | 2 | 2 | 1 |

خشتەی ژمارە (٢)

٢- أ-خاڵی (١- أ،ب) ی سەرەوە قوتا بخانە/خوێندنگە ئەهلیەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەگرێتەوە ، ئەوانەی بە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە دەخوێنن بەهەر زمانێك بێت.

ب- خاڵی (١- أ،ب) ی سەرەوە قوتابی/خوێندکاری دەرەکیش دەگرێتەوە.

### ٣- ڕێنمایی تایبەت بەخشتەی ژمارە (١ ، ٢) ی سەرەوە:

أ- خشتەی ژمارە (١، ٢) بە پێ ی بەشەوانەی هەفتانە لە لایەن ب. گ. پرۆگرامەکانەوە ئامادەکراوە.

ب- هەر كاتێك ب. گ. پرۆگرامەكان گۆڕانكاری لە بەشەوانەی بابەتێك بكات، یەكەی ئەو بابەتە بە پێ ی ئەو گۆڕانكاریە هەژمار دەكرێت .

ت- بابەتەكانی وەرزش و هونەر بە (١) یەك یەكە (Unit) هەژماردەكرێت لە پۆلەكانی (١٠، ١١) ی قۆناغی ئامادەیی.

پ- یەكەی بەشە وانەكانی خوێندنی ئێواران بە پێ ی خشتەی بەشە وانەكانی خوێندنی ئێواران دەبێت كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام وچاپەمەنییەكان دابەشیان كردووە لەگەڵ ڕەچاوكردنی خاڵی (ت) سەرەوە ئەگەر ئەو بەشە وانانە بخوێنن .

قوتابخانەی/ خوێندنگەی:..................... کۆدەکەی: ..........................
ژمارەی تۆماری گشتی:.................................. زمانی خوێندن:....................

ئەنجامی ئەزموونەکانی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی /بەشی زانستی /خوێندنی بەهرەداران بۆ ساڵی ( 201 - 201 )

| بابەت | خولی یەکەم: نمرەی وەرزی یەکەم: هەڵسەنگاندنی یەکەم | تاقیکردنەوەکان | هەڵسەنگاندنی دووەم | تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز | نمرەی کۆتایی وەرز | نمرەی وەرزی دووەم: هەڵسەنگاندنی یەکەم | تاقیکردنەوەکان | هەڵسەنگاندنی دووەم | تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز | نمرەی کۆتایی وەرز | ئەنجامی خولی یەکەم | خولی دووەم: نمرەی وەرزی یەکەم: هەڵسەنگاندنەکان | تاقیکردنەوە | ئەنجامی کۆتایی | نمرەی وەرزی دووەم: هەڵسەنگاندنەکان | تاقیکردنەوە | ئەنجامی کۆتایی | ئەنجامی کۆتایی دوای (خ2) | پێنج نمرەی بڕیار | ژمارەی یەکە | ئەنجامی بابەتەکان دوای هەژماری یەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 10 | 20 | 10 | 60 | 100 | 10 | 20 | 10 | 60 | 100 | 100 | 20 | 80 | 100 | 20 | 80 | 100 | 100 | | | |
| ئایین | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 2 | |
| کوردی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 4 | |
| عەرەبی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 4 | |
| ئینگلیزی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 5 | |
| بیرکاری | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 6 | |
| فیزیا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 4 | |
| کیمیا | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 4 | |
| زیندەزانی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 4 | |
| کۆمپیوتەر | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 1 | |
| تورکمانی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| سریانی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| وەرزش | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 1 | |
| هونەر | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 1 | |
| ت. نێودەوڵەتی | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | 1 | |

تێکڕا = ئەنجام دوای هەژماری یەکە / ژمارەی یەکەکان = ...... / 37

=

ڕێژەی (10٪) =

| | |
|---|---|
| ئەنجامی (و1) | |
| ئەنجامی (و2) | |
| ئەنجامی (خ1) | |
| ماوەی نمرەی بڕیار | |
| ئەنجامی (خ2) | |
| بابەتی پەڕینەوە | |
| ئەنجامی کۆتایی | |

ناوی یاریدەدەر و واژوو بەروار/ / / 201 ناوی بەڕێوەبەر و واژوو مۆر



تۆماری ناونوسکردنی گشتی قۆناغی ئامادەیی / بەشی زانستی / خوێندنی بەهرەداران

کۆد و بەش و ساڵ | ژمارەی تۆمار | ژمارەی لاپەڕە | زمانی خوێندن

| ناوی چواری قوتابی/خوێندکار | ژ. مۆبایلی بە خێوکەر / ژ. مۆبایلی ق/خ | شوێنی نیشتەجێبوون: پارێزگا | شارۆچکە | گەڕەك | ژمارەی خانوو | شوێن و مێژووی لە دایك بوون: پارێزگا | ڕۆژ | مانگ | ساڵ | ڕەگەز | ڕەگەزنامە | پێناسەی باری شارستانی: ژ. تۆمار | ژ. لاپەڕە | ژ. پێناسە | ئەو شوێنەی لێی تۆمار کراوە | ئەو قوتابخانەی لێی هاتووە | ژمارەو بەرواری بڕوانامە | ئەو پۆلەی لێی وەرگیراوە | بەرواری دەوام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ

نمرە و ئەنجامی ساڵانی دەرچوون بۆ قۆناغی ئامادەیی

دەیەمی ئامادەیی (201 - 201)

| بابەت | یەکە | نمرە | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ئایین | 1 | | |
| کوردی | 4 | | |
| عەرەبی | 4 | | |
| ئینگلیزی | 5 | | |
| بیرکاری | 6 | | |
| فیزیا | 4 | | |
| کیمیا | 4 | | |
| زیندەوەرزانی | 4 | | |
| ماف ودیموکراسی | 0,5 | | |
| جینۆساید | 0,5 | | |
| کومپیوتەر | 1 | | |
| وەرزش | 1 | | |
| هونەر | 1 | | |
| ت . نێودەوڵەتی | 1 | | |
| کۆی یەکەکان | | کۆ ئەنجام | |
| تێکڕای ساڵی خوێندن | | | |
| ئەنجام | | | |
| ناوی بەڕێوەبەر | | | |
| واژوو | | | |
| ناوی یاریدەدەر | | | |
| واژوو | | | |

یانزدەهەمی ئامادەیی (201 - 201)

| بابەت | یەکە | نمرە | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ئایین | 2 | | |
| کوردی | 4 | | |
| عەرەبی | 4 | | |
| ئینگلیزی | 5 | | |
| بیرکاری | 6 | | |
| فیزیا | 4 | | |
| کیمیا | 4 | | |
| زیندەوەرزانی | 4 | | |
| کومپیوتەر | 1 | | |
| وەرزش | 1 | | |
| هونەر | 1 | | |
| ت . نێودەوڵەتی | 1 | | |
| کۆی یەکەکان | | کۆ ئەنجام | |
| تێکڕای ساڵی خوێندن | | | |
| ئەنجام | | | |
| ناوی بەڕێوەبەر | | | |
| واژوو | | | |
| ناوی یاریدەدەر | | | |
| واژوو | | | |

(12 ئامادەیی (بەکەلۆریا)) (201- 201)

| بابەت | یەکە | نمرە | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| کوردی | 4 | | |
| عەرەبی و ئایین | 5 | | |
| ئینگلیزی | 5 | | |
| بیرکاری | 6 | | |
| فیزیا | 4 | | |
| کیمیا | 4 | | |
| زیندەوەرزانی | 4 | | |
| تورکمانی | | | |
| سریانی | | | |
| کۆی یەکەکان | | کۆنەنجام | |
| تێکڕای نمرەی تاقیکردنەوەی گشتی | | | |
| ئەنجام | | لە خولی | |
| ناوی بەڕێوەبەر | | | |
| واژوو | | | |
| ناوی یاریدەدەر | | | |
| واژوو | | | |

(12 ئامادەیی (بەکەلۆریا)) (201- 201) یان چاکردنی تێکڕا

| بابەت | یەکە | نمرە | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| کوردی | 4 | | |
| عەرەبی و ئایین | 5 | | |
| ئینگلیزی | 5 | | |
| بیرکاری | 6 | | |
| فیزیا | 4 | | |
| کیمیا | 4 | | |
| زیندەوەرزانی | 4 | | |
| تورکمانی | | | |
| سریانی | | | |
| کۆی یەکەکان | | کۆ ئەنجام | |
| تێکڕای نمرەی تاقیکردنەوەی گشتی | | | |
| ئەنجام | | لە خولی | |
| ناوی بەڕێوەبەر | | | |
| واژوو | | | |
| ناوی یاریدەدەر | | | |
| واژوو | | | |

| | |
|---|---|
| تێکڕای ساڵی خوێندنی پۆلی دەیەم × (10٪) = | |
| تێکڕای ساڵی خوێندنی پۆلی یانزدەهەم × (10٪) = | |
| تێکڕای تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی دوانزدە ئامادەیی × (80٪) = | |
| کۆی تێکڕای پۆلەکانی سێ ساڵی ئامادەیی (10+11+12) = | |

نمرە و ئەنجامی ساڵانی کەوتن

| بابەت | پۆل / 201 - 201 | پۆل / 201 - 201 | پۆل / 201 - 201 | پۆل / 201 - 201 |
|---|---|---|---|---|
| ئایین | | | | |
| کوردی | | | | |
| عەرەبی | | | | |
| ئینگلیزی | | | | |
| بیرکاری | | | | |
| فیزیا | | | | |
| کیمیا | | | | |
| زیندەوەرزانی | | | | |
| ماف و دیموکراسی | | | | |
| جینۆساید | | | | |
| کومپیوتەر | | | | |
| تورکمانی | | | | |
| سریانی | | | | |
| وەرزش | | | | |
| هونەر | | | | |
| ئەنجام | | | | |
| ناوی بەڕێوەبەر | | | | |
| واژوو | | | | |
| ناوی یاریدەدەر | | | | |
| واژوو | | | | |

نمرەی بابەتەکانی پەرینەوە

| بابەت | پۆل / 201 - 201 | پۆل / 201 - 201 | پۆل / 201 - 201 | پۆل / 201 - 201 |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |

تێبینیەکان

## شەشەم: نمرەی بڕیار لە قۆناغی ئامادەیی پۆلەکانی (١٠، ١١)

١-تەنها پێنج (٥) نمرەی بڕیار دەدرێت بۆ چارەسەری نمرەی تراز (حرج) و دەخرێتە سەر ئەنجامی کۆششی ساڵانەی بابەتەکان لە خولی یەکەمدا وەك لە ڕێنماییەکاندا هاتووە هەرکاتێك پێویستی پێ ی بێت.

٢-قوتابی/ خوێندکار مافی هەیە سود لە (٥) نمرەی بڕیار وەربگرێت لە خولی یەکەمدا بۆ مەبەستی دەرچوون .

٣-ماوە لەو (٥) نمرەیە لە خولی دووەمدا سوودی لێ وەردەگیرێت لە هەمان ساڵدا.

٤-(٥) نمرەی بڕیار سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ مەبەستی پەڕینەوە هەرکاتێك پێویستی پێ بێت،هەروەها بۆ هەردوو بابەتی کوردی و عەرەبیش بۆ گەڕاوەکان و هاتووانی دەرەوەی هەرێم بە پێ ی زنجیرەی ساڵەکان وەك لە ڕێنماییەکاندا هاتووە.

٥-دوای بەدەستهێنانی نمرەی دەرچوون لەگشت بابەتەکان مافی پەڕینەوەی پێ دەدرێت ئەگەر لەیەك بابەت نمرە(٤٠) و بەسەرەوەی هەبێت و تەنها بۆ پۆلەکانی (١٠ ، ١١) ئامادەیی لە خولی یەکەم یا دووەم وهیچ نمرەیەکی ماوەی بڕیار ناچێتە سەر ئەو ئەنجامە.

٦- قوتابی/خوێندکار ئەگەر بابەتی پەڕینەوەی هەبێت مافی خۆیەتی سوود لە ماوەی نمرەی بڕیاری ئەو ساڵە وەربگرێت کە لەو بابەتە تیایدا ماوەتەوە .

## حەوتەم:بابەتی پەڕینەوە لە قۆناغی ئامادەیی

١. قوتابی/ خوێندکار لە پۆلەکانی (١٠ ، ١١) ی ئامادەیی بە دەرچوو هەژماردەکرێت ئەگەر لە یەك بابەت مایەوەو (٤٠) نمرە و زیاتری بەدەستهێنا بێت لە خولی یەکەم یا دووەم ، بەڵام ئەگەر لە خولی دووەم لە یەك بابەت مابێتەوە (٣٩) نمرە وکەمتری بەدەستهێنا بێت بە پەڕینەوە دەچێتە پۆلێکی سەروتر وە پێویستە ساڵانی دواتر ئەو بابەتە پڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی بە دەرچوو هەژمار بکرێت.

٢. بۆی هەیە لەو ساڵەیدا سوود لە نمرەی بڕیار وەربگرێت بۆ ئەو بابەتەی لە (٤٠) نمرە کەمتری هەیە ئەگەر تەنها یەك بابەتی مابووە بۆ ئەوەی بگاتە نمرەی دەرچوون.

٣. بۆ هەردوو بابەتی (مافی مرۆڤ و دیمكراسی + جینوساید) بەم جۆرە ڕەفتار دەکرێت.

أ- ئەگەر لەهەر کام وەرزدا لەخولی یەکەم یا دووەم وەلە هەربابەتێکیان (٣٩) نمرەو کەمتری بەدەست هێنابێت ئەوە بە پەرینەوە دەچێتە پۆلێکی سەروتر بە مەرجێك لە بابەتەکانی تردا نەکەوتبێت .

ب- دەرنەچوون لە یەك لەو دوو بابەتە لەگەڵ بابەتێکی تردا ئەو ساڵەی بەدەرنەچوو بۆ هەژماردەکرێت.

ت- هەردووبابەت بەیەکەوە بۆ مەبەستی پەرینەوە بەیەك بابەت هەژماردەکرێت.

## هەشتەم: چاککردنی تێکرا

مەرجەکانی چاککردنی تێکرا :

أ- ڕێژەی (٢٠٪) نمرەکانی هەردوو پۆلی (١٠ ،١١)ی ئامادەیی وەکو خۆی دەمێنێتەوە و دەچێتە سەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی گشتی هەر ساڵێکیان کە هەڵیدەبژێرێت.

ب- پێویستە دەرچووی ساڵی یەکەم وخولی یەکەم بێت وبە تێکرای (٨٠٪) و زیاتر واتە کۆ نمرەی تاقیکردنەوەی گشتی لە حەوت بابەتەکە (٥٦٠) نمرە و بەسەرەوە بێت .

پ-لە زانکۆ یە پەیمانگاکاندا وەرنەگیرابێت و نابێت زانکو لاین پڕبکاتەوە .

ح-تەنها بۆ یەك ساڵ بە شێوەی دەرەکی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکانی ئامادەیی دەکات .

خ-قوتابی /خوێندکار سەرپشك دەبن لەهەڵبژاردنی نمرەکانی یەکێك لەو دوو ساڵانەیان، وئەگەر نمرەکانی ساڵی دووەمی هەڵبژارد ئەوا(٢١) نمرەی کێبڕکێ ی بۆ وەرگرتن لەزانکۆ و پەیمانگاکاندا نادرێتی .

ج- پێویستە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن داواکاری لەرێگای پەروەردەکەیەوە پێشکەش بکات.

ز-ئەگەر لە پۆلەکانی (١٠ ، ١١) ی ئامادەیی بابەتی پەرینەوەی هەبێت ، پێویستە پڕیان بکاتەوە و نمرەی هەڵسەنگاندنی ئەو دوو پۆلە وەك خۆی دەمێنێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی پڕیان دەکاتەوە.

ر- نابێت لە پۆلەکانی (١٠ ، ١١) ی ئامادەیی بابەتی پەرینەوەی هەبێت.

## نۆیەم: گـــــزی کردن لە قۆناغی ئامادەیی

١- گزی لە هەر بابەتێك لە تا قیکردنەوەی نووسینەکی نیوەی وەرزەکاندا سفری دەدرێتێ لەو بابەتە.

٢- گزی لە تا قیکردنەوەی نووسینەکی کۆتایی وەرز سفری دەدەرێتێ ،لەخولی دووەمدا لەو بابەتە لە سەر (٨٠) نمرە تاقیکردنەوە دووبارە دەکاتەوە و لە کاتی دەرچووندا هەرچەند نمرە وەربگرێت تەنها (٥٠) ی بۆ هەژمار دەکرێت بە نمرەی هەڵسەنگاندنیشەوە.

٣- گزی لە یەك بابەت لە تاقیکردنەوەی خولی دووەمدا ئەنجامدەرەکەی بە دەرنەچوو هەژماردەکرێت لەو ساڵەدا.

٤- گزی لە یەك بابەت لەتاقیکردنەوەی گشتی ئامادەیی لەخولی یەکەم یان دووەم ئەنجامدەرەکەی لەو ساڵەدا بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێت و پێویستە ساڵی دواتر لە هەموو بابەتەکان تاقیکردنەوەکە دووبارە بکاتەوە بە پێی ڕێنماییەکان.

٥- لەهەر ساڵێك گزی لەبابەتی پەرینەوە ڕوو بدات هەر لەو بابەتە سفری دەدرێتێ وە ساڵی دواتر هەرچەند نمرە بەدەست بهێنێت هەر (٥٠) نمرە بۆ دادەنرێت بە نمرەی هەڵسەنگاندنیشەوە.

٦-قوتابی/خوێندکاری یەك بابەتی و دوو بابەتی ئەگەر گزی بکات لەتاقیکردنەوەی گشتیدا بەدەرنەچوو هەژمار دەکرێت لەو ساڵەدا و پێویستە ساڵی دواتر بەرێگای تاقیکردنەوەی بەرایی لە هەموو بابەتەکان مافی بەشداربوون بەدەست بهێنێتەوە.

## دەیەم / تاقیکردنەوەکانی قوتابی / خوێندکاری گەڕاوە بۆ هەرێم/ تایبەت بە قۆناغی ئامادەیی لەبابەتەکانی کوردی و عەرەبی بۆ قوتابخانەکانی حکومی و ئەهلی و ئینتەرناشناڵ

١) بۆ سوود وەرگرتن لەم ڕێنماییە پێویستە لەو وولاتەی لێ ی گەڕاوەتەوە سێ ساڵی خوێندبێت و پۆلی بڕی بێت وبە پێی ئەو بڕوانامەیەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتیەوە پۆلی بۆ دیاری دەکرێت، وە کەمتر لەسێ ساڵ ئەو ڕێنماییە نایگرێتەوە

٢) لەکاتی گواستنەوەی گەڕاوەکان بۆ هەر قوتابخانەیەك پێویستە لە بڕوانامەی گواستنەوەیدا ئاماژە بەساڵی گەڕانەوە بکرێت و بە پێچەوانەوە بەڕێوەبەر بەرپرسە لێ ی.

٣) لە ساڵی یەکەمی گەڕانەوەی قوتابی و خوێندکار نمرەی دەرچوون (٢٠)نمرە دەبێت و تەنها لە خوێندنەوەو نووسین تاقیکردنەوە دەکات ، وبەرزترین نمرەی دەرچوون ١٠٠ نمرەیە .

٤) لە ساڵی دووەمی گەڕانەوەیدا کەمترین نمرەی دەرچوون (٣٠) نمرە دەبێت و بەرزترین نمرەی دەرچوون (١٠٠) نمرە یە.

٥) لە ساڵی سێ یەم و چوارەمی گەڕانەوەیدا کەمترین نمرەی دەرچوونی (٤٠) نمرە دەبێت و بەرزترین نمرەی دەرچوون (١٠٠) نمرە یە.

٦) خاڵەکانی (١ ،٢، ٣ ، ٤ ، ٥ )ی سەرەوە مەرجی بەشداربوون دەبێت لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا بە پێ ی زنجیرەی ساڵە دیاریکراوەکان. واتە بۆ بەشداری لە تاقیکردنەوەی گشتی ئەگەر گەڕاوە ساڵی یەکەم بوو ئەوا پێویستە (٢٠) نمرەی هەبێت بۆ وەرگرتنی مافی بەشداری وە ئەگەر دووەم ساڵی بێت بۆ وەرگرتنی مافی بەشداری کردن پێویستە (٣٠) نمرە هەبێت ، ساڵانی سێ یەم وچوارەم پێویستە (٤٠) نمرەی هەبێت ئەگەر هەر ساڵێك لەو چوار ساڵە گەیشتبێتە پۆلی (١٢)ی ئامادەیی لەتاقیکردنەوەی گشتی دەبەخشرێت.

٧) لە ساڵی پێنجەم و شەشەمی گەڕانەوەیدا دەبێت نمرەی (٥٠) بۆ دەرچوون بەدەست بهێنێت ئەگەر هەر ساڵێك لەو دوو ساڵە بەشداری تاقیکردنەوەی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی بکات ئەو نمرەیەی بەدەستی دەهێنێت بۆ کێبڕکێی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگەکاندا هەژمار ناکرێت. دوای شەشەم ساڵ وەك قوتابی/ خوێندکاری ئاسایی نمرەکانی کوردی و عەرەبی هەژمار دەکرێت بۆ کێبڕکێی وەرگرتن.

٨) گەڕاوەی وولاتانی عەرەبی و دەرەوەی هەرێم لەعێراقدا تەنها لە بابەتی کوردیدا ئەم ڕێنماییە بە پێی بڕگەکانی خاڵەکانی (١ تا ٧ )ی سەرەوە دەیانگرێتەوە .

٩) قوتابخانە/خوێندنگاکان بۆیان نیە بەبێ بەرابەر کردنی بڕوانامە گەڕاوەکان یاهاتووان بۆ هەرێم وەربگرن و بەڕێوەبەر بەرپرسە لێ ی.

١٠) بەڕێگای پەروەردەکانیان بۆیان هەیە قوتابی/خوێندکاری عیراق وەربگرن بە پێ ی بڕوانامەکانیان وە پێویستە ڕاستاندنیان بۆ بکرێت وبەڕێوەبەر بەرپرسە لێ ی.

١١) ڕێژەی لە (١٠٪) ی نمرەی پۆلەکانی ( ١٠ ، ١١ ) ی بۆ گەڕاوەکان تەنها بۆ ئەوانە هەژماردەکرێت کە لە پۆلی (١٠) و پێشتر لەخوێندنگاکانی هەرێم بەردەوام بووە، ئەوانەی لە پۆلی ( ١١ ، ١٢ ) گەڕاونەتەوە تاقیکردنەوکانیان لە (١٠٠) نمرە دەکەنەوە.

١٢) ئەوانەی لە پۆلی (١٠) یەم گەڕاونەتەوە و بۆ مەبەستی هەژمارکردنی ڕێژەی (١٠٪ ) لە بابەتەکانی کوردی و عەرەبی وە یا تەنها کوردی بە پێ ی زنجیرەی ساڵەکانی گەڕانەوەیان ئەگەر نمرەی دەرچوونیان بەدەست هێنا ئەو نمرەیەیان بۆ بگەێنرێتە نمرەی (٥٠) کە نزمترین نمرەی دەرچوونە لەگەڵ ڕەچاو کردنی خاڵەکانی (١ ، ٢ ) سەرەوە .

١٣) ئەو گەڕاوانەی یەك ساڵی بەرایی ( تمهیدی ) لەقوتابخانەکانیان دەخوێنن بە یەکێك لەو چوار ساڵە هەژماردەکرێت دەرچونیان لەسەر (٥٠) نمرە دەبێت خاڵی (١٢) سەرەوە نایانگرێتەوە.

## یانزەهەم: لیژنەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەو خوێندنگاکان / تایبەت بە قۆناغی ئامادەیی

١) لیژنە ی تاقیکردنەوەکان بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەرو ئەندامێتی یاریدەدەری کاروباری قوتابیان و چوار مامۆستای تر کەدەستەی مامۆستایان دەستنیشانیان دەکات بۆسەرپەرشتی کردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی هەردوو وەرزی ساڵ وخولی دووەم و بەرێوەچوونی بەباشترین شێوە ودەرهێنانی نمرەکانی کۆتایی وتۆمارکردنیان لەتۆمارەکان وڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە بە شێوەی نووسینەکی تیادا ئاستی قوتابیان و پێش کەوتنیان دەستنیشان دەکات، ئەو لیژنەیە پێکەوە بەرپرسیارن لە پاراستنی نهێنیەکانی تاقیکردنەوەکان وهەر هەڵەیەك لە ئەنجامەکانی.

٢) پێویستە ئەنجامەکان لە قۆناغی ئامادەیی بە کارت و مۆر ی قوتابخانە بدرێتەوە بە قوتابی/خوێندکار وەهەر گۆڕانکارییەك لەئەنجامدا بەبێ بڕیاری لیژنەی لێکۆلینەوە نەبێت ڕێگای پێنادرێت ولیژنەی سەرەوە پێکەوە بەرپرسیارن لە هەڵەکان.

٣) خاڵی ( ١ ، ٢ ) ی سەرەوە ئەو قوتابخانە ئەهلیانەش دەگرێتەوە کە پڕۆگرامی هەرێم دەخوێنن.

## دوانزدەهەم: ئەرکەکانی لیژنەی تاقیکردنەوە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان

١) وەرگرتنی پرسیارەکانی خولی دووەم لەگەڵ پرسیارەکانی خولی یەکەم بەمۆر کراوی بەداخراوی لەمامۆستای بابەت پاراستنی نهێنیەکانیان و لیژنەی تاقیکردنەوەکان پێکەوە بەرپرسیارن لێ ی.

٢) بەدواداچوون وسەرپەرشتی کردنی دانانی وەلامی نموونەیی بۆهەموو بابەتەکان ودابەشکردنی نمرە بەسەرپرسیار ولقەکانی .

٣) نهێنی کردنی تێنووسە ئەزموونییەکان لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزەکان.

٤) سەرپەرشتیکردنی وردی ئەنجامدانی پشکنین و هەژمارکردنی نمرەکان بە پێی وەلامە نموونەییەکان.

٥) ڕاگەیاندن و دابەشکردنی ئەنجامەکان بە پێ ی ڕێنماییەکان .

٦) تۆمارکردنی نمرەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی هەردوو وەرز و کۆششی ساڵانەی خوێندکاران و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و ناردنیان بە شێوەی نووسراو بۆ دایبابەکان

٧) ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی گشتگری ساڵانەی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان کە تیایدا ئاستی قوتابیان وخوێندکاران و ئاماری تایبەت بەئەنجامەکان و پەیوەندییان بە پرۆسەی فێرکارییەوە بەراوورد کرابێت.

## سیانزەهەم: چەند ڕێنماییەکی تایبەت بە پۆلە ناکۆتاییەکانی قۆناغی ئامادەیی

١- تاقیکردنەوەکان بە پێی تایبەتمەندێتی بابەتەکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بە نووسین و زارەکی و پراکتیکی ئەنجام دەدرێن.

٢- هەڵسەنگاندنەکان وتاقیکردنەوەی نیوەی وەرز لەلایەن مامۆستای بابەتەکانەوە ئەنجام دەدرێن،بەلام تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز بۆ پۆلە ناکۆتاییەکان لە لایەن ئەو لیژنانەوە سەرپەرشتی دەکرێن کە بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە و ووردبینی پێکهاتوون بە پێ ی سیستەمی ئامادەیی،بێ جگە لەو دەرەکیانە گێشتوونە ( ١٢ )ی ئامادەیی کە بە پێ ی ڕێنمایی دەرەکی بەشداری تاقیکردنەوە دەکەن .

٣- دەستەی مامۆستایان چەند لیژنەیەك لە مامۆستاکانی پسپۆڕی بابەت یا ئەو پسپۆڕییانەی نزیکن لە یەکترەوە پێك دەهێنێت ، وە لەنێو خۆیاندا یەکێك بە سەرپەرشتیاری هەر لیژنەیەك دەستنیشان دەکەن. ئەم لیژنانە بە هاوکاری ئەندامانی هەڵدەستن بە ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکان و پشکنینی تێنووسەکان و دەرهێنانی کۆ نمرەکانیان و هاوکاری بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی ساڵانە . هەروەها ئەو لیژنانە لە کۆتایی ساڵدا ڕاپۆرتێك پێشکەش بە دەستەی مامۆستایان

دەكەن دەربارەی لایەنە باش و خراپەكانی ئەم تاقیكردنەوەیە.

٤-ئەگەر لە بابەتێك یەك مامۆستای پسپۆڕ هەبوو ئەوا ئەویان پرسیار دادەنێت و ئەگەر زیاتر بوون ئەوا پێكەوە پرسیاری هەر وەرزێك دادەنێن و هەموویان بەرپرسیارن لە پاراستنی ئەو نهێنییەدا.

٥- هەر خوێندكارێك دوو ساڵ لە سەر یەك لە پۆلێكدا دەرنەچوو مافی دەوامی لە قوتابخانەوخوێندنگەی رۆژدا نامێنێت وە ئازادن ساڵی سێیەم لە هەمان پۆلدا لە خوێندنی ئێواران درێژە بە خوێندن بدەن وە یا بە شێوەی دەرەكی بەشداری لە تاقیكردنەوەكاندا بكات ئەگەر ساڵی دواتر ئەو پولەی بڕی بۆی هەیە بگەڕێتەوە خوێندنی رۆژ بە مەرجێك تەمەن رێگر نەبێت.

٦- ئەو قوتابخانانەی بابەتەكانی زمانی سریانی و توركمانیان تێدا دەخوێندرێت لەگەڵ بابەتەكانی تر هەژمار دەكرێت بۆ مەبەستی رێژەی دیاری كراو لەگەڵ هەژماركردنی یەكەی پێویست ، بە پێ ی بەشەوانەی دیاری كراوی هەفتانە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەكان.

## چواردەهەم: چەند ئەحكامیكی تایبەت بەو قوتابی /خوێندكارانەی لە شارەكانی تری عێراق دێنە هەرێم.

١. سەبارەت بەو قوتابی / خوێندكارانەی لەشارەكانی تری عیراق دێنە هەرێم نمرەكانی نیوەی ساڵیان بكرێت بە نمرەی وەرزی یەكەم وە تاقیكردنەوەكانی وەرزی دووەمیش لەقوتابخانەكانی خۆیان ئە نجام بدەن ئەگەر قوتابی لە وەرزی دووەم هاتە هەرێم.

٢. ئەگەر نمرەی نیوەی ساڵ یا وەرزی یەكەمی نەبوو لەبەر هۆیەكی لەناكاو ( حالات طارئة ) لەو كاتەدا بۆی هەیە تاقیكردنەوەی وەرزی یەكەم لە خولی دووەم ئە نجام بداتەوە بە مەرجێك پێش دەست پیّ كردنی وەرزی دووەم بێت.

٣. هەموو قوتابی و خوێندكارێك كە بەردەوام بێت لەخوێندنی ( رۆژ ، ئێواران ، دەرەكی ) ئەم رێنماییانە دەیانگرێتەوە لەبواری پەرینەوە و دەرچوون و دەرنەچوون هەریەكەو بە پێی سیستەمی تایبەت بە قۆناغی ئامادەیی.

٤. ئەو قوتابی و خوێندكارانەی دوو ساڵ لەسەر یەكتر دەرناچن جگە لەوانەی قۆناغی بنەڕەت كە تەمەنیان لە ( ١٦ ) ساڵ كەمترە و دەرناكرێن ئەوانەی تر هەر هەموویان ئازادن لەوەی بۆ ساڵی سێ یەم دەچنە خوێندنی ئێواران ویان بەرێگای دەرەكی و بە پیّ ی رێنماییەكان بەشداری ئەزموونەكان دەكەن.

**پانزدەهەم: دەكریّ هەندیّ رێنمایی و روونكردنەوە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەكانەوە بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی بەندەكانی ئەم سیستەمە دەربكرێن لە كاتی پێویستداو بە راوێژ لەگەڵ وەزیری پەروەردە.**

## تێبینیەكی گرنگ:

هەموو ئەو نوسراو و رێنماییانەی تایبەتن بەتاقیكردنەوەكانی قۆناغی ئامادەیی كە پێشتر كاریان پیّ كراوە پوچەڵ دەكرێنەوە و لەگەڵ راگەیاندنی ئەم سیستەمەدا كاریان پیّ ناكرێت.

# ڕێنماییەکانی
# تایبەت بەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ )

### یەکەم : لێژنەی باڵای بەردەوامی ئەزموونە گشتییەکان

بە پێ بەندی ٤٩-چوارەم لەسیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکانی بڕیاردراو لەساڵی ٢٠٠٩ لێژنەی باڵای بەردەوامی ئەزموونەگشتیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدهێنرێت :

١- بە فەرمانی بەڕێز وەزیری پەروەردە لێژنەیەك پێكدەهێنرێت بە سەرۆكایەتی بریكاری وەزارەت كە پێ ی دەوترێت ( لێژنەی باڵای ئەزموونەگشتییەكان )دواتر پێی دەوترێت ( لێژنەی باڵای بەردەوامی ئەزموونەگشتییەكان ) وبەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەكان دەبێتە جێگری سەرۆكی لێژنەی باڵا وكەسێكی شارەزاش لە لێژنەكە دەبێتە بڕیاردەری ئەو لێژنەیە.

٢- ئەندامانی لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان لە كەسێ پسپوری شارەزالە بواری ئەزموونەكان وسەرپەرشتیارانی پسپۆری ئەو بابەتانەی دەچنە تاقیكردنەوە گشتییەكان پێكدێت كەناسراوبن بە كەسانی خاوەن توانا و بە ئەزموون ولێهاتوو وكارامە ودەستپاك لە بواری پەروەردەدا وە ڕاژەی خزمەتیان لە ١٥ساڵ كەمتر نەبێت ، خاوەن ڕابردوویەكی پاك بن لەبواری ئەزموونەكان .

٣- ئەندامانی لێژنەكە پێكەوە بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەزموونە گشتییانە و دانانی پرسیارەكانی و پاراستنی نهێنییەكانی ودەرهێنانی ڕێنماییەكانی ڕێكخستن و بەڕێوەبردنی ئەزموونەگشتییەكان لەسەرانسەری هەرێم ، وراگەیاندنی ئە نجامەكانی وودەرهێنانی ئامارەكانی، وكارەكانی ئەو لێژنەیە بە كاری سەرەرایی ( بەدەرایی – استثنائي ) دادەنرێت جیا لەكاری فەرمانبەری ئاسایی.

٤- لێژنەیەكی پسپۆری و هونەری بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی كۆنترۆلی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بەبڕیاری سەرۆكی لێژنەی باڵا ساڵانە پێك دەهێنرێت بەرپرسن لە بەرێبردنی ئیش و كارەكانی ئەو كۆنترولە لە هەردوو خولدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئە نجامەكان و ئاماری پێویست.

٥- لێژنەی كارا ساڵانە پێك دەهێنرێت لە چوار ئەندام بۆ ئیش و كاری تاقیكردنەوەكان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەكان.

## دووەم :-

### لیژنەی لقی پاریزگا بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی و سەرپەرشتی کردنی تاقیکردنەوەگشتییەکان.

١- سالانە بەفەرمانی لیژنەی بالای ئەزموونەگشتییەکان لیژنەی لقی لە هەر پاریزگایەك پیکدهینریت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تاقیکردنەوەی نیشتمانی پۆلی نۆیەمی بنەرەت وەك لەرینماییەکاندا هاتووە.

٢-أ- ئەو لیژنەیە پیکدیت لە بەریوەبەری گشتی پەروەردەی پاریزگا سەرۆك و یاریدەدەری بەریوەبەری گشتی بۆ کاروباری تاقیکردنەوەکان و بەریوەبەری سەرپەرشتی پەروەردەیی و دلنیایی جۆری و بەریوەبەری تەکنیکی بۆ کاروباری تاقیکردنەوەکان و فەرمانبەریکی شارەزای ئەزموونەکان (کە ناسراو بیت بە دلسۆزی و دەست پاکی و گیانی بەرپرسیارێتی) ئەندامانی ئەو لیژنەیە دەبن،ئەو لیژنەیە دەست بەکار نابن تا ئەو کاتەی لیژنەی بالای ئەزموونەگشتییەکان پەسەندی دەکات لەگەل رەچاو کردنی ئەوەی هیچ یەکیك لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەشدارنین لە تاقیکردنەوە گشتییەکان .

ب- دوو سەرپەرشتیاری پسپۆری دادەنریت بۆ وردبینی کردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی و چاپ و بەرگ کردنی پرسیارەکان و ئەوانە ئەندام نابن لە لیژنەی لقی.

٣-هەموو ئەو ئەرکانەی لەئەستۆی لیژنەی بالایە بۆ مەبەستی دانانی پرسیار و پاراستنی نهێنییەکانیان و دەرهێنانی رینماییەکانی ریکخستن و بەریوەبردنی ئەزموونەنیشتمانیەکانی لەسەر تاسەری پاریزگاکەی دەکەویتە ئەستۆ،ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەیەکەوە بەرپرسیارن وکارەکانی لیژنە بە کاری سەرەرایی جیالەکاری فەرمانبەری ئاسایی دادەنریت.

٤- لیژنەی لقی لە پاریزگا بەرپرسە لە دانانی چاودیرو یاریدەدەرو بەریوەبەری هۆلەکانی ئەزموونەگشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی و بە هاوکاری لەگەل لیژنەی تاقیکردنەوەی قەزاکان لەگەل پاراستنی نهێنییەکانی ئەو ئەزموونە و هەموو ئەو ئەرکانەی کە لە لیژنەی بالاوە فەرمانیان پی دەکریت وەك لە رینماییەکانی ژمارە (١٠) دەست نیشان کراوە.

٥-سالانە بۆ هەر قەزایەك لیژنەیەك بە ناوی (لیژنەی سەرپەرشتی تاقیکردنەوەی قەزاکان) پیك دەهینریت بۆ مەبەستی را پەراندنی کاروباری تاقیکردنەوەکان لە سنوری ئەو قەزایە وەك لە رینماییەکاندا هاتووە.

٦- أ- سالانە لیژنەی کارا لە پینج ئەندام پیکدەهینریت بۆ یارمەتی دانی لیژنەی لقی تاقیکردنەوەکان لە بەریوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پاریزگا.

ب- سالانە لیژنەی کارا لە پینج ئەندام پیکدەهینریت بۆ یارمەتی دانی لیژنەی تاقیکردنەوەکانی مەلبەندنی لە پەروەردەکانی ناو پاریزگاکاندا.

ج- سالانە لیژنەی کارا لە سێ ئەندام پیکدەهینریت بۆ یارمەتی دانی لیژنەی تاقیکردنەوەکانی پەروەردەی قەزا.

## سێ یەم: لیژنەکانی تاقیکردنەوەکان :

لیژنەکانی تاقیکردنەوەکان لە هەر قوتابخانە/خویندنگایەك سالانە پیك دەهینریت بە پێ ی سیستەمی قوتابخانە بنەرەتییەکان و ئامادەییەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەیی و تاقیکردنەوەکانی کۆتایی هەردوو وەرز بە هەردوو خولییەوە ودەرهێنانی تیکراکان ، بە سەرۆکایەتی بەریوەبەر وئەندامییەتی یاریدەدەری کاروباری قوتابیان وچوار مامۆستا کە لەلایەن ئەنجوومەنی مامۆستایان دەستنیشاندەکرین لەکۆبوونەوەی یەکەمی سەرەتای دەستپیکردنی

دەوامی قوتابخانەکان ئەو لیژنەیە پێکەوە بەرپرسیارن لە پاراستنی نهێنییەکانی تاقیکردنەوەکان و هەر هەڵەیەك لەئەنجامەکانی :

## ١- ئەرکەکانی لیژنەی تاقیکردنەوە ئەمانەن:

أ- وەرگرتنی پرسیارەکانی خولی یەکەم و دووەمی هەردوو وەرز و پاراستنی نهێنییەکانیان.

ب- نهێنی کردنی تینوسەکانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی هەردوو وەرز بە هەردوخولیەوە ئەوەش بەریگای دانانی ژمارەی نهێنی و یان بە داخستنی ناوەکان و بەستنی بە هۆی کەتیرە یان بە هەرهۆیەکی تر بێت کە لیژنەی تاقیکردنەوەکان باوەریان پێ هەبیت .

ت- کۆکردنەوەی نمرەکان و دەرهێنانی تێکراکان ووردبینی ئەنجام و تۆمار کردنیان لە تۆمارەکان و کارتی نمرەکان .

پ- دابەش کردنی ئەنجامی ئەزموونەکان بە سەر قوتابیان دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك بە شێوەی نووسینەکی ولەسەر کارتی مۆر کراو بەمۆری قوتابخانە وخوێندنگا وواژووی بەرێوەبەر لەگەڵ نووسینەوەی ئەو ئەنجامانە لە تۆماری تایبەت و وەرگرتنی ئیمزای قوتابی وخوێندکار, و لیژنە پێکەوە بەرپرسیارن لەهەر هەڵەیەك رووبدات لەو راگەیاندنە.

ج- پێویستە ئەنجامەکان لە قۆناغی ئامادەیی بە کارت و مۆری قوتابخانە بدرێتەوە بە قوتابی/خوێندکار وەهەر گۆرانکارییەك لەئەنجامدا بەبێ بریاری لیژنەی لێکۆلینەوە نەبێت رێگای پێنادرێت ولیژنەی سەرەوە پێکەوە بەرپرسیارن لە هەڵەکان.

ح- ئەو لیژنەیە مافی چاودێری کردنی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی و تۆمارکردنی نمرەکانی هەڵسەنگاندنەکان و تاقیکردنەوەی نیوە وەرزو وکۆکردنەوەیانی هەیە لە کاتی خۆیدا وبە بێ دواکەوتن

خ- نابێت بە هیچ شێوەیەك رەشکاری و گۆرین لە تۆمارەکان و کارتی نمرەکان دا هەبێت وئەگەر هەر هەڵەیەك رووی دا ئەوا دەبێت چارەسەر بکرێت بە دووبارە نووسینەوەی نمرەکە بە مەرەکەبی سوورو بەرێوەبەریش لە تەنیشت گۆرینەکە واژووی بکات .

د- تۆمارکردنی نمرەکان دەبێت بە مەرەکەبی شین بێت و ناکرێت بە پێنووسی رەنگی ویان وشك ( قلم جاف ) تۆماربکرێت.

ژ- پسوولەکانی ژمارە نهینیەکان هەڵدەگیرێت لە تورەگەیەکی تایبەت و ناوی بابەت و پۆلی لەسەردا دەنووسرێت( ئەگەر هەبوو ).

ر- لیژنەی تاقیکردنەوەکان پێکەوە بەرپرسیارن لە رێکی بەرێوەچوونی تاقیکردنەوەکان و بریاردان لە کێشەی گزی ( قۆپیە ) کردن ( ئەگەر هەبوو ) وریکی ئەنجامەکانی.

ز- دڵنیا بوون لەوەی کە پشکنەران ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی وردو دادوەرانە ئەنجام داوە بە پێداچوونەوەی هەندێك لەو تێنووسانە پێش ئاشکرا کردنی ناوەکانیان بۆ وەستان لەسەر راستی دەستنیشان کردنی هەڵەکان و دانانی نمرەکان لەسەر پرسیار و واژووکردنیان .

س- قوتابی / خوێندکار تا ماوەی ( ١٠ ) رۆژ بۆ خولی یەکەم ( ٧ ) رۆژ بۆ خولی دووەم بۆی هەیە پەلپ بگرێت لە ئەنجامەکانی لە روژی دوای راگەیاندنیان.

## ٢ – خشتەی تاقیکردنەوەکان :

أ- خشتەی تاقیکردنەوەکان ساڵانە لە لایەن لیژنەی تاقیکردنەوەکان لەماوەی ( ١٠ )رۆژ پێش دەستپێکردنی رێك دەخرێت و رادەگەیێنرێت وتیایدا بابەتەکان بەروون و ئاشکرایی دیاردەکرێت .

ب- پۆل یەك یەکەیە و دابەش ناکرێت ( ناکرێت پۆلێك لە بابەتێك بە دوو جۆرە پرسیار تاقیکردنەوە بکەن )لە ئەزموونە نوسینەکییەکاندا و نابیت بۆ هەر هۆبەیەکی پۆلێك بابەتێك لە خشتەکاندا دابنرێت وە: ( پۆلی هەشتەمی( أ ) بیرکاری

هەبێت و ( ب ) کۆمەڵایەتی هەبێت ) و پرسیارەکانی یەك پۆل پێویستە هاوبەش بێت ژمارەی قوتابی و خوێندکاران هەر چەندبێت وە لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی هەردوو وەرزو خولی دووەم لە یەك دەوامدا دەوام بکەن وە لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن .

ت- بابەتە سەرەکی وگرنگەکان بەسەر هەموو ڕۆژەکاندا دابەش دەکرێن و ناکرێت هەر هەموویان لە ڕۆژانی یەکەمدا بن و ڕۆژەکانی کۆتایش بابەتە لاوەکییەکان دابنرێن بۆ نموونە بە بابەتی نیگار و وەرزش وسرود پربکرینەوە لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەوەی بابەتی هەردوو وەرز پێویستە لە دوو ڕۆژی جیاواز بێت .

پ- تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم لە کاتژمێری هەشت و نیوی بەیانی دەست پێ دەکات و کۆتایی وەرزی دووەمیش لە کاتژمێر هەشتی بەیانیەوە لە قوتابخانەی دوو دەوامی وسێ دەوامییەکانیش بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بەراویژ لەگەڵ سەرپەرشتیاری کارگێری کاتەکان ڕێك دەخەن بە نووسراوی فەرمی ئاگاداریان دەکەنەوە.

## ٣ – هۆڵەکانی تاقیکردنەوە :

أ- شوێنی دانیشتنی قوتابی دیار دەکرێت بە ناو نووسین و ژمارەی ئەزموونی لەسەر شوێنی دانیشتنی کە پێویستە ئەوەندە لە یەکتر نزیك نەبن کە بواری قوپیە وگواستنەوە بدات .

ب- نەخشەی هۆڵ بە ڕێك و پێکی ڕێکدەخرێت و شوێنی قوتابی تێدا دەست نیشان دەکرێت بە نووسینی ناو و ژمارەی ئەزموونی وبەشەکەی و پۆلەکەی لەسەر نەخشەی تایبەت بە هۆڵ .

ت- وێنەیەك لە نەخشەی هۆڵ هەڵدەواسرێت لە پێش دەرگای هۆڵەکە و وێنەیەکیش دەپارێزرێت بۆ بەکار هێنانی لەکاتی پێویست بۆ چارەسەرکردنی گێشەکان.

## ٤ – چاودێـــری لە پۆلە ناکۆتاییەکان :

أ- خشتەی چاودێری بە شێوەیەکی ڕوون ودادوەرانە لە لایەن لێژنەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە / خوێندنگاکان وبە ئامانجی سەرخستنی ئەزموونەکان ڕێك دەخرێت وپێویستە مامۆستای چاودێری لێ ئاگاداربکرێتەوە پێش هەفتەیەك وە بە واژوو و پێویستە تا ڕۆژی ئەزموونەکان زانیاری لەسەر دابەشبوونی کەرتەکان بەنهێنی بمێنێتەوە ، پێویستە هەموو ڕۆژێك شوێنی چاودێر بگۆردرێت و لە یەك شوێن نەبیت جگە لەوبوارانەی کە بەرژەوەندی گشتییە .

ب- مامۆستای چاودێر هەموو ڕۆژێك تێنووسە ئەزموونیەکان لە لێژنەی ئەزموونی وەردەگرێت بە ژماردن پاش دڵنیا بوون لە مۆری قوتابخانەی سەر تێنووسەکان وە بە واژوو لە تۆماری تایبەت کە پێویستە لەگەڵ تێنووسە ئەزموونییەکان بپارێزرێت وهەروەها دەیگەڕێننەوە بە ژماردن بۆ هەمان لێژنە وە بەهەمان شێوە.

ت- سەرۆکی لێژنەی ئەزموونەکانی قوتابخانە لەسەر تینووسەکانی تاقیکردنەوە ئیمزا دەکات و مۆری قوتابخانەکەی لێدەدات پێش ئەوەی بدرێتە چاودێر ، ئینجا مامۆستای چاودێر بە سەر قوتابیانی دابەش دەکات ، دوای لێدانی زەنگی دووەمی تاقیکردنەوەکان دەست بە دابەشکردنی پرسیارەکان ویان نووسینەوەیان دەکرێت.

پ- چاودێری تاقیکردنەوەکان ئەرکێکی پیرۆزە پێویستە مامۆستای چاودێر گرنگی تەواوی پێبدات .

ج- ژمارەی چاودێر بۆ پۆلە ناکۆتاییەکان بە ڕێژەی ( ١ ) چاودێر بۆ ( ٢٠ ) قوتابییە و نابێت ژمارەی چاودێران لە یەك هۆڵدا لە دوو چاودێر کەمتر بن .

## ٥– نەهاتن لەکاتی ئەزموونەکاندا :

أ- قوتابی/خوێندکار نەهاتوو بە درێژایی ڕۆژانی ئەزموونەکان ناویان لە تۆمارێکی تایبەتی تۆمار دەکرێت و مامۆستای چاودێر بەرامبەر ناوەکان وواژو دەکات و ئەو تۆمارە دەپارێزرێت وەك تۆمارەکانی تر ، نەهاتووەکانیش لە تۆماری دەوامی ڕۆژانەدا تۆمار دەکرێن .

ب- هیچ خوێندکارێك به بێ پاساوێکی ڕەوا بۆی نییه له تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانه و نیوەی وەرز و کۆتایی وەرز و هەڵسەنگاندنەکان ئامادە نەبێت وە بەم شێوەیە :

* پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەو هەڵسەنگاندنەکان هەیە لە لایەن مامۆستای پسپۆڕەوە بڕیاری لە سەر دەدرێت.
* پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەی نیوەی وەرز و کۆتایی وەرزەوە هەیە لە لایەن بەڕێوەبەر و لیژنەی تاقیکردنەوەکان بڕیاری بۆ دەدرێت.

## ٦- ڕاپۆرتی پزیشکی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا

أ- ڕاپۆرتی پزیشکی لەقۆناغی ئامادەیی کاری پێ ناکرێت و قوتابی ماوە پێویستە لەخولی دووەم ئەو تاقیکردنەوەیە دووبارە بکاتەوە.

ب- **قوتابی /خوێندکارانی پۆلی (٩) ی بنەرەت ئەگەر مۆڵەتیان وەرگرت لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم یان دووەم ، لەبەر ئەوەی پێویستە تێکرای کۆششی ساڵانەیان هەبێت پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی نیشتمانی ، بۆیە پێویستە ڕاستەوخۆ پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی هەر وەرزێك بە چەند ڕۆژێك وە بە پێ ی خشتەیەکی تایبەتی قوتابخانەکان تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجام بدەنەوە و کۆششی ساڵانەیان بۆ دەربهێنن و بخرێتە سەر ئەنجامەکانیان.

ت- قوتابی /خوێندکاری قوناغی بنەرەتی لە پۆلەکانی (١ تا ٨) بە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتی پزیشکی مۆڵەتی پێدراو، بۆی هەیە لەهەفتەی دوای تاقیکردنەوە نوسینەکیەکانی نیوەی وەرز یا کۆتای وەرز داوای تاقیکردنەوە بکاتەوە ومافی خۆشێتی ئەگەر بۆ خولی دووەم دوای بخات.

پ- لە خولی دووەمی تاقیکردنەوەکاندا ڕاپۆرتی پزیشکی و بەڵگەی نەهاتن لە قوتابی وەر ناگیرێت وە نەهاتن لە ئەزموونەکانی خولی دووەم بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێت لەبەر ئەوەی خولی سێ یەم لە تاقیکردنەوەکاندا نییە .

ج- ڕاپۆرتی پزیشکی وەرناگیرێت بۆ هەڵسەنگاندنەکان و تاقیکردنەوەکانی نیوە وەرزەکان تەنها ئەوانە نەبێت کەلە مەڵبەندی تەندروستی قوتابخانەی ویان دەزگا تەندروستییە فەرمییەکان دەردەچێت لەو شوێنانەی کە مەڵبەندی تەندروستی قوتابخانەیی تیادا نەبێت .

ح- پێویستە قوتابی/ خوێندکاری نەخوش پێش دەست پێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزەکان نوسراوی فەرمی لەبەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە/خوێندنگە وەربگرێت بە پێچەوانەوە بە نەهاتوو دەژمێردرێت و سفری بۆ دادەنرێت لەو تاقیکردنەوەیەدا.

خ- نابێت قوتابی لە ڕۆژانی مۆڵەتی نەخۆشی کە( ڕاپۆرتی پزیشکی فەرمی هەبێت ) بەشداری لە تاقیکردنەوەکاندا بکات .

د- ئەگەر قوتابی ڕۆژێك بەشداری لە تاقیکردنەوەکاندا کرد و ئینجا ڕاپۆرتی پزیشکی لەو ڕۆژەدا وەرگرت ئەوا تاقیکردنەوەی ئەو ڕۆژەی بۆ دەژمێردرێت ودووبارە ناکرێتەوە ، وڕاپۆرتەکەی بۆرۆژەکانی دوای ئەو تاقیکردنەوە کاریگەر دەبێت وسوودی لێ وەردەگرێت.

ژ- ئەگەر قوتابی یەکێك لە کەس وکاری پلەی یەکەمی واتە( دایك، باوك،برا،خوشك ،منداڵ ، مێرد ، ژن ) مردن و مردنەکەش لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزەکان بێت ویان ڕۆژێك دوو ڕۆژ پێش تاقیکردنەوەکان بێت ئەوە ماوەی (٤) ڕۆژ بۆ قوتابی خوێندکار بە مۆڵەت دادەنرێت ٠

ر- ڕاپۆرتی پزیشکی باوەری پێ ی دەکرێت بۆ قوتابییە نابیناکان و دەبێتە بنچینە بۆ بەخشین لە تاقیکردنەوەی بابەتەکانی (بیرکاری - ئەو پرسیارە بیرکارییانەی لە بابەتەکانی تردا دێن - ئەوانەی وەڵامەکانیان بە وێنەیە -

دابەشکردنی ئەلکترۆنەکان لە کیمیادا ( لـە هاوکێشـە کیمیـایی نابەخشـرێن ) - فونۆتیـك لـە زمـانی ئینگلیزیـدا ) بەمەرجێك پلەی نابینینی ( درجة العجز في الرؤية ) لەلایەن لیژنەی پزیشکی تایبەت بە ( ٩٠٪ ) و بەسەرەوە کرابێت.

ز- ئەو قوتابی /خوێندکارانەی پۆلەکانی ( ١٠ ، ١١ ، ١٢ ) کە راپۆرتی نەخۆشی ناکاویان هەیە لە لیژنەی پزیشکی تایبەت و نەیانتوانی لەخولی دووەمی تاقیکردنەوەکان بەشداری بکەن ، ئەوە بە پێی رێنماییەکان و مەرجەکانی ساڵی نەکەوتن ئەو ساڵەیان بۆ دەکرێت بە ساڵی نەکەوتن.

## ٧ – تێنووسە ئەزموونیەکان ( الدفاتر الامتحانيه ) بۆ پۆلە ناکۆتاییەکان :

أ- تێنووسە ئەزموونیەکان لە دێنیکی ( عەمبارێکی )داخراو دەپارێزرێت کەس بۆی نیە بیکاتـەوە تـەنها سـەرۆکی لیژنـەی تاقیکردنەوەکان نەبێت وە یا ئەو کەسەی بەفەرمی پیٚ ی سپێردراوە .

ب- هەموو تێنووسە ئەزموونیەکان وخشتەکانی تایبەت بە نمرەکان وخشتەی دابەش کردنـی پرسـیار بەسـەر لیژنـەکان و پسولەکانی ناو و ژمارە نهێنیەکانی تاقیکردنەوەکان دەپارێزرێت بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شـەش مـانگ دواتـر لـە ناودەبرێت پاش وەرگرتنی رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان / کاروباری تەکنیکی و بە رێگای لیژنەیـەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

ت- بەهیچ جۆرێك رێگە نادرێت تێنووسە ئەزموونەکان ببردرێتە دەرەوەی قوتابخانە/خوێندنگاکان.

## ٨- دارشتنی پرسیارەکانی پۆلەناکۆتاییەکان :

أ- دووجۆرە پرسیار بەیەك ئاست بـۆهەردووخـولی یەکەم ودووەمی کۆتایی وەرزەکان دادەرێژرێن لەلایەن ئەولیژنانـەی لە خوێندنگاکان بۆ ئەو مەبەستە پێکهاتـوون بە پیٚ ی سیستەم و رێنماییەکان ، بەمەرجێك هەمـوو ئەندامانی لیژنەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشـداری لە دارشتن وهەڵسەنگاندنی بکـەن لەهەموو روویەکەوە ، وئـەو لیژنانە مافی چاوپێخشاندنەوەی پرسیارەکانی خولی دووەمیان هەیە وبە پیٚ ی ئە نجامەکانی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەم.

ب- هەر لیژنەیەك بۆبابەتەکەی خۆی وەڵامی نموونـەیی بە هاوپێچی پرسیارەکانی دادەنێت تیایدا نمرەکان بەسەرلقەکان وهەنگاوەکانی شیکار دابەش دەکات.

ت- پرسیارەکان و وەڵامە نموونەییەکان بۆکۆتایی وەرزەکان و خولی دووەم دوای چاپ کردن و کۆپی کردن و نهێنی کردنیان لە بەرگی تایبەت دەدرێنە لیژنەی ئەزموونی قوتابخانـە، وە بەلایەنی کەمەوە هەفتەیەك پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزەکان لەخولی یەکەمدا دوای نووسینی هەموو زانیاریەکانی پێویست لەسەربەرگە پرسیارەکە وەکوناوی قوتابخانە و بابەت و پۆل وبەرواری ئەزموونەکەو ناوی مامۆستاکان و ئیمزاکانیان ولە شۆێنیکی قایم دەپارێـــزرێت و هیچ کەس بۆی نیە بیکاتەوە بە سەرپەرشتیارە پسپۆرییـــەکان و بەرێوەبەری قوتابخانەشەوە.

پ- دەبێت پرسیارەکان لە پرۆگرامی خوێندن دابن و گشتگربن هیچ بەشێکی کتێب فەراموش نەکرابێت.

ج- دەبێت پرسیارەکان روون بیٚ وهیچ نادیاریەکی تیا نەبێت ودارشتنەکەی سەرشێوێنەر نەبێت بۆقوتابی وخوێندکار هەروەها زۆر رەق نەبێت کە بواری بیرکردنەوە نەدات ویان مامۆستای دانەر بیەوێت توانای زانستی خۆی تێدا پیشان بدات ولە ئامانجی پەروەردەیی لای بدات .

ح- پێویستە وێنە ونەخشە وهۆکارەکانی فێرکردن لەبابەتەکاندا فەرامۆش نەکرێت.چونکە ئەوەیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو بەشانە لەلایەن قوتابییەوە نەخوێندرێت و بایەخیان پیٚ نەدرێت.

خ- پرسیارەکان پێویستە لایەنەکانی هەڵبژاردنی تیابێت واتە بە لایەنی کەمەوە( ٥٠٪ ) ی پرسیارەکان بە شێوازی بابەتی و هەڵبژاردن بێت وە ژمارەی وەڵام لە چوار وەڵام کەمتر نەبێت وە وەڵامەکانیش لە یەکتر و لەراستی نزیك بن بۆ ئەوەی قوتابی

و خوێندكار بیر بكاتەوە ئینجا بتوانێت وەلآمی راست هەڵبژێرێت واتە بە پێی شێوازی بانكی پرسیار دابرژرێت وە بەو ئاراستەیە ببردرێت وە بۆ هەموو بابەتەكان .

د- دەبێت لا پەرەی پرسیار رێك بێت و زانیارییەگرنگەكان بگرێتەخۆ وەك رۆژ و بەرواری تاقیكردنەوە وبابەت و پۆل و ناوی مامۆستای دانەرو كاتی پێویست بۆ وەلآمدانەوە و لەگەڵ رەچاو كردنی دابەش كردنی نمرەكان بەسەر پرسیارو لقەكاندا .

ژ- نابێت پرسیارەكان دووبارە بوبنەوە لە تاقیكردنەوەكانی مانگانە و رۆژانەو نیوە وەرزكاندا و شێوەی كلاسیك بێت ویەكسەرلە كتێبەوە ، بەڵكو پێویستە لە بابەتە زانستییەكان بە تایبەتی بیركاری و فیزیا هەندێك پرسیار قوتابی و خوێندكار شیكاریان بكات ئینجا وەلآمی راست هەڵبژێرێت.

ر- نابێت بە هیچ شێوەیەك نیشانە بۆپرسیارەكان بكرێن بۆ نموونـە نابێت مامۆستا بلێت ئەوەیان گرنگە و ئەوی تریان گرنگ نیە وەیان كۆمەڵە پرسیارێك دەستنیشان بكرێن لە كتێب و پرسیارەكان لەوانەدا بێنێتەوە.

ز- دەبێت مامۆستا ئاستی قوتابی و خوێندكار بەرزبكاتەوە كرۆكی زانستی بابەتەكان بگەیەنێت وەلەلەبەركردنی كوێرانە دووریان بخاتەوە بە هەموو شێوەیەك ، نمرەش لەسەر بنەمای زانستی و پەروەردەییانە دابنرێت.

س- پێویستە نموونەی پرسیار بواری فەرامۆشی تیابێت وە لە رێژەی لە( ١٠٪ ) تێپەر نەكات وكشتگر بێت لە هەموو بەشەكاندا

ش- ژمارەی پرسیارەكان و جۆرەكانیان دەبێت لەگەڵ كات بگونجێت نابێت ئەوەندە درێژبێت سەر لەقوتابی بشێوێنێت و نە ئەوەندەش كورت بێت كە توشی سەرسورمان ونائومێدیان بكات.

ص- كاتی دیاری كراو بۆ تاقیكردنەوەی كۆتایی وەرز لەقۆناغی ئامادەیی بۆ زمانەكان دوو كاتژمێر و نیو بۆ بابەتەكانی تر دوو كاتژمێر دەبێت.

چ- نابێت پرسیار لە شێوەی لۆژیكی ( منطق ) دەربچێت وبە تایبەتی لە بیركاریكەئە نجامەكەی قوتابی تووشی دڵەراوكێ بكات ودڵنیا نەبێت لە راستی وەلآمەكەی .

گ- پێویستە دارشتنی پرسیار بە شێوەیەك بێت ئەگەری لێكدانەوەی تیا نەبێت لە لایەن قوتابیانـەوە وسادەو بە زمانێكی پاراو بێت .

ڤ- پێویستە پرسیارەكان لایەنی لاوازی قوتابی بە دەربخات بۆئەوەی مامۆستا بتوانیت هەڵیبسەنگێنیت و هەروەها جیاوازی كەسی ( الفروق الفردیە ) رەچاو بكرێت لە كاتی دانانی بەجۆرێك كە لە( ٣٠٪ ) ئاسان بێت و ( ٤٠٪ ) مام ناوەندی بێت و( ٣٠٪ ) بۆ قوتابی وخوێندكاری زیرەك بێت وە ئەوەش داد پەروەری دەچەسپێنێت و قوتابی زیرەك و نازیرەك لە یەكتر جیا دەكاتەوە .

ع- هاوكاری بكرێت لە نێوان بەرێوبەریەتی قوتا بخانەكان بۆ چاپ كردنی پرسیارەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و پەروەردەی قەزاكان و لەو شوێنانەی بۆیان دەستنیشانكراوە ئەمەش بۆپاراستنی نهێنییەكان و دووكەوتنەوە لــە هۆكارەكانی ئاشكرا بوونیان.

غ- نابێت پرسیار لە شوێنە نافەرمییەكان وچاپخانە بازرگانییەكان و بنكەكانی كۆمپیوتەری ئەهلی و فەرمانگەكانی حكومەت چاپ بكرێن .

## ٩ – پشكنینی پرسیارەكان :

أ- پشكنین ووردبینی دەفتەرە وەلآمدراوەكان بە شێوەیەكی داد پەروەرانە ئە نجام دەدرێت و پرسـیارەكان دابـەش دەكـرێن بەسـەر ئەندامانی لیژنەی پشكنینی بابەتەكان وبە شێوەیەكی فەرمی ئینجا دەست بكرێت بە پشكنین وناكرێت جارێكی تـر دووبـارە دەفتەر بپشكنرێت و نمرەكان بگۆرێت پاش گەراندنەوەی تێنووسەكان بۆ لیژنەی ئەزموونی .

ب- نمرەی تەواوی بابەت لەتاقیكردنەوەكانی كۆتایی لە هەردوو وەرزدا لەقۆناغی بنەرەتدا ( ٥٠ )نمرەیە بۆ خولی یەكەم و( ٧٠ ) نمرەیە بۆ خولی دووەم وە بۆ قۆناغی ئامادەیی ( ٦٠ ) نمرەیە بۆ خولی یەكەم و ( ٨٠ ) نمرەیە بۆ خولی دووەم وە پێویستە نمـرە

بەسەر پرسیارەکان دابەش بکرێت لەسەر کاغەزی پرسیار و ئەوەش بەدواداچوونی بۆ بکرێت لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە بایەخی تەواوی پێ بدرێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان .

ت- پێویستە پشکنەر نمرەی لقەکان کۆبکاتەوە ئینجا لە ناو دەفتەر بەژمارە و نووسین نمرەی کۆتایی هەر پرسیارێك بنووسێت و ئیمزای بکات پاشان نمرەکە دەگواسترێتەوە بۆسەر بەرگ لە شوێنی تایبەتی خۆی تۆماری دەکرێت بە ژمارە ونووسین و واژوو, ئینجا نمرەکان کۆدەکرینەوە و پشکنەرێکی تر ووردبینی دەکاتەوە.

پ- کرداری پشکنین ووردبینی رۆژانە لە ناو قوتا بخانە ئەنجام دەدرێت بە لیژنە و ناکرێت دەفتەرەکان ببەنە دەرەوەی قوتابخانە لە ئەزموونەکانی کۆتایی وەرز لە هەردوو خولدا .

ج- نە بەریوەبەر و نە هیچ مامۆستایەك بۆی نیە داوای دووبارە پشکنینی دەفتەرێك لە مامۆستا بکاتەوە .

ح- ئەنجامەکانی ئەزموونەکان دوای راگەیاندنی بنبڕە ، پاشگەزبوونەوەی بۆنییە و ناکرێت سەر لە نوێ پشکنینیان بۆ بکرێتەوە ، و هیچ لایەنێك مافی ئەوەی نییە، لەبەر ئەوەی ئەوکارە سەرپێچییە لە سیستەم ورێنماییەکانی ئەزموونەکان ولەکاتی پەڵپ ( **اعتراض** ) گرتن لە ئەنجامدا ووردبینی دەفتەری قوتابی زۆر بە رێکی دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی هەر هەڵەیەك لە گواستنەوەو کۆکردنەوەی نمرە لە ناوەوە ی دەفتەر وەیان لە بەرگ رووی دابێت وەیان لقێکی یان بەشێکی پرسیارێك لەبیرکرابێت تا پشکنینی بۆ بکرێتەوە ئەو پەڵپ گرتنەش بەرێگای برینی پسوولە بۆ بابەتەکان لەژمێریاری پەروەردەی قەزاوە دەبێت .

خ- لە یەکەم وانەی پاش پشووی وەرزی یەکەم هەرمامۆستایەك دەفتەرەکانی ئەزموونی بابەتەکەی خۆی بەسەر قوتابیان دابەش دەکات و پرسیارەکان شیکار دەکات و گفتوگۆی لەسەر دەکات چونکە لە ئامانجەکانی هەر ئەزموونێك دا هەیە کە قوتابیان هەڵەکانیان بزانن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەو هەڵانە دوور کەونەوە ، هەروەها لەبەر مەترسی روودانی هەڵە لە گواستنەوە وکۆکردنەوەی نمرەکان.

## ١٠- ئەزموونەکانی پراکتیکی :

تاقیکردنەوەکانی براکتیکی لە هەفتەی پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکانی وەرزی ئەنجام دەدرێت و لەناو وانەکاندا و بە ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە پێ ی تەواو دەبێت و بەمەرجێك لەگەڵ دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی نووسینەکی تەواو بێت ،ئەوەش لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ئەنجام دەدرێت وە لە بەشە وانەکانی ئەو بابەتانەی کە تاقیکردنەوەی براکتیکی هەیە .

## ١١- تۆماری نمرەی مامۆستا ورێنماییەکانی :

أ- ئەم تۆمارگەیە فەرمیە دەبێ پارێزگاری لە پاك وخاوێنی بکرێت و رێك و پێك ڕابگیرێت . هیچ جۆرە کوژاندنەوەیەکی تێدا نەکرێت

ب- بە هیچ جۆرێك نابێت قەڵەمی راست کردنەوەی سپی تێدا بەکار بێت .

ت- نمرەکان بە قەڵەمی سۆفتی شین دائەنرێت لە شوێنی دیاری کراودا .

پ- ناوی چواری قوتابیان/خوێندکاران بە پێ ی زنجیرەی پیتەکان دەنوسرێت وەك ئەوەی لە پێناسەی باری شارستانی تۆمار کراوە بەبێ کەم و کورتی.

ج- بە هیچ جۆرێك بە قەڵەمی دار ( رصاص ) ناو و نمرە تۆمار ناکرێت.

ح- ناو و نمرەکان لە بۆشایی نێوان هێلەکان( لەناو لاکێشەکاندا ) دەنوسرێت، نەك لەسەر خەتەکان .

خ- مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندنەکان لە دەفتەرێکی لاوەکی دا دەنوسێت ودواتر دەیگوێزێتەوە بۆ ئەم تۆمارگەیە و نمرەکان راستەخۆ لەدوای هەڵسەنگاندن یا تاقیکردنەوەی نوسینەکی تۆمار دەکرێت .

د- ئەگەر بابەتی خوێندن لە چەند بەشێك پێك هاتبوو . نمرەکانی بەشەکانی بابەت لەسەر دەفتەرێکی لاوەکی دەنوسرێت و نمرەکانی بەشەکان کۆدەکرێنەوە و ئینجا تۆمار دەکرێت وەك لە ( زمانەکان ) وە لەکاتی خۆیدا .

ژ- ئەم تۆمارگەیە لای مامۆستا دەمێنێتەوە تا ئەنجامەکانی کۆتایی ساڵی خوێندن بڕیاری لەسەر ئەدرێت , دواتر ئەدرێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانە /خوێندنگە کە بۆ هێشتنەوەیان لانی کەم بۆ ماوەی سێ ساڵ .

ر- ئەو نمرەیەی کە قوتابی/خوێندکار لەهەر بابەتێکی ئەو وەرزە بەدەستی دەهێنێت بە ئەنجامی ئەو بابەتە ئەژمێردرێت

ز- نمرەی هەڵسەنگاندن بۆ قوتابی / خوێندکاری دەرنەچوو لەهەر بابەتێك لە وەرزدا وەك خۆی دەمێنیتەوە لەگەڵ نمرەی تاقیکردنەوەی نوسینەکی خولی دووەم هەژمار دەکرێت وە بە پێ ی وەرز.

س- ئەنجامەکانی تۆماری نمرەی پۆل کە لە لایەن مامۆستاوە پڕکراوەتەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ تۆمارگەی قوتابخانەو خوێندنگا لەلایەن بەڕێوەبەر یا ئەو کەسەی پێی سپێردراوە .

ش- بەهیچ جۆرێك ڕێگا نادرێت تۆماری نمرەی مامۆستا ببردرێتە دەرەوەی قوتابخانە/خوێندنگا.

***چەند تێبینییەك*** ١- هەڵوەشاندنەوەی پرنسیپی بەخشین لە قۆناغەکانی خوێندن بە هۆی وەرگرتنی نمرەی سەروو ٩٠٪

٢- هەڵوەشاندنەوەی پرنسیپی خێراکردنی قوتابیان (بردنە پێش )و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )

## تایبەت بە نمرەکانی تراز ( الدرجة الحرجة )

### یەکەم/ نمرەی تراز تایبەت بە قۆناغی بنەڕەت :

١-أ - هەموو ئەو نمرانەی کەرتن نزیك دەکرێنەوە ( جبر الكسور ) بۆ ژمارەی تەواو واتە نابێت لەسەر کارتی نمرەکان نمرە بە کەرت بدرێت ،ئەمەش لە پێش پێدانی نمرەی بڕیار.

ب - نمرەی بڕیار لە قۆناغی بنەڕەت زیاد دەکرێت بۆ نمرەی کۆششی ساڵانە و بۆ هەردوو خول بە پێ ڕێنماییەکان.

ت- بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە : لەو بوارانە نمرەکان زیاد دەکرێت بۆ گۆڕینی بارودۆخی قوتابی و بەشێوەی:

١ – لە ماوە ⟵ بۆ ماوە لە بابەتی کەمتر

٢ – لە ماوە ⟵ دەرچوون

پ- نمرەی بڕیار ئەگەر لە دوای زیادکردن لە خولی یەکەمدا ماوە ئەوا لە خولی دووەم بۆماوەکان سوودی لی وەردەگرن .

ج - نمرەی بڕیار بۆ نمرەی ئەو بابەتانە زیاد دەکرێن کە نزیکترینیانە لە کەمترین نمرەی دەرچوون واتە ( ٥٠ ) وە بۆ نمرەی ( ٤٠ ) ئەگەر یەك بابەت مابووەو لە ( ٤٠ ) کەمتر بوو.

ح-لێژنەی تاقیکردنەوەکان لە قوتابخانە هەڵدەستێت بە زیاد کردنی ئەو نمرانە بە پێ ی ڕێنمایی و تۆمارێکی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە ناوی ئەو قوتابیانەی تێدا تۆمار دەکرێت کە نمرەی بڕیار دەیانگرێتەوە وبابەتەکان و ژمارەی نمرە زیاد کراوەکان وهەموو ئەندامانی لێژنەی ئەزموونەکان واژووی لەسەر بکەن وله بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بپارێزرێت.

خ-ئەگەر نمرەی دوو بابەت لەنێوان ( ٤٥....٤٩ ) یەکسان بوون نمرەی بڕیار بە پێی زنجیرەی ( بیرکاری – ئینگلیزی – زانستەکان – کۆمەلایەتی – عەرەبی – کوردی – بابەتە لاوەکییەکان ) نمرەی بۆ زیاد دەکرێت بەهۆی سیستەمی پشکنینی ئەلیکترۆنی وقوتابی بۆی هەیە بە ویستی خۆی بابەتێکیان هەڵبژێرێت لەکاتی پەلپ گرتندا .

٢- چەند نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی زیاد کردنی ئەو نمرەیە لە قۆناغی بنەڕەتدا :

أ- ئەگەر قوتابییەك نمرەی کۆتایی لە بابەتێك ( ٤٥ ) بوو ئەوا ( ٥ ) نمرەی بۆ زیاد دەکرێت لەو بابەتەو دەبێتە ( ٥٠ ).

ب- ئەگەر قوتابییەك نمرەی کۆتایی لە دووبابەت ٤٨ , ٤٧ بوو ئەو ( ٢ ) نمرە بۆ ( ٤٨ ) زیاد دەکرێت و دەبێتە ( ٥٠ ) ئینجا ( ٣ ) نمرە بۆ ( ٤٧ ) زیاد دەکرێت و دەبێتە ( ٥٠ ).

ت- ئەگەر قوتابییەك لە دوو بابەت ( ٤٨ ) و( ٤٨ ) هەبێت لە نمرەی كۆتایی ئەوا ( ٢ ) نمرە بۆ هەریەكە لە دوو بابەتەكە زیاد دەكرێن بۆ ئەوەی ببنە ( ٥٠ ).

پ- ئەگەر قوتابییەك لە نمرەی كۆتایی لە دووبابەت ٤٩, ٤٦ هەبوو ئەوا ( ١ )نمرە بۆ ( ٤٩ ) زیاد دەكرێت دەبێتە ( ٥٠ ) ئینجا ( ٤ )نمرە بۆ ( ٤٦ )زیاد دەكرێت دەبیتە ( ٥٠ ) .

ج- ئەگەر قوتابییەك لە سێ بابەت نمرەكانی كۆتایی ٤٩, ٤٩, ٤٧ ئەوا یەك نمرە بۆ هەریەكە لە دوو ( ٤٩ ) كە زیاد دەكرێت و دەبنە ( ٥٠ ) و ( ٣ )نمرە بۆ ( ٤٧ )زیاد دەكرێت دەبیتە ( ٥٠ ).

ح- ئەگەر قوتابییەك لە سێ بابەت ٤٩, ٤٩, ٤٨ بوو لە نمرەكانی كۆتایی ئەوا ( ١ ) نمرە بۆ هەریەك لە دوو ( ٤٩ ) كە زیاد دەكرێت بۆ ئەوەی ببتە ( ٥٠ ) و ( ٢ ) نمرە بۆ ( ٤٨ )بۆ ئەوەی ببیتە ( ٥٠ ).

خ- ئەگەر قوتابییەك لە نمرەكانی كۆتایی لە چوار بابەت ٤٩, ٤٩, ٤٩, ٤٨ هەبوو ئەوا ( ١ ) نمرە بۆ هەریەكە لە ( ٤٩ )كان زیاد دەكرێت بۆ ئەوەی ببنە ( ٥٠ ) و ( ٢ ) نمرەشی بۆ ( ٤٨ )زیاد دەكرێت بۆ ئەوەی ببیتە ( ٥٠ ).

د- ئەگەر قوتابییەك نمرەكانی كۆتایی لە سێ بابەت ٤٥, ٤٤, ٤٢ بوو ئەوا ( ٥ )نمرە دەدرێتە ( ٤٥ ) بۆ ئەوەی ببێتە ( ٥٠ ) وبە ماوە لە دووبابەت دەمێنیتەوە .

ژ- ئەگەر قوتابییەك لە دووبابەت نمرەكانی كۆتایی ( ٤٥ ) و ( ٤٦ ) بوو ئەو ( ٤ )نمرە دەدرێتە ( ٤٦ ) بۆ ئەوەی ببێتە ( ٥٠ )وبە ماوە لەوەی تر دەمێنیتەوە ئەگەر پەرینەوە نەیگرێتەوە وە نمرەیەكی بریاری بۆ خولی دووەم دەمێنیتەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگریت لەوێدا .

## دووەم : نمرەی تراز تایبەت بە قۆناغی ئامادەیی

١- نزیك كردنەوەی نمرە ( جبر الكسور ) بۆ ژمارەی تەواو لە پۆلەكانی قۆناغی ئامادەیی ریگای پێنادرێت و ژمارەكانی كەرت دوای ژمارەی تەواو بۆ سێ ژمارە كورت دەكرێتەوە دوای تێكرای هەرسێ سالٚ وە بەریگای داتابیس.

٢- لە قۆناغی ئامادەیی نمرەی بریار دوای ئەنجامی كۆششی سالانە دەدرێت بۆ چاككردنی نمرەی تراز ( حرج ) بۆ هەردوو پۆلی ( ١٠ ، ١١ )ی ئامادەیی.

٣- نمرەی بریار ناچێتە سەر ئەنجامی كۆششی سالانە لە پۆلی ( ١٢ )ی ئامادەیی بۆ مەبەستی بەشداریكردن لە تاقیكردنەوەی گشتیدا چونكە ماوە تەنها لەسێ بابەت و كەمتر دەرنەچووبێت مافی بەشداربوون بەدەست دەهێنێت.

٤- قوتابی/خوێندكار سوود لەو زیاد كردنە وەردەگرێت لە هەردوو خول واتەئەگەر چەند نمرەیەكی لەخولی یەكەمدا مابوٚوە لە كاتی مانەوەیدا لە خولی دووەم ئەگەر پێویستی پێ هەبێت سوودی لێ وەردەگرێت وبۆی زیاد دەكرێت.

٥- بۆ زیاتر روونكردنەوە : لەو بوارانە نمرەكان زیاد دەكرێت بۆ گۆرینی بارودۆخی قوتابی و بەشێوەی:

أ – لە ماوە ⟵ بۆ ماوە لە بابەتی كەمتر

ب – لە ماوە ⟵ دەرچوون

٦- نمرەی بریار بۆ نمرەی ئەو بابەتانە زیاد دەكرێن كە نزیكترینیانە لە كەمترین نمرەی دەرچوون واتە ( ٥٠ ) .

٧- لیژنەی تاقیكردنەوەكان لە قوتابخانە هەلدەستێت بە زیاد كردنی ئەو نمرانە وبە پێ ی رێنمایی تۆماریكی بۆ دەكرێتەوە ناوی ئەو قوتابیانەی تیدا تۆمار دەكرێت كە نمرەی بریار دەیانگرێتەوە وبابەتەكان و ژمارەی نمرە زیاد كراوەكان وهەمووئەندامانی لیژنەی ئەزموونەكان واژووی لەسەر بكەن ولە بەرێوەبەرایەتی قوتابخانە بپارێزرێت.

٨- ئەگەرنمرەی دووبابەت لەقۆناغی ئامادەیی یەكسان بوون لیژنە بە پێ ی بەرژەوەندی قوتابی و خوێندكار دەستنیشانی ئەو بابەتە دەكات كە نمرەی بریاری دەدرێتێ لەسەر بنەمای پێویستی بۆ دەرچوون لە خولی دووەمدا واتە دەداتە ئەو بابەتەی كە نمرەی زیاتری پێویستە بۆ پر كردنەوەی .

# ڕێنمایی ژماره ( ٣ )

## یەکەم: تایبەت بە لیژنەکانی وردبینی ئه نجامەکانی تاقیکردنەوەکانی پۆلە ناکۆتاییەکان

بۆ باشتر جێ بە جیٚ کردنی سیستەم و رێنماییەکان ، پێش راگەیاندنی ئه نجامەکانی پۆلە ناکۆتاییەکان بۆ مەبەستی دوورکەوتنەوە لە هەڵەی گواستنەوەو کۆکردنەوەی نمرە و دەرهێنانی تێکراکان پێویستە ئەمانە رەچاو بکرێت :

١- ساڵانە بەرێوەبەرایەتی قوتا بخانەکان لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی مامۆستایان لێژنەیەکی وردبینی بەلایەنی کەمەوە لە چوار ئەندام پێك دێنێت لەمامۆستایانی قوتا بخانە وبەسەرۆکایەتی یەکێك لە یاریدەدەرەکانی بەمەرجێك هیچ یەکێکیان لە لیژنەی ئەزموونەکان دا ئەندام نەبن ، ئەرکەکانیشیان ووردبینی کردنی ئه نجامەکانە بە ووردی ،و هەر هەڵەیەك کە لە ئه نجامەکانەوە دەرکەون بە لیژنەی ئەزمونی قوتا بخانەیی رادەگەینێت بۆئەوەی راستیان بکەنەوە پێش راگەیاندنی ئه نجامەکان بەسەر قوتابیاندا •

٢- پێکهێنانی چەند لێژنەیەکی وردبینی لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بە سەرۆکایەتی سەرپەرشتیارێکی پسپۆری پەروەردەیی بە گوێرەی جۆری قوتا بخانەو خوێندنگە و ئەندامییەتی چەند بەرێوەبەرو مامۆستایەکی بە ئەزموون کە ئەرکەکانیان وردبینیکردنی تۆمارگەی قوتا بخانەیی و بۆردی نمرەی کۆتاییە وە ئەو لێژنانەش بەرپرسن لە راستکردنەوەی هەر هەڵەیەك لەو تۆمارگانە بە پێی رێنماییەکان و مبە زووترین کات بە هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار رابگەیەنرێت. وە ئەگەر هەڵەکە گەورە بوو پێویستە قوتابی و بەخێوکەرەکەی بە نووسینەکی لێی ئاگاداربکرێنەوە بەراستکردنەوەی هەڵەکە

٣- بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو کێشەو هەڵەکان بکرێت . پێویستە کارەکانی وردبینی تۆمارەکان پێش راگەیاندنی ئه نجامەکان تەواو بکرێت.

٤- هەڵە لە نمرە وئە نجام ئەگەر رویدا پێویستە بەرێوەبەرایەتی قوتا بخانە ،بەشێوەی نوسینەکی و بە واژوو بە قوتابی/خوێندکاری رابگەیێنرێت،لەکاتی پێویستدا لێکۆلینەوەی تایبەت پێك بهێنرێت بۆ دەست نیشان کردنی ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لەو هەڵەیەدا.

٥- لەکاتی دۆزینەوەی هەر هەڵەیەك لە ئە نجام دوای هەردوو وردبینی قوتا بخانەیی و پەروەردەیی ، هەموو ئەندامانی لێژنەکانی وردبینی قوتا بخانەیی و پەروەردەییەکان و لێژنەی تاقیکردنەوە لێی بەرپرسیارن .

٦- قوتابی /خوێندکار و بەخێوکەرەکەی پێکەوە بەرپرسیان ئەگەر هەر هەڵەیەك لە کارتی نمرەکانی قوتابی هەبێت وئەوان درکی پیٚ بکەن و پەیوەندی بە بەرێوەبەرایەتی قوتا بخانە نەکەن بۆ مەبەستی راستکردنەوەی وە پێویستیشە گارگێری قوتا بخانە ئەم ئاگاداریە بە دایبابان رابگێینن لەکاتی بەستنی کۆبوونەوەکاندا.

٧- ئەگەر لە ئە نجامی لێکۆلینەوە ئاشکرا بوو یاری بە نمرە ویان گۆرانکاری ورەشکاری تیادا کراوە ئەوا بەرپرسیاران دەدرێنە لێژنەی لێکۆلینەوە ، ئەگەر پێویستی کرد بدرێنە لێژنەکانی رێککاری ( انضباطی ) و یان دادگا پەیوەندارەکان چونکە ئەو کارانە بە کاری ساختەکاری ( التزویر ) دادەنرێن * •

## دووەم: بۆ ئەوەی ئەو لێژنانە بەکاری خۆیان هەڵسن پێویستە تێبینی ئەمانەی خوارەوە بکەن :

١. بۆمان ئاشکرایە کەزۆربەی یاری پێکردنەکانی نمرە لە ئە نجامی پێدانی( ٥ )نمرەی بریار دەستکاری دەکرێت بەمەبەستی هەوڵدان لە لایەن لیژنە ئەزموونییەکان بۆگەیاندنی نمرەی قوتابی بۆ بەر بارودۆخی سوود وەرگرتن لە نمرەکانی بریار ،بەلاٌم ئەوانەش لەگەلٌ رێنماییەکان ناگونجێن ، بۆیە لیژنەکانی تاقیکردنەوە بەرپرسیارن لەو گۆرانکارییانە کە ئە نجامیان دەدەن دوورلە رێنماییەکان وە بۆ ئەو مەبەستە پێویستە سەرپەرشتیارانی کارگێری قوتا بخانەکان ئەو لایەنە هەستیارە هۆشیارکەنەوە ئەگینا دەدرێنە لێژنەکانی لێکۆلینەوە.

٢. بە پێ ی ڕێنمایی زیاد کردنی نمرەکانی بریار لە دەسەڵاتی لێژنەی تاقیکردنەوەکانە، بەڵام بە گوێرەی زانیارییەکانمان وا دەردەکەوێت کە لە زۆربەی قوتابخانەکان کۆبوونەوەی دەستەی مامۆستایان ئەنجام دەدەن بۆ پێدانی چەند نمرەیەکی تر. ئەوەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانە و نابێت ئەو جۆرە کۆبوونەوانە ئەنجام بدرێن ، پێویستیشە تەنها ئەوەندە نمرەی بریار بدرێت کە دیاری کراوە لە لایەن لێژنەی ئەزموونەکان وە ئەوەش پێویستە لە تۆماری تایبەت بە نمرەی بریار تۆمار بکرێت ، و لێژنەی ئەزموونەکان لە قوتابخانەدا پێکەوە بەرپرسیارن لەو جۆرە کارانە ئەگەر بکرێت .

٣. لەئەنجامی لێکۆلینەوەکان دەرکەوتوە کە هەندێك لە مامۆستایان بایەخ بە سیستەم وڕێنماییەکانی تایبەت بە ئەزموونەکان نادەن .دوای ڕێکخستنی ناملیکەی سیستەم وڕێنماییەکانی تایبەت بە ئەزموونەکان ودابەش کردنی بەسەر لە هەموو قوتابخانەکاندا ، پێویستە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەو خوێندنگاکان کۆبوونەوەی دەستەی مامۆستایان ئەنجام بدەن پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکانی کۆتایی هەردوو وەرز ، وئەو ڕێنماییانە بۆمامۆستایان ڕوون بکەنەوە وبیریان بێننەوە ولە تۆماری کۆبوونەوەکانی دەستەی مامۆستایانیش تۆماربکرێت وسەرپەرشتیارانی کارگێری لە کاتی سەردانەکانیان بۆقوتابخانەکان جەخت لەولایەنە بکەنەوە هەروەها لە مێژووی گرێدانی، لە داهاتوشدا لێکۆلینەوەکانی تایبەت بە کێشەکانی تاقیکردنەوەکان ئەو لایەنە ڕەچاو بکات ، ومامۆستا خۆشی بەرپرسیارە لە بەدواداچوونەوەی ڕێنماییەکان و وەرگرتنی ناملکە و خوێندنەوەی بە درێژایی ساڵ .

## ڕێنمایی ژمارە (٤)

## تایبەت بە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ئەزموونەکان و ڕێکخستنی لیستی پۆلەکان

بۆ دووركەوتنەوە لە هەندێك هەڵە کە چەندین جار بە هۆی گوێ پێنەدانی لێژنە بەرپرسەکانی قوتابخانە ڕوویانداوە وەك دەوامکردنی هەندی قوتابی و خوێندکار لە پۆلێکی بەرزتر لە پۆلەکانیان بە بیانووی ئەوەی کە بەزارەکی دەرچوونی پێ ڕاگەینراوە بەڵام لەڕاستیدا دەرنەچووە ویان کارتی نمرەی بەهەڵە پێدراوەتەوە ئەو جۆرە بارودۆخانە بەڕێوەبەری قوتابخانەو لێژنەی ئەزموونی لێی بەرپرسیارن و ڕووبە ڕووی سزای ڕێککاری( ئینزباتی ) دەبن بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەبکرێت :

١- پێویستە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکانی ( تێکرای هەردوو وەرز ) بۆ قۆناغی بنەڕەت و کۆتایی هەر وەرزێك بۆ قۆناغی ئامادەیی و ئەزموونە گشتییەکان بە هەردوو خولییەوە بە شێوەی نووسینەکی ڕابگەیێنرێت و بە واژوو ، لە هەمان کاتیشدا لە تابلۆی ئاگاداری ( لوحة الاعلانات )ڕابگەیێنرێت .

٢- پێویستە قوتابی کارتی نمرەکان لای خۆی بپارێزێت وهیچ ڕەشکاری و کراندنێکی تیانەبێت دەناخۆی بەرپرسیار دەبێ لەکاتی لێکۆلینەوە لەو کارانەدا .

٣- پێویستە لیستی پۆلەکان و هۆبەکان لە بەرواری یەك هەفتە لە دەستپێکردنی دەوامەوە ڕێك بخرێت و بەراوورد بکرێت لەگەڵ تۆماری نمرەکانی قوتابخانەو تۆماری گشتی بە مەبەستی دڵنیابوون و نابێ بە هیچ شێوەیەك لەو ماوەیە تێپەر بکات .

٤- نابێت ڕێگا بدرێت بە دەوامکردنی قوتابی و خوێندکار بە بێ بەڵگەنامەی گواستنەوە لەو قوتابخانەی لێی دەگوێزرێتەوە ئەمەش لەماوەی یەك هەفتەدا و پێویستە لە تۆماری گشتیدا تۆمار بکرێت.

٥- لەکاتی گۆرینی یان گواستنەوەی هەر بەڕێوەبەرێك بە هەر هۆیەك بێت هەردوو بەڕێوەبەر پێکەوە بەرپرسیارن لە سەرپێچییەکان هەریەکەو بە پێی کاتی دەست بەکاربوون و لەکارترازانیان .

٦- ڕاگەیاندنی ئەنجام یا ڕێکخستنی لیستی ناوەکانی پۆلەکان و هۆبەکان ئەگەر درایە یاریدەدەر دەبێت لە فەرمانی دابەشکردنی کارەکان لە نێوان بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکان لە سەرەتای ساڵەوە ئاماژەی پێ بکرێت .

# ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )

## دەربارەی لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی ئەزموونەکان و بڕوانامەکان

١- بۆ کێشەکانی تایبەت بە دەستکاریکردنی نمرەکان و دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەو دزینی پرسیار و گۆڕینی بڕوانامەو سەختەکاری (تزویر)لە پۆلە ناکۆتاییەکاندا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لێژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکدەهێنرێت لە سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و پەروەردەیی هەر یەکەو بە پێ ی پسپۆڕی خۆی بۆ لێکۆلینەوە و ئە نجامدانی پێویست ودەستنیشانکردنی بڕیارەکانیان بە ڕاشکاوی وبایەخدانی گرنگ وتایبەت بەو کێشانە، وە پێویستە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە پۆلین بکرێن بە پێ ی گرنگی وە سزاکانیان لەئاستی ئەوجۆرە کێشەیە بێت، وپاشان وێنەی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەریتی گشتی ئەزموونەکان بۆ پەسند کردنیان وە یان گێڕانەوەی جارێکی تر بۆ لێژنەکە ئەگەر هەموو لایەنەکانی کێشەکە چارەسەرنەکرابوو بە پێ ی پێویست، وئەگەر پێویستی کرد بەرپرسیاران بدرێنە لێژنەی ڕێککاری وەزارەت و یان دادگا پێوەندارەکان.

٢- لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندنی ئە نجام و ئەوانەی دەبنە هۆی زیان بەخشین بە داهاتووی قوتابی پێویستە گرنگی تایبەتی پێ ی بدرێت و ئەو لایانانەی بە پرسیارن لەو هەڵانە سزای وایان پێ بدرێت لەئاست کێشەکە بێت لەگەڵ لابردنیان لەشوێنی کارگێری.

٣- یەکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردە دڵنیایی جۆری ئە نجامەکانی لێکۆڵینەوە و هەموو بەرایییەکانی دەدەنە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە .

٤- بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە وێنەی سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەراییەکانی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان دەکات پاش ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە بە ڕا پۆرت وەیان بە نووسراوی فەرمی وبە ڕاشکاوی ڕای خۆیان دەربارەی کێشەکە و سزا دەستنیشانکراوەکان لە لایەن لێژنەی لێکۆڵینەوە بدات وەك لایەنگیری بکات لەکاتی گونجانیان ویان پشتگیریان لێ نەکات ئەگەر هاتوو سزاکان زۆر بوون ویان کەم بوون لەگەل دیاری کردنی هۆو بەڵگە بۆ ئەوەی بە هەند وەربگیرێت لە کاتی پەسندکردنی لێکۆڵینەوەکەدا .

٥- لەبەر ئەوەی هەموو گۆڕانکارییەك ورەشکارییەك لە نمرەکانی قوتابیان وهەڵە لە پێدانەوەی ئە نجامەکان و ڕاگەیاندیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتا بخانەکان ویان هەندێك لە مامۆستایان ئە نجامێکی خراپ و تاڵ یان هەیە بەسەر پرۆسەی پەروەردەو ئایندەی قوتابی ، وەزارەتی پەروەردە ئەوانەی بەو کارانە هەڵدەستن بە ئە نجامدەری سەختەکاری ( تزویر ) لەقەڵەمیان دەدات و بۆی هەیە بیانداتە لێژنەکانی ڕێککاری ( ئینزباتی ) یا دادگاکانی سزایی ( المحاكم الجزائيه ) .

## چەند ئەحکامێکی تایبەت بە تاقیکردنەوە گشتییەکانی ئامادەیی

١- بابەتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکانی خوێندنی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانییەوە بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیری پەروەردەوە پەسند دەکرێن پاش خستنەرووی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان .

٢- زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە گشت خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەردوو بابەتی زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی لە پاڵ زمانی کوردیدا بە فەرمی دەخوێندرێت.

٣- قوتابی وخوێندکارانی ئەو قوتا بخانە/ خوێندنگەیانەی بە زمانی تر جگە لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەخوێنن سەرەڕای ئەو زمانانە تاقیکردنەوە لەو زمانەشدا دەکەن ئەگەر خۆیان بیانەوێت و پاش خستنە رووی لەلایەن بەڕێوەبەریەتی گشتی ئەزموونەکان و پەسندکردنی وەزیری پەروەردە .

٤- وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیار دەدات نمرەی پێویست بخرێتە سەر ئە نجامی نمرەی قوتابی وخوێندکار بۆ کێبڕکێی وەرگرتن لە کۆلێژ و پە یمانگاکاندا.

٥- ئەو قوتابی /خوێندکارانەی مافی بەشداربوونیان هەیە لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەییدا ئەوانەن کە پۆلی دە و یازدە و دوانزەیان تەواو کردوە بە پێی سیستەمی نوێی خوێندن.

٦- أ. کاتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان دەستنیشان دەکرێت.

ب. وەزیری پەروەردە لە کاتی پێویستدا بڕیار دەدات کاتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان بگۆڕدرێت.

٧- سیستەمی دووبارە بوونەوە لە تاقیکردنەوە گشتییەکان و هەر شەش وەرزی قۆناغی ئامادەیی پەیڕەو دەکرێت .

٨- ئەگەر ڕۆژێکی تاقیکردنەوەکان بەر پشووی فەرمی کەوت ئەوا تاقیکردنەوەی ئەو ڕۆژە دەچێتە ڕۆژی دواتر بە هەمان زنجیرەی خشتەی تاقیکردنەوەکان.

٩- سەرۆکی لیژنەی باڵا بۆی هەیە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئە نجامەکانی ئەزموونە گشتییەکان ئەمانە ئە نجام بدات :

أ-هەر تێنووسێك گومانی تیابێت کە ساختەکاری ( تەزویر ) و گورانگاری نایاسایی تێدایە بداتە لیژنەی لێکولینەوەو ئەزموونەکەی هەڵوەشێنێتەوە بە دەرنەچووی هەژمار بکات ، وە ئەو کەسانەی هۆکاری ئەم کارەن سزا بدات .

ب-هەڵوەشاندنەوەی تاقیکردنەوەی هەر قوتابی و خوێندکارێك کە گۆمان هەبێت لە بەشدار پێکردنی لە ئەزموونە گشتییەکان بە پێی ڕێنماییەکان نییە ئەگەر قوتابییەکە خۆی هۆکار بوو لەم کارە لەگەڵ سزا دانی لایەنی کەم تەرخەم.

ت-هەر یاری پێکردنێك بە هەر شێوەك بێت لە کارەکانی ئەزموونە گشتییەکان بە کاری ترسناك دادەنرێت ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە سزای یاساییان دەدرێتی .

١٠- أ-قوتابی/خوێندکاری دەرچووی قۆناغی ئامادەیی بەشی زانستی یا وێژەیی بۆی هەیە تاقیکردنەوەی گشتی لە بەشی تر ئە نجام بدات بە شێوەی دەرەکی وە بەرێگای تاقیکردنەوەی بەرایی .

ب-هیچ یەکێك لە دەرچووانی بەشەکانی زانستی و وێژەیی بۆیان نیە تاقیکردنەوەی بەشی پیشەیی بکەنەوە، هەرکاتێك ئەو ئارەزووەیان هەبوو پێویستە وەکو قوتابی لە پۆلی دەیەمەوە دەست بە خوێندن بکەنەوە بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە ئامادەیی پیشەیی.

١١- قوتابی / خوێندکار بەدەرنەچوو دەژمێردرێت لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ئەگەر :

أ-لەبابەتێك وەیان زیاتر دەرنەچوو لە خولی دووەم .

ب-ئەگەر لە بابەتێك وەیان زیاتر ئامادە نەبوو لە تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم .

ج- ئەگەر گزی ( قوپیە )ی ئە نجامدا لەخولی یەکەم یا دووەم لەئەزموونەگشتییەکاندا .

١٢- قوتابی / خوێندکاری پۆلی( ١٢ )ی ئامادەیی دوای ئە نجامدانی تاقیکردنەوەی وەزاری ئەگەر لەیەك بابەت وەیان دوو بابەت دەرنەچوو بۆی هەیە ساڵی دواتر تا دەرچوون بەدەست دەهێنێت لەو یەك یان دوو بابەتەکە تاقیکردنەوە ئە نجام بداتەوە، وە ئەگەر هەر ساڵێك دابڕێت لە تاقیکردنەوە پێویستە بە ڕێگای بەرایی لەگشت بابەتەکان تاقیکردنەوە ئە نجام بداتەوە.

١٣- قوتابی / خوێندکاری یەك بابەت و دوو بابەت ئەگەر گزی ( قوپیە )ی ئە نجامدا لە خولی یەکەم یا دووەمی تاقیکردنەوە گشتییەکان ئەوا ساڵی دواتر پێویستە لە هەموو بابەتەکان تاقیکردنەوەی گشتی بکاتەوە و مافی بەشداری وەربگرێت بە ڕێگای تاقیکردنەوە بەراییەکان .

١٤- ئەو قوتابخانانەی بابەتەکانی زمانی سریانی و تورکمانیان تێدا دەخوێندرێت بە ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە دەچنە ئەزموونە گشتییەکان وبڕیاری گو نجاویان بۆ دەدرێت .

١٥- هەمووئەوڕێنماییانەی پێشتر کاریان پێکراوە لە ئەزموونە گشتییەکان و پێچەوانەی ئەم سیستەمەن لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم سیستەمە نوێیە هەڵدەوەشێتەوە و کاریان پێ ناکرێت.

## ڕێنمایی ژمارە ( ٦ )

# ڕێنمایی تایبەت بە بەشداربووانی ئەزموونە گشتییەکان

بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو خوێندنگاکان و دەستەی مامۆستایان تەنها ئەرکەکانیان کاری کارگێری و تەواو کردنی پرۆگرامی خوێندن نییە چونکە قوتابخانەو خوێندنگا پێش هەموو شتێك وە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن شوێنی فێرکردنی خۆ ورەوشت و ڕێککاری و فێرکردنی جیٚ بە جیٚ کردنی یاساو ڕێنماییە وە هەر ئەوەشە کە میللەت پێش دەخات لەرووی شارستانییەت و بوارەکانی تری ژیان ، بۆیە لە پێناو خزمەتکردنی لایەنێکی گرنگی نەوەکانی دوارۆژمان پێویستە ئەو ڕێنماییانەی تایبەتن بە قوتابی وخوێندکارە بەشداربووەکان بەدرێژای ساڵ بۆیان روون بکرێتەوە کە هەندێکیان ئەمانەن :

## یەکەم /ئەم ڕێنماییانە بە قوتابی ڕابگەیێنرێت لەکاتی چوونە ژوورەوەی هۆلی تاقیکردنەوە:

١ - دەست بکات بەخوێندنەوەی پرسیارەکان زۆر بەهێمنی و بەوردی پێش وەلامدانەوەیان .

٢- ناسنامەکانیان لە قوتابخانەو خوێندنگاکانیان وەربگرنەوە ژمارەی ئەزموونی خۆیان بزانن لەگەڵ هۆلی ئەزموونی و شوێنی دانیشتنی بە لایەنی کەمەوە پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکان بە ڕۆژێك .

٣-دوای وەرگرتنی تێنووس ولە پێش ناو نووسین داوای گۆرێنی بکات ئەگەر مۆر نەکرابێت بە مۆری وەزارەتی پەروەردە یان ئیمزای بەڕێوەبەری هولی لەسەر نەبێت.

٤-ناو و ژمارەی ئەزموونی خۆی وەك لە ناسنامەی بەشداریدا هاتووە لە شوێنی تایبەت لەسەر بەرگی دەفتەرەکەی بنووسیت بە پێنووسی مرەکەب و یان کۆپیا ، ونابێت لە هیچ شوێنێکی تر بنووسرێت چونکە بە گزی( قوپیە ) دادەنرێت .

٥- تەنیا پێنوسی دار رەش ( قلم رصاص ) بۆ وەلام دانەوە بەکار بینێت چونکە پێنووسی دار ئارامی پیٚ دەبەخشیت .

٦– لە هەردوو رووی کاغەز تێنووس بنووسیت .

٧-دەست بە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە بکات کە باوەری هەیە لەوانـــەی ترباشتر وەلامی دەداتەوە ولەسەرخۆ بێت لە نـــووسین و ئاگاداری پاك و خاوێنی دەفتەرەکەی بێت ولەگەڵ ڕێکی نووسین تیایدا چونکە ئەوەیان کاریگەری هەیە لەسەر خەملاندنی ئەو نمرەیەی پیٚ ی دەدرێت.

٨- ژمارەی پرسیارەکان وەك لە کاغەزی پرسیار دا هاتووە دابنیٚ نەوەك بە گوێرەی زنجیرە وەلامدانەوە لە تێنووس دا .

٩-پێویستە قوتابی و خویندکار تەنیا ژمارەی داوا کراو لە پرسیار وەلام بداتەوە چونکە لیژنەی پشکنینی وەلامەکان بەگوێرەی ئەو زنجیرەی کە لە دەفتەری تاقیکردنەوەدا هاتووە رەچاو دەکات و ئەو وەلامە زیادانەی لە کۆتایی تێنووسدا هاتووە فەرامۆش دەکرێن جگەلەوانەی بە ئاشکرایی لەسەریان نووسراوە فەرامۆش بکرێت ( ترك )،بۆ نموونەئەگەرپێویست بوو قوتابیەك پێنج پرسیار وەلام بداتەوە بەلام شەش پرسیاری وەلامدابێتەوە ئەوا لیژنە پشکنینی ئەو پێنج پرسیارەی بۆ ئە نجام دەدات کەلە پێشەوە وەلام دراوەتەوە وە ئەو پرسیارەی لە کۆتایی وەلام دراوەتەوە هەر کامیان بێت وە هەر چەندی لیٚ وەرگرتبێت بۆی فەرامۆش دەکات ( ترك دەکات ) تەنها لەو بارە نەبێت کەلەسەر یەکێك لە پرسیارەکاندا نووسرابێت ( ترك ).

١٠-لە هۆلی ئەزموونە گشتییەکاندا ئامادە بێت ماوەیەك پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکان و ناسنامەی بەشداری لەگەڵ خۆیدا هێنابێت ، پاش کردنەوەی پرسیار بەڕێوەبەری هۆڵ هیچ قوتابیەك لە هۆلی تاقیکردنەوە وەرناگرێت.

١١ -ڕۆژانە ناسنامەی بەشداری لە تاقیکردنەوە گشتییەکان لە شوێنی دانیشتنی لە پێش خۆی دابنێت.

## دووەم- پێویستییەکانی قوتابی / خوێندکار لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا :

١- أ-قەلەم و قەلەم دادەڕ و لاستیکی رەش کردنەوە و هەموو پێداویستییەکانی نووسین لەگەڵ خۆیدا بهێنێت وداوای هیچ شتێك لە هەڤاڵانی نەکات

ب- کتێب و دەفتەر و پەراو هیچ شتێکی پەیوەند بە پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ خۆیدا نەهێنیتە ناو هۆلی ئەزموونە گشتییەکان .

ت-هێمنی بپارێزی لە ناو هۆلی تاقیکردنەوە گشتییەکان .

پ- سەیری دەفتەری قوتابی و خوێندکارێکی تر نەکات .

ج- نیشان و یان عەلامەتی جیا کەرەوە لە ناوەوەی و یان لە دەرەوەی دەفتەری تاقیکردنەوە دانەنێت.
ح- بەکارهێنانی هەرکاغەزێکی تر جگە لە دەفتەری تاقیکردنەوە قەدەغەیە .
خ-نابێت شوێنی خۆی و شوێنی کورسیەکەی بەدرێژایی رۆژەکانی تاقیکردنەوە بگۆرێت چونکە ئەوەیان سەرپێچییە لە رێنماییەکانی ئەزموونەکان و بە ( گزی ) قۆپیە دادەنرێت.

٢- قۆپیە وەیان هەر هەوڵدانێك بۆ قۆپیە سەرپێچییە و سزا دەکرێت بە پوچەل کردنەوەی مافی تەواو کردنی تاقیکردنەوەکان بۆ هەمان سال و بەدەرنەچوو دەژمێردرێت لەو ساڵەدا.

٣- قوتابی بۆی نی یە داوا لە چاودێر بکا پرسیارەکانی بۆ بخوێنێتەوە یا بۆی راڤە بکات و یان لێك بداتەوە.

٤- قوتابی بۆی نییە داوای دەفتەری دووەم بکات تاوەکو دەفتەری یەکەم تەواو دەبێت و پێویستە ناو و ژمارەی ئەزموونی هەموو زانیارییەکانی تر لەسەر دەفتەری دووەمش بنووسیت و پێویستە لەناو دەفتەری یەکەمی دابنێت کاتی پێدانەوەیان بە چاودێر .

٥- پێویستە قوتابیان/خوێندکاران هۆلی تاقیکردنەوە جێ بهێڵن دوای دانەوەی دەفتەرەکانیان ، و نابێت کۆببنەوە لە نزیك هۆڵ دوای دەرچوونیان ، و خۆ بەقسەکردن و گفتوگۆ لەسەروەڵامەکاندا خەریك بکەن .

٦- هەرکەسێك بیەوێت گێرە شێوینی بکات لە ناو هۆلی تاقیکردنەوە یان هەرکۆسپێك دروست بکات ببیتە هۆی باش بەرێوەنەچوونی ئەزموونەکان وەیان تێکدانی ئارامی هۆل ئەوا بە ( گزی ) هەژمار دەکرێت ولە تاقیکردنەوەکان بێ بەش دەکرێت و بەدەرنەچوو دەژمێردرێت لە و ساڵەدا جگە لە سزا یاساییەکانی تر.

٧- لە تاقیکردنەوەکان بێ بەش دەکرێت و بەدەرنەچوو دەژمێردرێت هەر یەکێك دەستدرێژی وەیان هەرەشە لە ئەندامێك لە ئەندامانی بەرێوەبردنی هۆلی ئەزموونی ویان بنکەکانی کۆنترول بکات لە کاتی ئە نجامدانی ئەرکەکانیان ویان دوای دەوامی فەرمی ، سەرەرای سزای یاساییش .

٨- ئەگەر دەفتەری قوتابی داواکاری یەکی تیابێت کە بەجنێو یان ئابرو بردن ( اهانە ) دابندرێت ویان هەر سەرپێچییەك لە سیستەم یان خوورەوشت ئەوا تاقیکردنەوەکەی هەڵدەوشێتەوە و بە دەرنەچوو دادەندرێت و سزای یاسایشی دەدرێتێ .

٩- ئەو ژمارە ئەزموونیانەی کە دەدرێتە قوتابی لە خۆلی یەکەم هەرهەمانیان بۆ خولی دووەمیش بەکار دێت .

١٠- لەکاتی تەواو بوونی کاتی تەرخان کراو بۆ تاقیکردنەوەکان پێویستە قوتابی لە نووسین بوەستێت و دەفتەرەکەی دا بخات ولە شوێنی خۆی بەئارامی چاوەرێی چاودێرەکەی بکات بۆئەوەی دەفتەرو کاغەزی پرسیاری لێ وەرگرێتەوە.

١١- هۆلی ئەزموونی شوێنێکی گشتییە وفەرمانگەیەگی حکومی یە بۆیە بە پێی رێنماییەکان جگەرە کێشان لە ناو هۆلدا قەدەغەیە ، وە هەروەها قەدەغەیە ئەوانەی لە هێزی چکدارن بە جل وبەرگی سەربازی بێنە ناو هۆلی تاقیکردنەوەکان.

١٢- چەك هەڵگرتن بە هەموو جۆرەکانییەوە قەدەغەیە لەناو مەڵبەند و هۆڵە ئەزموونیەکان .

١٣- نابێت هیچ قوتابی/خوێندکارێك بەشداری تاقیکردنەوە گشتییەکان بکات لە هۆلێکی تر جگە لەو مەڵبەندەی کە بۆی تەرخان کراوە ،و بە پێچەوانەوەتاقیکردنەوەی قوتابییەکە هەڵدەوەشێتەوە ، وپێویستە بەرێوەبەری هۆل ئەگەر ئەم کارە رووی دا ئاگاداری لیژنەی ئەزموونی قەزا بکات بۆ ئە نجامدانی پێویست و گواستنەوەی قوتابییەکە بۆ هۆلەکەی خۆی .

١٤- بەکارهێنانی بژمێرە ( الحاسبات ) بە هەموو جۆریکیەوە لەگەڵ ئەو کاتژمێرانەی بژمێرەی تێدایە رێگای پێ نادرێت لە تاقیکردنەوەکاندا ، تەنها ئەو بژمێرانە نەبێت کە بە پێ ی رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە رێگای پێ دراوە و بەبژمێرەی زانستی ( Scientific Calculation ) ناسراوە ونابێت میموری هێلکاری تیابێت.

# ڕێنمایی ژماره ( ٧ )

# تایبه‌ت به چاودێری ئه‌زموونه گشتی یه‌کان

## یه‌که‌م : دانانی چاودێری هۆلی ئه‌زموونی:

لیژنه‌ی لقی ئه‌زموونه گشتی یه‌کان له هه‌ر به‌ڕێوه‌به‌ریه‌تییه‌کی گشتی په‌روه‌رده وه‌یان لیژنه‌ی ئه‌زموونه‌کان له په‌روه‌رده‌ی قه‌زاکاندا هه‌ڵده‌ستێت به‌ده‌ست نیشان کردنی چاودێره‌کان به پێ ی ئه‌م بنه‌مایانه‌ی ئه‌م ڕێنماییانه‌ی خواره‌وه:

١- هه‌موو چاودێرانی هه‌ردوو قۆناغی ( ٩ ) بنه‌ره‌ت و ( ١٢ )ی ئاماده‌یی پێویسته ماموستای سه‌ر میلاكی( ئاماده‌یی + بنه‌ره‌ت پۆله‌کانی ٧ -٨ – ٩ ) بن وهیچ ماموستایه‌ك نابه‌خشرێت له چاودێری ، تاوه‌کو هه‌موو هۆله‌کانی تاقیکردنه‌وه‌کان پێویستیان ته‌واو ده‌بێت ،له‌گه‌ڵ ڕه‌چاو کردنی یه‌کسانی وداد په‌روه‌ری له دابه‌شکردنی کار ، ونابێت هیچ ماموستایه‌ك ببه‌خشرێت له‌سه‌ر حیسابی دانانی یه‌کێکی تر له دوو خولی تاقیکردنه‌وه‌کاندا وه‌یان له زیاتر له قۆناغێکدا( بۆ بنه‌ره‌ت و ئاماده‌یی ) دابنرێت .

٢- ماموستای چاودێر نابێت دابنرێت له و هۆله ئه‌زموونیه‌ی که‌س و کاری پله یه‌کی خۆی تێدابێت.

٣- به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی په‌روه‌رده‌ی پارێزگا به‌هاوکاری له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی په‌روه‌رده‌ی قه‌زا به‌رپرسیاره له دابینکردن و پڕ کردنه‌وه‌ی شوێنی ئه‌و چاودێرانه‌ی که ده‌ست به‌کارنابن له مه‌ڵبه‌نده‌کانیان وه به درێژایی ڕۆژانی تاقیکردنه‌وه‌کان.

٤- نابێت میلاکی قوتا بخانه‌یه‌ك به ته‌واوی بکرێنه چاودێر له یه‌ك هۆڵی ئه‌زموونی .

٥- نابێت ماموستایان به چاودێر دابنرێن له هۆلی ئه‌زموونی قوتابیان و خوێندکارانی قوتا بخانه‌کانی خۆیان .

٦- ژماره‌ی چاودێران به ڕێژه‌ی یه‌ك چاودێر بۆ هه‌ر( ١٥ ) قوتابی داده‌ندرێن، به مه‌رجێك ژماره‌ی ماموستایان له هۆلیك دا له دوو چاودێر که‌متر نه‌بن .

٧- بۆ هه‌ر هۆلێك چاودێری یه‌ده‌ك داده‌ندرێن به ڕێژه‌ی ١ : ٦ به مه‌رجێك یه‌ده‌گه‌کان له‌مه‌ڵبه‌ندی ئه‌زموونی بمێنێته‌وه به درێژایی کاتی ته‌رخاو کراو بۆ ئه‌زموونه گشتییه‌کان وه‌کو چاودێرانی تر .

٨- له‌کاتی زیادبوونی ژماره‌ی چاودێران له پێویست له پارێزگادا ئه‌مانه ده‌به‌خشرێن:

أ-هه‌ر ماموستایه‌ك ته‌مه‌نی گه‌یشتبێته ( ٥٠ ) سال .

ب-هه‌رماموستایه‌ك له سێ مانگ زیاتر مۆڵه‌تی نه‌خۆشی وه‌رگرتبێت له سالی خوێندندا .

ت-ئه‌وماموستایانه‌ی مۆڵه‌تی دایکایه‌تیان هه‌بووه له وه‌رزی دووه‌می سالی خویندن .

پ- ژنی دووگیان ( الحامل ) پاش مانگی شه‌شه‌م .

## دووه‌م : له‌سه‌ر چاودێر پێویسته ڕه‌چاوی ئه‌مانه‌ی خواره‌وه بکات :

١- أ- ئاماده بوون له مه‌ڵبه‌ندی تاقیکردنه‌وه پێش ده‌ستپێکردنی تاقیکردنه‌وه‌کان به نیوسه‌عات به‌لایه‌نی که‌مه‌وه.

ب-به‌دواچوونه‌وه‌ی ڕێنماییه‌کانی تایبه‌ت به‌قوتابیه به‌شداربووه‌کان و ئامۆژکاری کردنیان.

ت–دابه‌ش کردنی ده‌فته‌ر به‌سه‌ر قوتابیاندا یه‌کسه‌ر دوای دانیشتنیان ودووپات کردنه‌وه‌ی هه‌بوونی مۆری وه‌زاره‌ت وواژووی به‌ڕێوه‌به‌ری هۆل له‌شوێنی ته‌رخانکراوه بۆ ئه‌م مه‌به‌سته له ده‌فته‌ره‌کاندا .

پ- به قوتابیان رابگه‌ینێت که پێویسته ته‌نها پێنووسی دار به‌کار بهێنن له کاتی وه‌لاًمدانه‌وه‌دا چونکه ئه‌م جۆره پێنووسه هێمنی و ئارامی ده‌به‌خشێت و قوتابی / خوێندکار ده‌توانێت لایبه‌رێت له کاتی هه‌ڵه کردندا.

ج- پێویسته قوتابی /خوێندکار له هه‌ردوو ڕووی لاپه‌ره‌ی بنووسێت،هه‌روه‌ها نووسینی ناو و ژماره‌ی ئه‌زموونی و زانیارییه‌کانی تر هه‌ر وه‌ك له ناسنامه‌ی به‌شداری له‌ئه‌زموونه گشتییه‌کاندا داهاتووه له شوێنی تایبه‌ت له‌سه‌ر به‌رگی ده‌فته‌ر به پێنووسی سۆفت له‌گه‌ڵ نووسینی ناو له‌سه‌رکاغه‌زی پرسیار دوای وه‌رگرتنی .

ح- نابێت هیچ وشەیەك و یان دەستەواژەیەك لە پرسیار روون بکاتەوە بۆ قوتابیان چونکە تێگەیشتنی پرسیار بەشێکەلە وەڵام . هەروەها نابێت لەکاتی تاقیکردنەوە قسە لەگەڵ قوتابی /خوێندکار بکات.

خ-ووردبینی کردنەوەی ناو و ژمارەی ئەزموونی ئەو قوتابی وخوێندکارانەی کە چاودێریان دەکات بە بەراوورد کردنیان لەگەڵ کارتی بەشداری و بە وێنەکانیان دا بچێتەوە لەگەڵ خودی قوتابیەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لە راستی هەڵگری ناسنامە و بە درێژایی رۆژانی ئەزموونەکان ، چاودێر بەرپرسیارە ئەگەر قوتابی /خوێندکار لە جیاتی یەکیکی تر هاتبێت .

٢- أ – ناکرێت زیاتر لەیەك دەفتەر بداتە قوتابی تەنها لەو کاتە نەبێت کە پێویستی بە دەفتەری دووەم دەبێت ، و پێویستە چاودێر ناوی ئەو قوتابیانە وژمارەی تاقیکردنەوەیان تۆمار بکات کە دوو دەفتەریان وەرگرتووە بۆ ئەوەی دوو دەفتەریان لێ وەربگرێتەوە ( نەك یەك دەفتەر ) پاش کۆتایی هاتنی ئەزموونەکان و دەبێت لیستی ئیمزا کراو بە ناوی ئەو قوتابیانەی کە زیاتر لە یەك دەفتەریان بەکار هێناوە بداتە بەرێوەبەر، لە گەڵ تیبینی ئەوەی ئەم دوو دەفتەرەی لەلایەن قوتابی بەکارهێنراوە لە ناو یەکتریان دابنێت وە بەیەکەوە چەسپیان بکات لەکاتی پێدانەوە بە بەرێوەبەری هۆڵ ، ئەم دوو دەفتەرە بە یەك دەفتەر هەژمار دەکرێت لە کاتی رەوانە کردنی بۆ کۆنترۆڵ .

ب – بوار نەدات بەهیچ قوتابی / خوێندکارێك پێداویستی لە یەکتر وەربگرن لە کاتی ئە نجام دانی تاقیکردنەوەکاندا.

٣- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی تاقیکردنەوەیان تەواوکردووە و پێش تەواو بوونی کات لەهۆڵدا چوونەتەدەرەوە جارێکی جارێکی تر بۆیان نیە بگەرێنەوە هۆلی ئەزموونی بەهەر هۆیەك بێت .

٤- پاش تەواو بوونی کاتی تەرخان کراو بۆ ئەزموونەکان پێویستەچاودێر داوای وەستان لە نووسین و داخستنی تێنووس بکات لە قوتابیانی کەرتەکەی ومانەوەیان لە شوێنی خۆیان ،تاوەکو بە پێ ی رێنماییەکان تێنووسەکانیان ووردبینی دەکات ولێیان وەردەگرێتەوە ئینجا دەچنە دەرەوە.

٥- چاودێر هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی دەفتەرەکان ولەکاتی وەرگرتنیان دوو پات لە نووسینی ناو و ژمارەی ئەزموونی لەسەر بەرگ دەکات بە پێنووسی سۆفتی رەش یا شین لەگەڵ هەبوونی مۆری وەزارەت و ئیمزای بەرێوەبەر ئینجا دەفتەرەکان دەدرێنە بەرێوەبەری هۆڵ بە ژماردن و بەگوێرەی زنجیرەی ژمارەی ئەزموونی یەك لە دوای یەك .

٦-بۆ ئەوەی گزی( قوپیە )روونەدات ورێگا بگیرێت لەو کەسانەی هەوڵی قۆپیە کردن دەدەن دەبێت پشکنین بۆ قوتابیان / خوێندکاران بکرێت پێش چوونیان بۆ ناو هۆلی ئەزموونی .

٧-زۆر پێویستە کەش وهەوای هۆلی ئەزموونی ئارام بێت وچاودێریش پەروەردەیی بێ لە مامەڵە کردنی قوتابیان ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کەچاو پۆشی لەسەرپێچی سیستەم و رێنما بکات بەرێوەبەری هۆڵ و مامۆستای چاودێرو یاریدەدەری بەرێوەبەر پێکەوە بریار بۆ کێشەکانی گزی دەدەن و لەسەر تێنووس واژوو دەکەن.

٨-ناکرێت چاودێرەکان لەگەڵ یەکترخۆیان بە قسەکردن خەریك بکەن ویا بە خوێندنەوە ویا هاتوچۆکردن لە رێرەوی هۆڵ تەنها لە کاتی پێویست نەبێت چونکە ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر وەڵامی قوتابیان و بیرکردنەوەیان.

٩- پێش کردنەوەی بەرگە پرسیار سێ چاودێر لەگەل سێ قوتابی لە ئەزموونندەران لەسەر بەرگی پرسیاری داخراو واژوو دەکەن پاش سەیرکردنی بەرگەکەو دڵنیابوون لە بێگەردی لێبلەکان ئینجا بەرگەکە دەکرێتەوە.

١٠-ناکرێت چاودێرەکان پێش بەرگکردن وبەستن و مۆم کردنی دەفتەرەکان دەربچن ، ئەوەشیان بۆ زامنی پاراستنی دەفتەرەکانە و پێویستیشە بەرێوەبەرو یاریدەدەر ودووچاودێر لەسەر بەستراوەکە ئیمزا بکەن .

١١-هەرچاودێرێك لە هۆلی ئەزموونی قۆناغی بنەرەت وئامادەیی ناسنامەی بەشداربووانی کەرتەکەی خۆی کە چاودێریان دەکات رۆژانە لە بەرێوەبەری هۆڵ وەردەگریت بۆ ئەوەی ئەو ناسنامانە بەراوورد بکات لەگەل خودی قوتابی.

١٢-بەرێوەبەری هۆل پێویستە رێگا نەدات لەلایەن مامۆستای چاودێرەوە سەیری ناورۆکی وەڵامی قوتابی/خوێندکار بکات.

١٣-چاودێری هۆلی ئەزموونی ئەرکێکی فەرمییە و پێویستە سەرجەم مامۆستایان پابەندبن پێوەی بە پێچەوانەوە بەرپرسیاردەبن بە پێ ی یاسای رێککاری قوتا بخانە/خوێندنگاکان.

# ڕێنمایی ژماره ( ٨ )

# تایبەت بە بەڕێوەبەری مەڵبەندە ئەزموونیەکان

## یەکەم : کەسایەتی بەڕێوەبەری هۆڵی ئەزموونی

١ - بەڕێوەبەری هۆڵە ئەزموونیەکان لە بەریوەبەرو یاریدەدەرو مامۆستایانی ناسراو بە پاکی و توانا ودڵسۆزی ولێهاتوویی کە لیژنە لقی ئەزموونەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان بەهاوکاری لیژنەی ئەزموونی قەزاکان هەڵیان دەبژێرن بەگوێرەی هەڵسەنگاندنیان و ئەو زانیاریانەی کە لەبەر دەستیان دایە،نەوەك بە گوێرەی ئەوەی کە پێشتر مەڵبەندەکانیان سەرکەوتووانە بەڕێوەبردووە وە لەکاتی پێویستدا دەکرێ ئەو ئەرکە بەسەرپەرشتیاران بسپێردرێت .

٢-لەبەرئەوەی قۆناغی ئامادەیی قۆناغێکی هەستیارە بۆ ئایندەی قوتابی وخوێندکار بۆیە پێویستە یەکەم جار بەڕێوەبەرویاریدەدەری هۆڵەکانی ئامادەیی دابنرێت ، ئینجا بۆ قۆناغی بنەڕەت دابنرێت .

## دووەم : ئەرکەکانی بەڕێوەبەری هۆڵی ئەزموونی :

١- لەسەر بەڕێوەبەری مەڵبەندی ئەزموونی پێویستە پەیرەو ئەمانە بکات :

أ- ئامادە بوون لەو مەڵبەندەی بۆی دانراوە پێش کاتی ئەزموونەکان بە دوورۆژ بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو پێداویستیەکانی بەڕێوەچوونی ئەزموونەکان لەوانەش ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ نەهێشتنی گزی.

ب- بۆ جێ بەجێ کردنی پێویست و لیدانی ناو و ژمارەی ئەزموونی لە شوێنی دانیشتنیان و هەروەها دانانی نەخشەی تایبەت بە چۆنیەتی دانیشتنی قوتابیان کەتیایدا کەرتەکان وژمارە بۆهۆڵەکانی تاقیکردنەوەلە مەڵبەندەکەی دەستنیشان بکات بۆئەوەی قوتابیان بە هۆیەوە شوێنی خۆیان بناسن بەبێ ڕوودانی بارودۆخی کەڵەك بوون لە کاتی چوونە ژوورەوەی هۆڵەکە ، وهەروەها دانانی شوێنەکان پێویستە بە شێوەیەك بێت کەدووریەکی گونجاو لە نێوانیاندا هەبێت تاوەکو هیچ یەکێکیان نەتوانێت تێنووسی ئەوەی تریان بخوێنێتەوە،وچاودێرهەموو شتێك ببینێت کە قوتابی لەهۆڵدا ئە نجامی دەدات ودڵنیا بێت لەبەتاڵی شوێنی دانیشتنیان و دیوارەکـــان نووسین وهـــۆکارەکانی گزی لەسەر نەبێت.

ت– وێنەیەك لە نەخشەی هۆل بۆ خۆی گلبداتـــەوە کە ڕێزبەندی قوتابیان وناو و ژمارەی ئەزموونی تێدابێت هەروەها چۆنیەتی دابەش کردنی چاودێران بەسەریاندا , بۆ تێبینی کردنی نەهاتووان بەخێرایی .هەروەها پێویستە وێنەیەك لەو نەخشـــەیە بۆ مەڵبەندی کۆنترۆلی قۆناغەکە ڕەوانە بکات بۆ بەکارهێنانی لەکاتی پێویست و ووردبینی کردنی کێشەکانی قۆپیە (گزی )، وناکرێت شوێنی قوتابی بگۆرێت بەدرێژایی ڕۆژانی ئەزموونەکان.

پ- دووپات کردنەوەی هەبوونی مۆری وەزارەتی پەروەردە لەسەر ئەو دەفتەرانەی دابەشیان دەکات پێش دەست پێکردنی وهەروەها واژووکردنی لە گۆشەی ســەرەوەی شوێنی ناونووسین بێ ئەوەی ئیمزاکە لەو شوێنە دەربچێت .

٢- أ- لەسەر بەڕێوەبەری هۆڵ و چاودێرەکان پێویستە پشکنینی ناسنامەی بەشداری لە ئەزموونە گشتی یەکان بکەن بـۆ هـەموو قوتابیان لەگەڵ بەراوورد کردنی وێنەکە بە قوتابی بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە قوتابییەکە خودی خۆیەتی و دووپات کردنـەوەی ئەوەی کە وێنەکە نەگۆردراوە بە یەکێکی تر کە هـی خاوەنەکـەی نـەبێت لەگـەڵ ووردبینـی کردنـی جـارێکی تـر لـەکاتی وەرگرتنەوەی دەفتەری ئەزموونی .

ب – بەڕێوەبەری هۆڵی ئەزموونی هەر دوو قوناغی بنەڕەت و ئامادەیی ناسنامەی هەموو ئەو قوتابی /خوێندکارانەی بەشدارن لەو هۆڵەدا لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە وەردەگرێت.

ت– بەڕێوەبەری هۆڵ ناسنامە وەرگیراوەکان دەگێرێتەوە بۆبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە دوای تەواوبوونی ئەزموونەکان

٣- هیچ کەسێك بۆی نییە بێتە هۆڵی ئەزموونی جگە لە قوتابیە بەشدار بووەکان لە ئەزموونە گشتییەکان وچاودێرانی کە بە فەرمی بۆی دانراون ، و ناکرێت کارگێرو ودەستەی مامۆستایانی ئەو قوتا بخانەی کە هۆڵەکەی لێ دانراوە دەوام بکەن

لەکاتی ئە نجام دانی ئەزموونەکان .

٤- قوتابیان پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکان بە ( ١٥ خولەك ) دێنە ژوورەوەو دەفتەرەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێت هەروەها ناسنامەکانی بەشداری کردنیان لە تاقیکردنەوە گشتییەکان ووردبینی دەکرێن و نەهاتووەکان تۆمار دەکرێن ، و پاش کردنەوەی پرسیار وە دەستپێکردنی ئەزموونەکان ،هیچ قوتابیەك بۆی نییە بێتە ناو هۆڵی ئەزموونی .

٥- لەکاتژمێری ( ٣٠ : ٨ ) ی بەیانی بەرێوەبەری هۆڵی ئەزموونی دەست دەکات بە دووبارە دڵنیابوون لە بابەت وجۆری خوێندن وڕۆژی ئەزموون پێش کردنەوەی بەرگە پرسیار هەروەها لە مۆرەکانی بەرگە پرسیار ،ولە پێش قوتابیان وچاودێران پاش ئەوەی خۆی وپاریدەدەرەکەی و( ٣ ) سێ چاودێر وسێ ( ٣ ) قوتابی /خوێندکار ئیمزای دەکەن ئینجا بەرگە پرسیار دەکرێتەوە .

٦- خوێندنەوەی پرسیار لە هۆڵی ئەزموونی بە هیچ جۆرێك رێگای پێنادرێت .

٧- رێگا نادرێت پەڕی پرسیار ببردرێتە دەرەوەی هۆلی تاقیکردنەوە و لە قوتابی وەردەگیرێتەوە لەگەڵ تێنووسی ئەزموونی .

٨- لە قۆناغی ئامادەیی ئەوانەی تێنووسەکانیان فەراموش ( شطب ) دەکەن رێگایان پێنادرێت تا تێپەربوونی ( ٣٠ر١ ) کاتژمێر لە سەرەتای دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکاندا لە هۆڵ دەربچن وە پێویستە بە راشکاوی هەموو پرسیارەکان فەراموش( شطب ) بکەن بە لێدانی هێمای ( × ) لێیان ئەگینا ئەوانەی شطب نەکراون پشکنینیان بۆ دەکرێت .

٩- بەرگی پرسیار لەگەڵ بەستەی وەڵامەکان لەلایەن بەرێوەبەری هۆڵ دەگەرێندرێتەوە بۆ بنکەی ئەزموونی وە لە لایەن لێژنەی لقی تاقیکردنەوەکان پشکنینی تەواوی بۆ دەکرێت بە ئامادە بوونی ئەندامی لێژنەی باڵای تاقیکردنەوەگشتییەکان.

١٠- أ- بەرێوەبەری هۆڵی ئەزموونی لیستێك بە ناوی ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کەلە هەر کەرتێك دان ( نەخشەی کەرت ) رێکدەخات، هەروەهالیستێکی تر بەناوو ژمارەی ئەزموونی ئەو قوتابیانەی کەلە دەفتەرێکیان زیاتر بەکارهێناوە وهەر چییەکی تر پێویست بێت رەوانەی مەڵبەندی کۆنترۆڵیان دەکات لەگەڵ بەستەی دەفتەرەکان .

ب- لەسەر بەرێوەبەری هۆڵ پێویستە کە وێنەیەك لە لیستی ئەزموونەدەران و نەخشە وناوی چاودێرەکان بە پێ ی کەرتەکان ئامادەبکات ولە کۆتایی ئەزموونەکاندا بنێردرێت بۆ پەروەردەی قەزاکەی

١١- بەرێوەبەری هۆڵ پێویستە بریاری کۆتایی وبنبڕ وە بەراشکاوی بۆ کێشەکانی قوپییە ( گزی ) بدات کە لە مەڵبەندەکەی روودەدات ونابێت هیچ کێشەیەك بەبێ چارەسەر بهێڵێتەوە وبەهاوکاری لەگەڵ یاریدەدەرو چاودێری کەرتەکان ئەوەش لەسەر دەفتەرەکە بە واژوو دیار دەکرێت پاشگەزی بۆ نییە .

١٢- پێویستە بەرێوەبەری هۆڵ ئەو ئامۆژگارییانەی خوارەوە ئاراستەی قوتابیانی بکات لە هەر تاقیکردنەوەیەك :

أ-ناو و ژمارەی ئەزموونیان وەك لە ناسنامەی بەشداری دا هاتووە بە پێنووسی سۆفت لە شوێنی تەرخانکراو لە سەربەرگی دەفتەر بنووسێت پێش دەستپێکردن بە وەڵامدانەوە.

ب-بەکار هێنانی قەڵەمی دار لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان .

ت- داوا ی گۆرینی دەفتەرەکانیان بکەن ئەگەر مۆری وەزارەتی پەروەردە وئیمزای بەرێوەبەری هۆڵیان لە سەر نەبێت پێش ناو نووسین ودەستکردن بە وەڵامدانەوە .

پ- لەکاتی وەڵام دانەوەدا پێویستە ژمارەی ئەو پرسیارەی وەڵامی دەدەنەوە دابنێن وەك چۆن لە پەڕی پرسیاردا هاتووە.

ج -پاش دەرچوونیان پێویستە دوور بخرێنەوە لەهۆڵی ئەزموونی وهەروەها نابێت گفتوگۆی وەڵامەکان لە نزیکی هۆڵدا بکەن.

١٣- پێویستە بەرێوەبەری هۆڵ ئاگاداری قوتابیان بکاتەوە لە بەسەرچوونی کات لە کۆتایی کاتژمێری یەکەم ودووەم و پێش کۆتایی هاتنی ئەزموونەکان بە ( ١٥ خولەك ) بۆ ئەوەی بزانن چەند لەکات رۆیشتووە ،و نابێت بەهیچ شێوەیەك بەرێوەبەری هۆڵ داوای پەلە کردن لە قوتابی / خوێندکار بکات بۆ ئەوەی پێش کۆتایی هاتنی کات بچنە دەرەوە.

١٤- **بەرێوەبەری هۆڵ داوا لە قوتابیان دەکات بە وەستان لە نووسین دا دوای کۆتایی هاتنی کات ، ومانەوەیان لە شوێنی خۆیان بۆ ئەوەی چاودێران بتوانن دەفتەرەکانیان ووردبینی بکەن ووەریان بگرنەوە و بیانژمێرن ( دوو دەفتەری بەکار هاتوو یان زیاتر لەلایەن قوتابیەك لەناو یەکتر دادەنرێن وە بەیەکەوە چەسپ بکرین وبەیەك دەفتەر دادەندرێن لەکاتی

ژماردندا )،وبۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی ژمارەی دەفتەرە گەڕاوەکان یەکسانە بە ژمارەی قوتابیە ئامادەبووەکان لە هۆڵدا وە بۆ دووركەوتنەوە لە كێشەی دەفتەرەكان لە لایەن بەڕێوەبەی هۆڵی تاقیكردنەوە لە چاودێران وەردەگیرێنەوە ( لە مەڵبەندی ئەزموونی بە ئامادە بوونی یاریدەدەران و هەمووچاودێران ) بە گوێرەی زنجیرە و ژمارەی ئەزموونی قوتابیان ئینجا بۆ دڵنیا بوون لە گەراندنەوەی ، هەموو دەفتەرەكان بە بێ كەمی ژماردنیان بۆ دەكرێت ، ولە گەڵ ئەو دەفتەرانەش فۆرمی تایبەت بە ناردنی بەستراو پاش پركردنەوەی بە ناوی بابەت و هۆڵی ئەزموونی و ژمارەی دەفتەرەكان و ناوی نەهاتووان بە پێ ی ژمارەی ئەزموونی وهۆی نەهاتنیان و را پۆرتە پزیشكیەكان( ئەگەر هەبێت ) دادەندرێت و ئاراستەی مەڵبەندی كۆنترۆڵ دەكرێت و پێویستە بەستراوی دەفتەرەكان بە پۆستەی تۆمار كراو لە هەمان رۆژی ئەزموونەكاندا رەوانە بكرێت وەیان بەو رێگایەی كە وەزارەتی پەروەردە بە باشی دەزانێت لە لێژنە لقییەكانەوە بۆ بنكەكانی كۆنترۆڵ رەوانە بكرێن بە ئۆتومبیلی تایبەت .

١٥- پێویستە بەرێوەبەری هۆڵی ئەزموونی ژمارەیەكی گونجاو لە رێنمایی ژمارە ( ٦ )ی تایبەت بە قوتابیە بەشداربووەكان لە تەختەی راگەیاندن و دەرگای قوتا بخانەكە بدات بۆ ئەوەی قوتابیان پێ ی بزانن و دەبێت چاودێرانیش ئەو رێنماییە بزانن و ئیمزا لەسەر وێنەیەكی بكەن بۆ ئەوەی ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە ئاراستەی قوتابیانی بكەن .

١٦- دەكرێت ئەو قوتابیەی ناوی لە لیست دا نەهاتبێت ویان گومان هەبێت لە مانەوەی لە هەندێ بابەت كاتێك هاتە هۆڵی ئەزموونی بەشداری پێ بكرێت لە ئەزموونی ئەو رۆژەدا بە مەرجێك بەرێوەبەری هۆڵ را پۆرت بۆ بەرێوەبەری مەڵبەندی كۆنترۆڵ بنووسێت وبەلێژنەی لقی رابگەێنێت بۆ ئەوەی ئەو قوتابیە بێ بەش نەبێت لەو ئەزموونە ئەگەر دەركەوت ناوی لە هۆڵێكی تر هەیە پێویستە بكوێزرێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

١٧- نابینایان دەبەخشرێن لەئەزموونەكانی( بیركاری وئەو پرسیارانەی وەلامەكانیان بیركارییانەیە یا بەوێنەیە لە بابەتەكانی تر هەر وەها لەفۆنۆتیكی زمانی ئینگلیزی وە لەنەخشەكان و دابەش كردنی ئەلكترۆنەكان بەسەر خولەكاندا ) بە مەرجێ بەرێوەبەری هۆڵ رۆژانە چاودێرێكی بۆ دابنێت كە پسپۆری بابەت نەبێ بۆ نووسینەوە بۆیان ولە ژێر چاودێری خۆی.

١٨- دەفتەری هێلی بەیانی بۆ بابەتی بیركاری لە قوناغی ئامادەیی بۆ بەشەكانی زانستی و وێژەیی و پیشەیی بەكار دەهێندرێت و نابێت جۆری ئاسایی بەكار بێت لەو بابەتەدا .

١٩- ئەگەر هۆڵێكی تاقیكردنەوەكانی قۆناغی ئامادەیی هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی هەبێت ئەوا پێویستە بەستراوی ( رزمە ) هەر لقێك بە بەستەیەكی سەربەخۆ رەوانە بكرێت بۆ مەڵبەندی كۆنترۆڵ و نابێت دەفتەرەكانی هەر دوو لق لەیەك بەستەدا دابنرێت ، هەروەها پێویستە بە ووردی دەفتەرەكانی هەر لقێك لە یەك جیا بكرێنەوە.

٢٠- لیستێك بە ناوی نەهاتووەكان رێك دەخرێت بە پێ ی زنجیرەی ژمارەی ئەزموونی ولەگەڵ نەخشەی ئەزموونەكان وئەوانەی لە برگەی( ١١ )ی سەرەوە هاتووە وناكرێت بە هیچ شێوەیەك ئامادە بووان تۆمار بكرێن .

٢١- نابێ چاودێر لە هۆڵی ئەزموونی دەربچێت پیش تەواو بوونی تاقیكردنەوە ، وپاشان پێویستە هەرهەموویان ئامادەبن لەكاتی پێدانەوەی تێنووسەكان لەبەستان ومۆركردنی تێنووسەكان ئەوەش لەبەر پاراستنی نهێنییەكانی تێنووسەكانە وپێویستە هەریەكە لە بەرێوەبەری هۆڵ ویاریدەدەرەكەی و دوو چاودێر لەسەر بەستراوكە ئیمزا بكەن .

٢٢- پێویستە بەرێوەبەری هۆڵ هەموو رێنماییەكانی تایبەت بە قوتابیە بەشداربووەكان و رێنماییەكانی تایبەت بە چاودێرەكان سەرەرای ئەو رێنماییانەی لەنامێلكەی ئەزموونە گشتییەكاندا هاتووە بزانێت وئەو شتانەی كە نایزانێت وگومانی بۆ پەیدا دەكات لەلێژنەی ئەزموونەكانی پەروزەردەی قەزاكان پرسیار بكات .

٢٣- پێویستە لەسەر بەرێوەبەری هۆڵی تاقیكردنەوە گشتییەكان چاودێرەكان كۆبكاتەوە پێش دەست پێ كردنی ئەزموونەكان بەكاتێكی گونجاو و رێنماییەكانی چاودێرەكانیان بۆ روون بكاتەوە و بەسەریانادا دابەش بكات پێیان واژوو بكات بۆ ئەوەی وپێ ی پابەند بن و، هەوڵ بدەن لە كەش و هەوایەكی پرلە هاوكاری و دڵنیانی و بە شێوەیەكی راست و دروست ئەو تاقیكردنەوەیە بە پێ ی سیستەم و رێنماكان ئە نجام بدەن .

٢٤- بۆ رێگرتن لە هاتنی قوتابیەك لە جێگای یەكی تر وهەروەها بۆ پاراستنی مافی كارمەندانی هۆڵی ئەزموونی :

أ-هەر قوتابییەك لە جیاتی یەكێكی تر تاقیكردنەوە ئەنجام بدات ئەوا هەردووكیان بە ئەنجامدەری گزی هەژمار دەكرێن سەرەرای سزای یاسایی ودانە دادگای پەیوەنداری سزایی ( المحاكم الجزائیه )چونكە ئەو كارە بەساختەكاری( التزویر )دادەنرێت

ب-هەركەسێك بەهەر شێوەیەك دەست درێژی بكاتە سەر بەرێوەبەری هۆل و چاودێرانی لە ناو هۆل ویان لەدەرەوەی هۆل دەدرێنە دادگای پەیوەندار بە تۆمەتی دەستدرێژكردنە سەر فەرمانبەران حكومەت لەكاتی كاردا .

٢٥- پێویستە ساڵانە بەرێوبەری هۆڵە ئەزموونیەكان لە كۆبوونەوەكانی لیژنەی ئەزموونەكانی پەروەردەی قەزاكان ئامادەبن كـە ساڵانە پێش دەستپێكردنی ئەزموونەكان ئەنجامی دەدەن بە مەبەستی گەیاندنی رێنمـایی و روونكردنـەوە لەسـەر چـۆنیەتی بەرێوەبردنی هۆلە ئەزموونیەكان.

## رێنمایی ژمارە ( ٩ )

## یەكەم- تایبەت بە لیژنەكانی كۆنترۆڵ و پشكنین

١.ئەندامانی كۆنترۆڵەكان لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەكان دەستنیشاندەكرێن پاش ئەوەی لیژنەی باڵا داوایان لێدەكات ، وە بە پێی ئەو رێژەی بۆ هەر بەرێوەبەرایەتییەكی گشتی دەستنیشان دەكرێت ،وە لیژنەی باڵا لە كاتی پێویست بۆی هەیە خۆی ئەندامانی كۆنترۆل دابنێت :

أ- پێویستە ئەندامانی كۆنترۆڵەكانی ئامادەیی هەر هەموویان سەرپەرشتیاری پسپۆری بن .

ب-لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان ساڵانە داوای ئەم پسپۆریانە دەكات بۆ ئەندامییەتی كۆنترۆڵەكان :

بۆ كۆنترۆڵی زانستی ( بیركاری - زیندەزانی – كیمیا – فیزیا – ئینگلیزی – عربی – كوردی - پیشەیی ) وە بۆ كۆنترۆڵی وێژەیی ( مێژوو – جوگرافیا – ئابووری – بیركاری - ئینگلیزی – عربی – كوردی ) .

ت-ژمارە زیادەكانی داواكراو بۆ هەر پارێزگایەك ( ئەگەر هەبوو ) بێجگە لەوانەی لە سەرەوە دەستنیشانكراون لە سەرپەرشتیارانی شارەزاو لێهاتوو لەبواری ئەزموونەكان لە دەسەلاتی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیە لەسەرپەرشتیارانی لێهاتوو لە بواری ئەزموونەكان رەوانە بكرێن .

پ-لەبەر گرانی ئەركی كۆنترۆل پێویستە پالێوراوان تواناى جەستەییان تەواو بێت .

ج-لە نێوان پالێوراوان ئەگەر هەبێت هەر پارێزگایەك پسپۆریكی ( IT ) رەوانە بكات لە سەرپەرشتیاران .

٢.بەرێوەبەری كۆنترۆڵ وياریدەدەرەكانی لەلایەن لیژنەی باڵای ئەزموونەگشتییەكانەوە دەستنیشان دەكرێن،وە بەرپرسن پێكەوە لەرێكخستنی دەوام لەكۆنترۆڵەكاندا وەبە دوو دەمی یەكسان لەیەكەم رۆژی دەست بەكاربوونەوە رادەگەیەنرێت.

٣. یاریدەدەرانی بەرێوەبەری كۆنترۆل لەلایەن لیژنەی باڵاوە لە پالێوراوانی بەرێوەبەرێتییە گشتییەكان دەستنیشان دەكرێن.

٤. هەر كۆنترۆڵێك ( ٢ ) دوو یاریدەدەری دەبێت ، نابێت بەرێوەبەرو یاریدەدەر لەهەمان پارێزگا بن .

٥.بۆ خوێندنی پیشەیی یاریدەدەرێك دادەنرێت لەو كۆنترۆڵەی كە پشكنینی ئەو بەشەی تێدا دەكرێت.

٦.بۆ ( ١٥٠٠-٢٠٠٠ ) هەزار قوتابی و خوێندكار تەنها یەك ئەندامی كۆنترۆڵ دەستنیشان دەكرێت.

٧.بەرێوەبەری كۆنترۆڵ بەرپرسە بەرامبەر لیژنەی باڵا لەجێ بە جێ كردنی ئەركەكانی كۆنترۆڵ بەگشتی وەك ( پاراستنی نهێنیەكان – ئەنجامدانی كرداری پشكنین – جێگیركردنی ئەنجام - ئامارەكان - ئەركەكانی پەڵپگرتن.....هتد ) .

٨.أ-كاری پشكنین و وردبینی رۆژانە بە دوو دەم ئەنجامدەدرێت ،هەر لیژنەیەكی بابەت رۆژانە بۆ هەر دەمێكی كار ( ٢٠٠ ) تێنووس پشكنین و وردبینی دەكات بەمەرجێك نابێت كات بە فیرۆ بدرێت.

ب-بەرێوەبەری كۆنترۆڵ بۆی هەیە پشكنەر ببەخشێت ئەگەر مەرجی گشتی پالاوتنی تێدا نەبێت ویان سەرپێچی لەجێبەجێ كردنی ئەركەكانیدا بكات.

ت-بەرێوەبەری كۆنترۆڵ بۆی هەیە ئەندامانی لیژنەی كۆنترول ببەخشێت ئەگەر سەرپێچی رێنماییان كرد پاش وەرگرتنی رەزامەندی لیژنەی باڵا .

٩. پێویستە بەرێوەبەری كۆنترۆڵ پێش دەستپێكردنی كارەكانی ، كۆبونەوەیەك ئەنجام بدات بۆ ئەندامانی كۆنترۆل كە

تێایدا ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکان ئەوانەی پەیوەستن بە کارەکانیان بۆیان ڕوون بکاتەوە.

١٠. بەڕێوەبەری کۆنتڕۆڵ لە گەڵ دەستبەکاربوونی پشکنەرەکانی هەر بابەتێك کۆبوونەوەیەك ئە نجامدەدات بۆ ڕوون کردنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە پشکنینی تێنووسەکان بە شێوەیەکی زۆر ورد .

١١. پێویستە بۆ هەر بابەتێك سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕی بابەتەکە کە ئەندامی کۆنترۆڵە سەرپەرشتی لێژنەکە بکات ، هەروەها بەشداری لەدانانی وەڵامی نموونەیی ودابەشکردنی نمرە وجێگیرکردنی ئەگەرەکان و پێکهێنانی لێژنەکانیش بکات بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و بەرپرسە لە سەلامەتی ئە نجامدانی پشکنینی بابەتەکەی.

١٢. پێش دەستپێکردن بە کاری پشکنین بۆ هەر بابەتێك پێویستە پشکنینی چەند تێنووسێك ئە نجام بدەن کە ژمارەیان لە ( ٢٠ ) بیست تێنووس تێپەڕ نەکات بە هاوبەشی.

١٣. پێویستە بۆ هەر تێنووسێك ( ٢ ) دوو جار پشکنین ئە نجام بدرێت ،یەکێکیان بە پێنووسی شین کە پێی دەگوترێت پشکنینی یەکەم ئەوی تریان بە پێنووسی سور کە پێی دەگوترێت پشکنینی دووەم وە هەردوو پشکنەر بە پێنووسی خۆیان واژوو دەکەن،هەرکاتێك جیاوازی دەرکەوت لە نێوان هەردو پشکنین بۆ چارسەرکردنیان پێکەوە ( هەردوو پشکنەر وهەردوو بەرپرسی لێژنەکان ) بڕیاری بۆ دەدەن و واژوو لەسەر ئە نجامەکە دەکەن وتێنووسەکانی لێژنە پاش پشکنینی یەکەم دەدرێتە لێژنەیەکی تر بۆپشکنینی دووەم ناکرێت ئەندامانی هەمان لێژنە پشکنین و وردبینی ئە نجام بدەن .

١٤. پێویستە سەرجەم تێنووسەکانی هاتوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانەوە تێکەڵ بکرێن ودواتر بکرێنە بەستە و هەر بەستەکیك لە ( ٥٠ ) پە نجا تێنووس تێپەڕ نەکات.

١٥.لەکاتی نەهاتنی هەر پشکنەرێك بەڕێوەبەری کۆنترۆڵ ، لێژنەی باڵا ئاگاداردەکاتەوە بۆ دانانی پشکنەرێکی تر کە لەو بەڕێوەبەرێتییە گشتییەی نەهاتووی تێدایە ( ئەگەر هەبوو لە هەمان شوێنی نەهاتوو پشکنەردابنرێت ). ئەگینا لێژنەی باڵا هەڵدەستێت بەدانانی پشکینەر.

## دووەم-ئەرکەکانی یاریدەدەر بەڕێوەبەری بنکەی کۆنترۆڵ

١- یاریدەدەر لە گەڵ بەڕێوەبەری کۆنترۆڵ کاتەکانی ئیشکردن دەستنیشان دەکەن ڕۆژانە بە ( ٢ ) دوو دەمی کار ( شیفت )کە هەر شیفتێکیان لە ( ٤ ) چوار کاتژمێر کەمتر نەبێت.

٢- یاریدەدەری تەکنیکی سەرپەرشتی لێژنەکانی پشکنین دەکات بەگشتی بە هاوکاری سەرپەرشتیارانی لێژنەکانی بابەتەکان.

٣- یاریدەدەری بەڕێوەبەر بەشی خۆیەتی و دارایی لە ئەستۆدا دەبێت و پێویستە بە پێ ی ڕێنماییەکانی دارایی کارەکانی ئە نجام بدات لەبواری خەرجکردنی کرێیەکانی ئەندامانی کۆنترۆڵ وئەندامانی لێژنەکانی پشکنین و وردبینی هەروەها خەرجکردنی وردە خەرجی و پاکتاوی ژمێریاری خۆی دەکات .

٤- هەردوو یاریدەر پێکەوە سەرپەرشتی ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی پشکنەران دەکەن لەگەل چاودێریکردنی دەوامیان. یاریدەدەرەکان بەرپرسن لەهاتنەوەی هەموو تێنووسەکان لە لێژنەکاندا بەهاوکاری سەرپەرشتیارانی لێژنەکان.

٥- هەر دوو یاریدەدەر بەرپرسن لە وردبینی کردنی تێنووسەکان لە ناو هۆڵی کۆنترۆڵدا بۆ وەستانیان لە سەر ڕاستی پشکنین و نمرەی لقەکان و نمرەی سەرەکی پرسیارو کۆنمرە...هتد.بە هاوکاری هەموو ئەندامانی کۆنترۆڵ.

٦- یاریدەدەرەکان بە هاوکاری لە گەڵ بەڕێوەبەری کۆنترۆڵ ڕۆژانە کارەکانی خۆیەتی کۆنترۆڵ وردبینی دەکەن لە ڕووی ژمارەی تێنووسی هاتوو وجێگیرکردنی نەهاتووان و بەخشراوان لە سەر فۆرمی تۆمارکردنی نمرە دووپاتکردنەوە لەوەی کە ژمارەی دەفتەرەکانی هاتوو بۆ کۆنترۆل جووتە لەگەڵ ئەو ژمارانەی لەسەر لیستەکانی نێردەی بەستەکانی هۆڵەکاندا هاتووە وە ڕۆژانە ژمارەی تێنووسی هاتوو جێگیر بکرێت بە بێ کەم و کورتی.

٧- بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکان پێکەوە بەرپرسیارن لە ڕێکی ئە نجامدانی کارەکان و جێ بە جێ کردنی ڕێنماییەکان.

٨- بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی بەیەکەوە بەرپرسیارنله پاکو خاوێنی (ئاو و ئاوەڕۆ وئاودەست و هولەکانی پشکنین و وردبین)ی کۆنترۆلەکانیان و جێ بەجێ کردنی لایەنی تەندروستی و مەرجەکانی فێنکی و ڕۆناکی لەبینای کۆنترولەکەیدا.
٩- بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان بەرپرسیارن لەدابین کردنی پێداویستیەکانی کار وەکو (مێز و کورسی و پێنوس و ....هتد) بەژمارەی پێویست و پیش دەست پێکردنی کارەکان ئامادە بکرێن.
١٠- بەڕێوەبەر و یاریدەدەری کۆنترۆل بەرپرسیارن لە کۆنترۆل کردنی دەوامی لێژنەکانی پشکنین و وردبینی و دەرنەچوونی پشکنەران پێش تەواو بوونی دەمی کار.

## سێ یەم-ئەرکەکانی ئەندامانی کۆنترۆڵ

ئەندامانی کۆنترۆڵ دوای دەست بەکاربوونیان لە کۆبوونەوەیەکدا لێژنەکانی پێویست پێك دەهێنن بە جۆرێك کە میکانیزمیکی باش بداتە بەڕێوەچوونی کارەکان کە ئەمانەن :

١- لێژنەی خۆیەتی: هەڵدەستێت بەکاری کردنەوەی بەستەکانی هاتوو لە پارێزگاکاندا وتۆمارکردنی ژمارەی تێنـــووس وجێگیرکردنی ژمارەی نەهاتووەکان لە تۆمارگەیەکی تایبەتدا وە دەستنیشانکردنی ئەو کەم و کورتییانەی هەن،لەبوونی (گزی) وهەر سەرپێچییەکی تر،ودەبێت ژمارەی تێووسەکان لەگەڵ ژمارەی قوتابی/خوێنکاری ئەزموونددەر جووت بن دوای ڕەچاوکردنی ئەوانەی زیاتر لە دەفتەرێکیان بەکار هێناوە
٢- لێژنەی وەرگرتنی بەستەکان : بەرپرسیارن لە وەرگرتنی بەستەکان کەلە بەڕێوەبەرێتیەگشتییەکانەوە هاتوون وتۆمارکردنیان لە تۆمارێکی تایبەت بە وەرگرتنەکەوپێدانی پسوولەی وەرگرتن بە هێنەری بەستەکان.
٣- لێژنەی داخستنی تێنووسەکان: هەموو ئەندامانی کۆنترۆڵ پێکەوە بەرپرسیارن لە نهێنی کردنی تێنووسەکان بە شێوەیەك کە زیان بە ناو وژمارەی ئەزموونی قوتابی /خوێندکار نەگەیەنێت .
٤- لێژنەی وردبینی کردنی تێنووسەکان: هەموو ئەندامانی کۆنترۆڵ بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی هەموو تێنووسەکانی بابەتەکان دوای پشکنین و وردبین کردنیان لە پێش کردنەوەیاندا.
٥- لێژنەی کردنەوەی تێنووسەکان: هەموو ئەندامانی کۆنترۆڵ بەرپرسیارن لە کردنەوەی هەموو تێنووسەکانی بابەتەکان وپاراستنی نهێنیەکانیان.
٦-لێژنەکانی تۆمارکردنی نمرە : ئەندامانی کۆنترۆڵ بە پێی تایبە تمەندی وبارودۆخیان دابەشدەکرێن بۆ چەند لێژنەیەك بۆ تۆمارکردنی نمرەکان وبە پێی ڕێنماییەکانی لێژنەی باڵا هەڵدەستن بە تۆمارکردنی نمرەکان لە بۆردی تایبەت و نمرەکان بە کۆمپیوتەر دەنووسرێت بە پێ ی ئەو بەرنامەیەی کە لە وەزارەتی پەروەردەوە هاتووە لە لایەن ئەو ئەندامانەی تایبەت بۆ ئەو کارە دەستنیشاندەکرێن لە کۆنترۆلەکاندابەمەرجێك هەر لێژنەیەکی تۆمار چاودێری خوێنەرو چاودێری کۆمپیوتەری هەبێت.
٧-بەبێ ڕەزامەندی لێژنەی باڵا هیچ لایەنێك مافی ئەوەی نیە ئامارێك و زانیاری بداتە هەر لایەنەك.
٨-بە فەرمانی لێژنەی باڵا، لێژنەی کۆنترۆل بە شێوەیەکی ڕەمەکی بەرپرسە لە دووبارە پشکنین و وردبینی کردنەوەی (١٪) تێنووسەکانی هەر بابەتێك پێش کردنەوەو ئاشکراکردنی ناوەکان.
٩- ئامارەکانی ئە نجامەکان بەو شێوەیە ڕێکدەخرێت کە لێژنەی باڵا دەستنیشانیان دەکات.
١٠- پێویستە وردبینی قوتابی و خوێندکارانی یەك بابەت و دوو بابەت بکرێت نەوەك ساڵی پێشتر لەوانە بن کە گزییان ئە نجام دابێت چونکە ئەوانەی گزی ئە نجام دەدەن لە هەموو بابەتەکان بە دەرنەچوو دادەنرێن .
١١- ئەندامانی کۆنترۆل بەرپرسن لە ڕاست و دروستی ئە نجامەکان و تۆمار دەکرێن زانیارییەکان بگرە لە نەهاتووەکان و بەخشراوەکان وئەوانەی پێویستە ٥٠٪ بهێنن لە بابەتی کوردی وعەرەبی وئەو زانیارییانەی پەیوەستە بە ساڵانی دەرنەچوون وڕەکەز ودەرهێنانی ئامارەکان .

## چوارەم- پشکنینی تێنووسەکان

لەبەر ئەوەی داهاتووی قوتابی و خوێندکار پەیوەستە بەو تاقیکردنەوەیە بۆیە پێویستە هەموو ئەندامانی لێژنەکانی پشکنین و وردبینی بەکارامەیی و دڵسۆزی و داد پەروەرانە کارەکانیان ئەنجام بدەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەمانە :

١. پێویستە پێش دەستپێکردنی پشکنین وەڵامی نموونەیی دابنرێت بە ئامادەبوونی هەموو پشکنەران وسەرپەرشتیاری بابەت لە کۆنترۆڵدا بە وەرگرتنی هەموو ئەگەرەکانی وەڵامدانەوە ، ئەووش لەسەر تەختەی ڕەش لەسەرەتای یەکەم دانشتندا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی هەموو پشکنەرەکان شارەزای پرسیارەکان بن و دواتر بخرێتە سەر پەڕە و بدرێت بە پشکنەران.

٢. نمرەکان بە شێوەیەکی گونجاو وداد پەروەرانە بە سەر هەنگاوەکانی شیکاری پرسیارەکان دابەش بکرێت بە هاوکاری هەموو ئەندامانی لیژنەکانی بابەت.

٣.ژمارەی پشکنەران بە پێی ﴿ ژمارەی پرسیارەکان + ٢ ﴾ دابەشدەکرێت بۆ چەند کۆمەڵەیەکەوە کە هەر یەکەیان لێژنەیەك پێك دەهێنێت ئینجا خۆیان سەرپەرشتیارو یاریدەدەری سەرپەرشتیار هەڵبژێرن.

٤.ئەرکی سەرپەرشتیار ویاریدەدەر لە لێژنەی پشکنین بریتییە لە وردبینی وەڵامی هەموو دەفتەرەکانی بەستەکان وبۆیان هەیە پەلپ بگرن لەسەر چۆنێتی پشکنینی پرسیار ئەگەر جووت نەبوو لەگەڵ وەڵامی نموونەیی و ئاراستەکردنی پشکنەرەکان بە باشترین شێوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان وئەگەر پشکنەرێك کەمتەرخەم بوو لە کارەکەی ئەوا پێویستە ئاگاداری بەڕێوەبەری کۆنترۆڵ بکەنەوە بۆ کۆتایی هێنان بە کارەکەی.

٥.بە شێوەی تیرو پشك پرسیارەکان دابەش دەکرێن بەسەر پشکنەران و وردبینان ،وە تێنووسی لێژنەیەك لە لێژنەیەکی تر وردبینی بۆ دەکرێت . ئەم کردارەش پێویستە بە کۆنووس بنووسرێتەوە.

٦. پشکنەران بەگشتی بەرپرسیارن لە هەر هەڵەیەك ، پێویستە کاتەکانی کارکردنیان تەرخان بکەن بۆ پشکنین وەنابێت هیچ پشکنەرێك دەربچێت پێش تەواو بوونی کاتی دەوام .

٧.لە هەر دەمێکی کار( ٤ ) چوار بەستە تێنووس دەدرێت بە هەر ( لێژنەیەك ) وە پێویستە کاتی دیاریکراو هەمووی سوودی لێی وەربگیرێت بۆ کاری پشکنین.

٨.سەرپەرشتیاری هەر لێژنەیەك بەرپرسیارە لە وەرگرتنی تێنووسەکان بە ژماردن و گەڕاندنەوەیان بە ژماردن .

٩. مەرجەکانی دانانی پشکینەر:-

أ- ڕاژەی خزمەتی مامۆستای پاڵێوراو بۆ قوناغی ئامادەیی لە ( ٥ ) ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- پێویستە بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ لە پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی وانەی وتبێتەوە بەساڵی پاڵاوتنیشەوە .

ت – پێویستە ڕابردوویەکی پەروەردەیی باشی هەبێت وناسراو بێت بـــە دەست پاکی و دڵسۆزی ولێوەشاوەیی ،وە نابێت سزا درابێت لە بواری ئەزموونەکان .

پ-ڕەچاو کردنی ڕێژەی دەرچوون و نمرەی پێوانەیی ( معیاری ) مامۆستای پشکنەر لە ساڵانی ڕابردوو لە کاتی پاڵاوتنیدا .

## پێنجەم-ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان

١- ئامادەکردنی ئەو ڕا پۆرتانە :

أ-ئامادەکردن هەموو ئەو جۆرە ئامارانەی کە داوا دەکرێت وەك دەرهێنانی ڕێژەیی دەرچوون لە بابەتەکان بە پێ ی داتاکان بۆ پەروەردەکان و قوتابخانەکان پارێزگاکان و هەرێم .

ب-دەرهێنانی ژمارەی ئەو قوتابیانەی دەرچووین لە هەموو بابەتەکاندا ئەویش بە پێ ی داتا وەك ئەوانەی تێکرای نمرەکانیان لە نێوان ( ٩٠ – ١٠٠ ) وە ئەوانەی تێکرایان لەنێوان ( ٨٠ - ٨٩ ) .....هتد ( ٠-٩ ) لەسەر ئاستی قەزاو پارێزگا ئیدارە سەربەخۆکان هەر کاتێك لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەبوون و دواتر هەرێم .

ت-ئامادەکردنی ڕا پۆرتی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان .

پ- ئامادەكردنی ڕاپۆرت لەسەر چۆنیەتی كاركردنی هەریەك لە پشكنەران وهەڵسەنگاندنیان بە ڕاشكاوی بە پێ ی فۆرمی تایبەت.
ج- ئامادەكردنی ڕاپۆرتێكی تێرو تەسەل دەربارەی ئەندامانی كۆنترۆڵ و ڕادەی هەست بە لێپرسینەوەیان دڵسۆزیان لە كارەكانیان وبە پێ ی فۆرمی تایبەت .
ح-ئامادەكردنی كورتەی ئامارەكانی ڕێژەی دەرچوون لە هەر پارێزگایەك بە گوێرەی بەشداربووان و ئەزموندەران و ئەزموندەرانی گشت بابەت بۆ پارێزگاكان و لەسەر ئاستی هەرێمیش .
٢-بەڕێوەبەری هەر بنكەیەكی كۆنترۆڵ ئەو ئامارو ڕاپۆرتانەی سەرەوە دەداتە لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕاگەیاندنی ئە نجامەكان .
٣-كارەكانی بنكەی كۆنترۆڵ تەواو نابێت تا هەموو ئەو ئامارانە نەداتە لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان .
٤-لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان تەنها لایەنە كە ئە نجامەكان ڕادەگەینێت .
٥- پاش ڕەزامەندی وەرگرتن بۆ ڕاگەیاندنی ئە نجامەكان ، بنكەی كۆنترۆڵ بەم شێوەیە ئە نجامەكان دابەش دەكات :
أ- وێنەیەك بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە لەگەڵ ئامارەكان .
ب- وێنەیەك بۆ سەرۆكی لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان لەگەڵ ئامارەكان .
ت- وێنەیەك بۆ لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان لەگەڵ ( دوو فلاش میموری ) و( ٢ ) نسخە لە ئامارەكان .
پ- وێنەك لە ئە نجامەكان بۆ ب. بروانامەكان .
ج- ئە نجام بە ( CD ) بۆ بەشی هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئامارەكان .
ح- ( دوو ) وێنە لە ئە نجامەكان بۆ ب. گشتی هەر پارێزگایەك لەگەڵ ( CD٢ ) ئە نجام لەگەڵ وێنەیەك لە ئامارەكانی تەنها لەسەر ئاستی پارێزگاكەی.
خ- پەروەردەی هەر قەزایەك وێنەیەك لە ئە نجامەكانی تایبەت بە خۆی و یەك ( CD ) وئاماری تایبەتی قەزاكەی پێدەدرێت.
د- تەنها یەك ( CD ) ئە نجامەكان دەدرێت بەهەریەكە لە ب.گشتی نەخشە وئامارەكان و ب.گشتی سەرپەرشتی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری.
ژ- ( دوو ) وێنە لە ئە نجامەكان بۆ ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان /خوێندكاران لەگەل یەك ( CD ) .

## شەشەم- پەڵپ گرتن ( الاعتراض ) لە تاقیكردنەوە گشتییەكاندا

### ١- پەڵپ گرتن لەئە نجامی تاقیكردنەوەی گشتییدا

أ- ئە نجامەكانی تاقیكردنەوە گشتییەكان بنبڕە, ناكرێت دووبارە چاوپێخشاندنەوەی بۆ بكرێت لە پشكنین ووردبینی تێنووسەكان .
ب- قوتابی بۆی هەیە پەڵپ بگرێت لەسەر ئە نجامەكەی لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئە نجامەكانی خولی یەكەمەوە وبۆ ماوەی یەك هەفتە لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئە نجامەكانی خولی دووەم, بەرامبەر( ٣٠٠٠ ) دینار بۆ پەلپ گرتن لە هەر بابەتێك بەمەرجێك سەرجەمی ئەوپارەی كە دەیدات لە ( ٩٠٠٠ ) دینار تێپەر نەكات لە هەرچەند بابەت پەڵپ بگریت ، ئەو بڕە پارەیەش بە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەروەردەكەی بە پسولە ئەدرێت.
ت- لێژنە پسپۆرییەكانی كۆنترۆڵەكان بە هەموو ئەندامانییەوە هەڵدەستێت بەچاوپێخشاندنەوە لە فەراموشنەكردنی هیچ لە وەڵامەكانی ناو تێنووس وبە دروستی كۆكردنەوەی نمرەكانی لقەكان ونمرەی سەرەكی پرسیارو گواستنەوە یان لە ناوەوەی تێنووس بۆ بەرگەكەی وەك پێویستە ودووبارە كۆكردنەوەیان و دڵنیابوون لەسەرجەمی نمرەكانی تێنووس ولە پشكنینی هەموو وەڵامەكانی ناودەفتەر.

پ- ئەگەر ئاشكرابوو ئەوكەسەی پەڵپی گرتووە پەڵپەكەی تەواوە لەبەر ئەوەی پارەكەی بە پسوولە لێی وەرگیراوە بۆی ناگەڕێتەوە.

ج- پاش تەواوبوونی كارەكانی پەڵپی خولی دووەم وێنەی ئەنجامەكانی چاككراوە (رەشنووس) ی هەردوو خول دەدرێتەوە لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان بۆ پاراستنی وكارپێكردنی وەك سەرچاوە بۆ چارەسەری كێشەكان لە داهاتوودا.

ح- ئەنجامی ئەو پەڵپانەی گۆڕانیان بەسەر داهاتووە بە رێگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە گشتییەكانەوە بۆیان رەوانەدەكرێتەوە.

## ٢- ئەنجامی پەڵپ بۆ پۆلەكانی (١٠ ، ١١) ی ئامادەیی كۆتایی وەرزەكان

قوتابی/خوێندكار بۆی هەیە پەڵپ لەئەنجامی تاقیكردنەوەی كۆتایی وەرز بگرێت لە بەرامبەر هەمان بڕی دیاری كراو لە خاڵی (٢) سەرەوە وە بە هەمان رێنمایی.

# حەوتەم-كارە گشتییەكانی كۆنترۆڵ

١. پابەندبوونی هەموان بە دەوامی رۆژانەوە بگرە لە ئەندامانی كۆنترۆڵ وەتاوەكو پشكنەران و فەرمانبەران.

٢. رێگرتن لە بەكارهێنانی هەموجۆرە ئامێرێكی گەیاندن وەك ﴿ مۆبایل – هێد فۆن – بلوو توث....هتد﴾.

٣. لەبەر ئەوەی بنكەكانی كۆنترۆڵ جێگەی گشتێن وفەرمانگەی فەرمی میرین بۆیە جگەرەكێشان لە ناو كۆنترۆڵ ولێژنەكانی پشكنین و ووردبینی قەدەغەیە.

٤. كەس بۆی نیە لێدوان بدات لەسەر كاروباری گشتی كۆنترۆڵ بە تایبەتی بەڕێوەبەری كۆنترۆڵ و یاریدەدرانی وسەرجەم ئەندامانی كۆنترۆڵ.

٥. پارێزگاری هێمنی و ئاسایشی كۆنترۆڵ وكەس بۆی نییە بێتە ناو بنكەكان جگە لەوانەی كە ڕێپێدراون بەبڕیاری لێژنەی باڵا هەروەها هەڵگرتنی چەك لە ناو بنكەكاندا قەدەغەیە بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت.

٦. بەڕێوەبەری كۆنترۆڵ و یاریدەدەرەكانی بەرپرسیارن لەگەڵ سەرپەرشتیارانی لێژنەكانی بابەت لە بەرزكردنەوەی را پۆرتێكی تێرو تەسەل دەربارەی پشكنەران و هەڵسەنگاندنی پرسیارەكان و ئامادەكردنی ئامارەكانی پێویست وهەمووكارەكانی دیكەی كارگێری و تەكنیكی.

٧. ئیشوكارەكانی كۆنترۆڵ كۆتایی نایەت تا كارەكانی پەڵپ گرتن تەواو دەبێت، پێویستە هەموو ئەندامانی لێژنەكە بەشداری لە ئەنجامدانی ئەم كارە بكەن.

٨. ئەنجامەكان ڕاناگەیەنرێت تا ئاماری تایبەت و ئەو را پۆرتەی لەخاڵی شەشەمدا هاتووە دەدرێتە لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان وئەوان ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت.

# رێنمایی ژمارە (١٠)

# تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی پەروەردەكان

١- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە بەرپرسی یەكەمە لە بەڕێوەبردنی تاقیكردنەوە گشتییەكان لە پارێزگا دا.

٢- لێژنەی لقی پێكەوە بەرپرسیان لە ئەنجامدانی ئەم كارانە:

أ-ووردبینی كردنی داواكارییەكانی قوتابییە دەرەكییەكان و بڕیاردانی وەرگرتنیان بە پێ ی رێنماییەكان.

ب-رێكخستن وئامادە كردنی پێداویستیەكانی ئەزموونە گشتییەكان.

ت–چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە پێویستیان بە بڕیاری لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان نییە.

پ- پاڵاوتنی پشكنەران( الفاحصین) بەژمارەی داواكراو وبەگوێرەی مەرجەكانی پاڵاوتن بۆ قۆناغی ئامادەیی بەهاوكاری لەگەڵ یەكەی سەرپەرشتیاری ودڵنیایی جۆری لە پارێزگا وناردنی ناوەكانیان بۆ لێژنەی باڵا(بەردەوام) بۆ ئەنجامدانی پێویست.

ج – هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرو چاودێر بۆ هۆڵەكانی ئەزموونەگشتییەكان ودەركردنی فەرمانی پێویست بە دانانیان.

ح– ئامادە كردنی مەڵبەندە ئەزموونیەكان وبە پێ ی رێنماییەكان.

خ– دەرهێنانی ڕێنماییەکانی تایبەت بەئەزموونە گشتییەکان بۆ هەموو بەڕێوەبەرەکانی هۆڵە ئەزموونیەکان وئە نجامدانی کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەت بە شیکردنەوەی ئەو ڕێنماییانە و کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرانە .

ژ- پێدانی هەموو پێداویستیەکان لە پەڕاو فۆرمی تایبەت و کەلوپەل وئامادە کردنی پاسەوانی پێویست لە پۆلیس و کارمەندی ئاسایش بۆ مەڵبەندە ئەزموونیەکان و مەڵبەندەکانی کۆنترۆل .

ر– دابین کردنی هۆکارەکانی ڕووناکی وفێنك کەرەوە بۆ قوتابیان لەکاتی ئەزموونە گشتییەکاندا .

٣- أ- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە بە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکانەوە فەرمان دەداتە بەڕێوەبەرایەتی قوتا بخانەکانی بنەرەت و ئامادەیی بۆ پڕکردنەوەی کارتی بەشداری کردن ( هویە الاشتراك )لە ئەزموونەگشتییەکان لەگەڵ گرنگیدان بە نووسینی کۆدی قوتابی وخوێندکار و ڕاهێنانیان بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەو قوتابیانەی مافی بەشداریان وەرگرتووە بە پێ ی ڕێنمایی وناردنی بەشی یەکەمی ئەو کارتانە بۆ بەشی ئەزموونەکان کە ئەوانیش دەیدەن بە بەڕێوەبەری هۆڵ پێش دەستپێکردنی ئەزموونە گشتییەکان،ونیوەی دووەمی کارتەکانی بەشداری دەدرێتە قوتابی و خوێندکار .

ب-هەر هەمان کارتەکانی خولی یەکەمی ساڵی خوێندن بۆ خولی دووەمیش بەکار دێت .

٤-لیژنە لقی وسەرۆکەکەی بەرپرسیارن لە ئامادە کردنی ئەو ژمارە دەفتەرو پەراوانەی کە پێویستیان پێیەتی پێش دەستپێکردنی ئەزموونە گشتییەکان بەکاتێکی گونجاو .

٥- پاڵاوتنی ئەندامانی لیژنەکانی کۆنترۆلی نیشتمانی و ئامادەیی و بە ژمارەی داوا کراو وبە پێ ی ئەو مەرجانەی کە لیژنەی باڵا دایدەنێت بۆ ئەندامی کۆنترۆل ورەوانە کردنیان بۆ لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان لە کاتی پێویست .

٦-هەڵبژاردنی ئەندامانی پشکنین و ووردبینی ( الفاحصون والمدققون )بۆ قۆناغی ئامادەیی بە ژمارەی داواکراو وبە هاوکاری لەگەڵ یەکەی سەرپەرشتیاری دڵنیای جۆری وناردنی ناوەکانی پاڵێوراوانی ئامادەیی بۆ لیژنەی باڵا پێش ٤/٢٠ ی هەر ساڵێك بۆ دەرهێنانی فەرمانی پێویست ، وبە پێ ی ئەو بنەمایانەی خوارەوە :

أ- ڕاژەی خزمەتی مامۆستای پاڵێوراو بۆ قوناغی ئامادەیی لە ( ٥ ) ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- پێویستە بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ لە پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی وانەی وتبێتەوە بەساڵی پاڵاوتنیشەوە .

ت – پێویستە رابردوویەکی پەروەردەیی باشی هەبێت وناسراو بێت بـــە دەست پاکی و دڵسۆزی ولێوەشایەوەیی ،وە نابێت سزا درابێت لە بواری ئەزموونەکان .

پ-رەچاو کردنی ڕێژەی دەرچوون و نمرەی پێوانەیی ( معیاری ) مامۆستای پشکنەر لە ساڵانی رابردوو لە کاتی پاڵاوتنیدا .

٧-سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەیی قۆناغی ئامادەیی پێویستە بە درێژایی ساڵ هەوڵ بدات بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان بۆ کارەکانی پشکنین و وردبینی وە دەستنیشانکردنیان لەکاتی سەردانەکانیان بۆقوتا بخانە وخوێندنگاکان وهەول بدات کە مامۆستایان گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی وەزارەت بن لە جێ بە جێ کردنی ئەرکەکانی ئەزموونە گشتییەکان.

٨-نابێت بە هیچ شێوەیەك فەرمانبەر لەسەر میلاکی کارگێری وەزارەت ویان بەڕێوەبەریتی گشتی پەروەردە سەرۆك یان ئەندام یان پشکینەر بێت لە مەڵبەندی کۆنترۆل.

١٠-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەر پارێزگایەك ساڵانەمەلبەندە ئەزموونییەکانی قۆناغەکانی خوێندن بۆ لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان رەوانە دەکات تیایدا بە ڕاشکاوی ژمارەی قوتابیانی هەر مەلبەندێك و جۆری خوێندنی وزمانی خوێندنی تیادا روون دەکاتەوە ، دەبێت مەڵبەندەکان تەنها یەك جۆرە خوێندن لە خۆ بگرن و بە شێوەیەك ریزبکرێن کار ئاسانی بۆ جێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەگشتییەکان بکات و ئەو زانیارییانە پێش ٣/٢٠ هەر ساڵێك بگاتە لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان هەروەها ئەو ئامارانەش رەوانە بکات :

أ-ئامارێك تیایدا ژمارەی ئـــەوقوتابیانەی کـەمافی بەشدارییان وەرگرتووە لە پۆلی ( ١٢ )ی ئامادەیی وبە پێ ی لقەکانی خوێندن دەستنیشان دەکرێت .

ب-ئامارێك بە ژمارەی سەرجەم ئەو قوتابیانەی مافی بەشـداری وەردەگـــرن لەقۆناغی ( ٩ ) ی بنەرەت.

ت-ژمارەی ئەو قوتابیانەی بە شێوەی دەرەکی بەشداری دەکەن لە هەر یەکەلە قۆناغی بنەرەت و ئامادەیی بۆهەردوو

لیستەکانی برگەگانی ( أ - ب ) زیادەکرێن .

١١-بەڕێوەبەرایەتی قوتا بخانە لیستێك بەناوی ئەوقوتابی وخوێندکارانەی مافی بەشدارییان وەرگرتووە لە ئەزموونە گشتییەکان پاش جێگیرکردنی ژمارەی ئەزموونی و دوای بەراوورد کردنی ناوەکان لەگەڵ ناسنامەی باری شارستانی رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە دەکات لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کە دەبێت ناوەکان بە گوێرەی پیتی ( هیجائی ) ئەلف و بێ ڕێزبکرێن لە ئاستی قوتا بخانەدا نەك لە ئاستی پۆل, و وێنەیەك لەو لیستە دەستنووسە رەوانەی مەڵبەندەکانی کونترۆل بکرێن هەریەکە بە گوێرەی قۆناغی خۆی.

١٢-بەڕێوەبەرایەتی قوتا بخانەکان ئاگادار بکرێنەوە کە پێویستە ئە نجامەکانی ئەزموونە گشتییەکان پاش ووردبینی کردنی ( نمرەکان وسەرجەم وئە نجام ) بەشێوەی نووسینەکی بەسەر قوتابیان رابگەیێنن و پێویستە کارتی نمرەکان پشتگیری کرابێت بە ئیمزای بەڕێوەبەر و مۆری قوتا بخانە، ئە نجامەکەش لە تۆماری تایبەت بەو کارە تۆمار بکرێت ئیمزایقوتابی/خوێندکار وەربگیرێت.

١٣-دەرکردنی فەرمانی تایبەت بە ئەزموونەکان بە پێ ی رێنماییەکان و دابەشکردنیان بەسەر هۆلە ئەزموونییەکان بەلایەنی کەمەوە پێش هەفتەیەك لە دەستپێکردنی ئەزموونەکان

١٤- داوا کردن لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی شار بۆ دابین کردنی پاسەوانی پێویست بۆ مەڵبەندە ئەزموونیەکان لەکاتی پێویستدا.

١٥-دابەش کردنی مەڵبەندی پارێزگەکان بۆ بنکەی دابەش کردنی بەرگە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەگشتییەکانی وە بە پێ پێویست بۆ پۆلەکانی ( ٩-١٢ ) بەمەرجێك لەهەشت بنکە تێپەر نەکات .

١٦-بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە هەڵدەستێت بە گرێدانی کۆبوونەوەی تایبەت بۆ سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی پەروەردەی قەزاکان پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکان بە کاتێکی گونجاو بۆ ئەوەی رێنماییان بکات وگرنگی پرۆسەی ئەزموونەکانیان بۆ روون بکاتەوە ، هەروەها بۆوەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەیان دەکرێت ئەوانیش بەدەوری خۆیان کۆبونەوە بەڕێوەبەری ئەزموونەکان دەکەن بۆ گەیاندنی رێنمایی و ڕوونکردنەوەکان.

## رێنمایی ژمارە ( ١١ )
## تایبەت بە ڕێکخستنی مەڵبەندەکانی ئەزموونە گشتییەکان

١- پێویستە مەڵبەندی ئەزموونی گشتی دوور بێت لە شوێنەکانی دەنگە دەنگ و ناهێمنی وەك بازار و گەراجەکانی گواستنەوە و شوێنەکانی کارکردنی میکانیکی .

٢-أ-ژمارەی قوتابیان لە هەر مەڵبەندێك نابێت لە ( ٦٠ ) قوتابی وخوێندکار کەمتربێت و ( ١٠٠ ) تێپەربکات ،بۆ ئەمەش پشت ببەسترێت بە ئامارێکی ووردو نەوەك لەسەر بنەمای خەملاندن وە ئەگەر ژمارەکە لە ( ٨٠ ) زیاتری کرد دەکرێت بە دوو پاریدەدەر.

ب- لاریمان نیە هۆلی ئەزموونی لەو شوێنانە بکرێتەوە کە ( ٤٥ ) قوتابی/خوێندکاری بەسەرەوە تیدایە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بۆی هەیە هۆلی ئەزموونی لەو شوێنانە بکاتەوە بەمەرجێك سەلامەتی و ئارامی تاقیکردنەوەکان پارێزراو بێت.

ت- نابێت هۆلی ئەزموونی تاقیکردنەوەی گشتی لەو شوێنانە دابنرێت کە نەتوانرێت کۆنترۆل بکرێت وبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بەرپرسە لێ ی.

٣-ئەو قوتابیە دەرەکیانەی مافی بەشدارییان وەرگرتووە دابەش دەکرێن بەسەر مەڵبەندەکان وبەرێژە،ونابێت مەڵبەندی تایبەتان بۆدابنرێ.

٤-ئەگەر تاقیکردنەوە بەراییەکان دواکەوت بە هەر هۆیەك بێت ئەوا ژمارەی ئەوقوتابیە دەرەکییانەی مافی بەشداری وەردەگرن بە گوێرەی ژمارەیان لە ساڵی پێشوودا دەخەمڵێندرێت + ٥٪ بۆ مەبەستی رەوانەکردنی مەڵبەندی ئەزموونی بۆ لێژنەی بالا .

٥- هەموو ئەو قوتابیانەی لە پۆلە کۆتاییەکانن بە بەشداربوو دادەنرێن بۆ مەبەستی ئامادە کردن وڕێکخستنی مەڵبەندەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان .

٦-لیستەکانی مەڵبەندە ئەزموونیەکان وژمارەی قوتابیانیان رەوانەی لێژنەی بالای ( بەردەوام ) دەکرێن بە دوو وێنە ،وبۆ هەردوو

قۆناغی بنەڕەت و ئامادەیی ، و پێویستە  پێش( ٣/١٠ ) هەر ساڵێك بگات.

٧- پێویستە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە و لیژنەی لقی ئەزموونە گشتییەکان ئەو شوێنانە دەستنیشان بکەن کە شایستەی ئەوەبن بکرێن بە مەڵبەندی تاقیکردنەوە و هەموو پێداویستەیەکانی فێنکی و رووناکیان بۆ ئامادەبکەن وە بۆ ئەو مەبەستەش لیژنە پێکبهێنرێت لە پەروەردەی قەزاکان بۆ دەستنیشانکردنی هۆلی ئەزموونی وتەواو کردنی کەم و کورتییەکانیان وە ئەو لیژنانە بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان دەبن وبەرپرسیاریشن لەهەر کەم وکورتییەك.

٨-بەهیچ شێوەیەك ناکرێت ئەو شوێنانەی تەرخان کراون بۆ  مەڵبەندی کۆنترۆل بکرێنەهۆڵی تاقیکردنەوە گشتییەکان .

٩- پاککردنەوەی دیوارەکانی ئەو قوتا بخانانەی دەکرێنە هۆڵی ئەزموونی گشتی لە نووسین و هۆکارەکانی گزی وئەگەر زانرا دەست نادات نابێت بکرێنە هۆڵی ئەزموونی .

١٠-ئەو قوتا بخانە بنەڕەتیانەی کورسی دانیشتنیان بچووکە نابێت بکرێنە مەلبەندی ئەزموونە گشتییەکان ، ولە کاتی زۆر پێویست دەبێت کورسی گەورەیان بۆ دابین بکرێت .

١١-بەڕێوەبەرایەتی قوتا بخانەو خوێندنگاکان هەموو  پێداویستیەکانی لایان دەست دەکەوێت وەك عەمبار ( دێن ) و ئامێری سارد کەرەوەی ئاو وفێنکی   ........ و هتد کە لە قوتا بخانەکەیان دەست دەکەوێت  بخەنە بەردەست بەڕێوەبەری هۆڵی ئەزموونی بۆ بەکارهێنانیان وتاوەکو ئەزموونە گشتییەکان کۆتایی دێت  .

١٢-بەباش دەزاندرێت کە هەندێك لە چاودێرانی مەڵبەندی تاقیکردنەوەی گشتی ، مامۆستایانی ئەو قوتا بخانەیە بن کە کراوەتە مەڵبەندی ئەزموونی  لە ( مامۆستایانی هونەر و وەرزش و کۆمپیوتەر ویا مامۆستایانی بنەڕەت ئەگەر قوتا بخانەکە بنەڕەتی بوو ) بەمەرجێ ( قوتابیانی خۆیان تیا تاقیکردنەوە نەکەن ).

١٣-کارگوزارەکانی ئەو قوتا بخانەی کراوەتە هۆڵی ئەزموونی  کارە خزمەتگوزارییەکانی  هۆڵەکە بەڕێوەدەبن.

١٤- سەرۆکی لیژنەی لقی ئەزموونە گشتییەکان لە  پارێزگا و بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا بەرپرسن لە دابینکردنی ئامێری وەستاندنی پەرشی  مۆبایل وە بە ژمارەی تەواو یان هەر ئامێرێکی هاوشێوە بۆ هۆڵە ئەزموونییەکان وبەڕێوەبەری هۆڵ بەرپرسە لە ئاگادارکردنەوەی لیژنەی پەروەردەی قەزا ئەگەر ئامێرەکان لەکار کەوتن ویا وزەی کارەبایان نەخرابێتە سەرو وەکو پێویست ئاراستە نەکرابن ، و ئەو ئامێرانە تەنها لەکاتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان و کۆتای وەرزەکان  بەکار دێن وهەر جۆرە بەکارهێنانێکی تر ڕێگای  پێنادرێت و ئەوەی بەکاری دەهێنێت خۆی بەرپرسیارە .

١٥- پێویستە لەسەر لیژنەی لقی پارێزگا و لیژنەی لقی قەزایەکان ئامێری بژمێری ئەلیکترۆنی لەجۆری بژمێرەی زانستی ( Scientific Calculation ) دابین بکەن بۆ هۆڵەکان بە  پێ ی ژمارەی ئەزمووندەران کە نابێت میموری هێلکاری تیابێت .

## ڕێنمایی ژمارە ( ١٢ )

## دەربارەی تاقیکردنەوەی دەرەکی لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی ئامادەیی

### یەکەم : تایبەت بە بەشداری لە پۆلی ( ١٢ )ی ئامادەیی بەرێگای دەرەکی

١-  ئەگەر قوتابی وخوێندکار دوو ساڵ لەسەر یەکتر لە  پۆلیٚ ( ١٢ )ی ئامادەیی دەرنەچیت  ئەوا ئازادە لەوەی خوێندن تەواو بکات بە دەوامکردنی سالێکی تر لە قوتا بخانەکانی ئێواران ویان وەك قوتابییەکی دەرەکی بەشداری بکات لەئەزموونە گشتییەکان بە ڕێگای ئەزموونە بەراییەکان.

٢-  قوتابی/خوێندکاری ئێواران و دەرەکیەکان ئەوانەی بە یەك ساڵ پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی دەبڕن هەمان ڕێنماییەکانی قوتابی خوێندکاری ڕۆژ دەیانگرێتەوە بەڵام ئەوانەی لەقوتا بخانەکانی ڕۆژ مافی دەوامیان نامێنێت و دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرناچن لە پۆلی ( ١٢ ) ئامادەیی و ئینجا دەچنە قوتا بخانەی ئێواران یان ڕێگای دەرەکی دەگرنە بەر و ساڵی یەکەم دەردەچن ئەوانە بەیەك ساڵە هەژمارناکرێت.

٣- دەرچووانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ( ئەوانەی بەرێگای دەرەکی تەواویان کردووە تەمنیان ڕێگرە بۆ بەردەوام بوون لە ڕۆژ یا ئێواران ) پێویستە پۆلەکانی ( ١٠ ، ١١ ) ی ئامادەییش بەرێگای دەرەکی ببرێت بۆ ئەمەش پێویستە لە پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی مافی بەشداری بەرێگای تاقیکردنەوە بەراییەکان بەدەست بهێنێت پێویستی بە نمرەی وەرزەکانی پۆلی ( ١٢ )ی ئامادەیی نیە ،لەبەر ئەوەش پێویست ناکات لەو پۆلەدا تاقیکردنەوەی وەرزەکان بکات.

٤- ئەو قوتابی/خوێندکارانەی دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوون و دواتر بەرێگای خوێندنی ئێواران بەردەوامیان بە خوێندن داوە و پۆلیان بریوە گەیشتونەتە پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی بۆیان هەیە بەشێوەی دەرەکی وبە ڕێگای تاقیکردنەوەی بەرایی ، خوێندن تەواو بکەن ئەگەر بەڵێننامەیاندا بەوەی کە جارێکی تر نەگەڕێنەوە خوێندنی ڕۆژ وەیان ئێواران بە مەرجێك ئەو ساڵەی داوا پێشکەش دەکات تۆمار نەکرابێت لە قوتابخانەکەی.

٥- أ- قوتابی و خوێندکاریٚ پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی ئەگەر لە ساڵی یەکەمی خوێندنی لەو پۆلەدا مافی بەشداری وەرگرت لە تاقیکردنەوەکانی گشتی( وەزاری ) و دەرچوونی بەدەست نەهێنا ، ئەوا بۆی هەیە ساڵی دواتر بە ڕێگای دەرەکی تەنها بۆ ساڵێك ڕاستەوخۆ بەشداری ئەزموونە گشتییەکان بکات لەسنوری پەروەردەی قەزاکان بە بیٚ بەشداری کردن لە ئەزموونی بەرایی ونابێت جارێکی تر

داوای گەرانەوە بکات بۆ خوێندنی ڕۆژ ( واتە خوێندنی ئامادەیی دەبێت بە دەرەکی تەواو بکات وە بەرێگای بەرایی ) .

ب- هەموو ئەوقوتابی و خوێندکارانەی دوو ساڵ و زیاتر لەسەر یەکتر دەرنەچووین لە پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی لە کاتی داواکردنی بەردەوام بوونیان لە خوێندن بە ڕێگەی دەرەکی پێویستە مافی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان وەربگرن بە ڕێگای ئەزموونە بەراییەکان .

ت- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بە شێوەی دەرەکی مافی بەشداریان وەرگرتووە بە ڕێگای ئەزموونە بەراییەکان بەلاٚم لە ئەزموونە گشتییەکان دەرنەچوون پێویستە ساڵی دواترئەگەر داوای بەشداریان پێشکەش کرد جارێکی تر مافی بەشداری وەربگرنەوە بە ڕێگای ئەزموونە بەراییەکان .

٦- قوتابی /خوێندکاری دەرەکی بەهیچ شێوەیەك و لەهیچ بابەتێك نابەخشرێت خەڵکی هەرێم بێت یا دەرەوەی هەرێم.

٧- ئەو قوتابی وخوێندکارانەی تۆمار کراون لە پۆلە کۆتاییەکان و پاشان مافی بەردەوامبوونیان نەماوە بەهۆی دەرکردن و یا نــــەهاتن ویاهەرهۆیەکی تر، یان ساڵی خوێندنیان بۆ کرابێتە ساڵی نەکەوتن ئـەوا بۆیان نییە وەك قوتابی دەرەکی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکانی ئەو ساڵەدا بکەن هەروەها بۆیان نیە بەشداری لە ئەزموونی دەرەکی پۆلە ناکۆتاییەکاندا بکەن .

٨- ئەو قوتابی/خوێندکارانەی بەشیان گۆڕیوە چونەتە دەرەکی بەلاٚم تەواویان نەکردوە بۆیان هەیـە بـە پیٚ ی دوا بروانامـەیان درێژە بە خوێندن بدەن لەهەمان بەش بەشێوەی دەرەکی ئەگەر دابرانشیان هەبێت.

٩- لەکاتی گۆرینی بەش لەخوێندنی ( زانستی یان وێژەیی ) بۆ پیشەیی وە یان بە پێچەوانەوە پێویستە لە پـۆلی دەیـەمی ئـەو خوێندنە دەست پیٚ بکاتەوە و ساڵانی کەوتنی پێش گۆرینی بەشەکەی بۆ هەژمارناکرێت، ئەمەش تـەنها یـەك جـار ڕێگـای پێدەدرێت لە خوێندنی ئامادەیی بەمەرجێك تەمەنی ڕێگر نەبێت.

١٠- بوار نادرێتە ئەو قوتابیانەی لە پۆلێکی نزمتر لە پۆلە کۆتاییەکان تۆمارکرابن ودەوامیان کردبێت لە قوتا بخانە داوای بەشداری لە ئەزموونەدەرەکییەکان دا بکەن وەك قوتابی دەرەکی لەو ساڵەدا وە لە هەر کام پۆل بێت .

١١- دەکرێت بەندکراوەکان بەشداری بکەن لە ئەزموون وەك قوتابی دەرەکی لەومەڵبەندانەی کە بەرێوەبەریتی گشتی پەروەردە دیاریکردوون بەمەرجێك دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیاریەتی بەشداری پێکردنیان لە ئەستۆ بگرن و پێویستە ئەو بەندکراوانە مەرجەکانی ئەو ئەزموونەیان تێدابێت.

١٢- قوتابی/ خوێندکاری دەرەکی قۆناغی ئامادەیی بەهیچ جۆرێك ڕێگای پیٚ ی نادرێت لە قوتا بخانەی گوندەکان تۆمـار بکـرێن ئەگەر لە ئیستادا دانیشتووی ئەو گوندە نەبن بەرێوەبەری قوتا بخانە بەرپرسە لەو وەرگرتنە.

١٣- قوتابی/خوێندکاری دەرەکی لە قۆناغی ئامادەیی بەهیچ شێوەیەك ڕێگایان پێ نادرێت لە قوتابخانەکانی ئێواران تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزەکان ئە نجام بدەن.

١٤- ئەزموونەکانی قوتابیە دەرەکییەکانی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی ( بەراییەکان و گشتییەکان )لەناو هەرێم ولە مەڵبەندی پارێزگاکان ئە نجام دەدرێت ، وە پرسیارەکانیان لە وەزارەتی پەروەردە ئامادە دەکرێت .

أ- قوتابی/خوێندکار تاقیکردنەوەی کۆششی ساڵانە و تاقیکردنەوەی نیشتمانی نەبێت مافی پێدانی بڕوانامەی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی نابێت بەبێ ی ئەو بڕوانامەیەش مافی بەشداری نییە لە ئەزموونەدەرەکییەکانی قۆناغی ئامادەیی .

ب- هەموو ئەوانەی بڕوانامەی سێ یەمی ناوەندی ( بەکەلۆریای کۆن ) و پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ( نیشتمانی ) یان هەیە بۆ بەشداری لەئەزموونەگشتیەکانی ئامادەیی بەرێگای دەرەکی پێویستە ساڵ بە ساڵ لەوەرزەکانی پۆلی (١٠ و ١١) و ئەزموونی بەرایی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بەشداری بکات بەمەبەستی تەواو کردنی ئەو قۆناغە.

ت- ئە نجامی تاقیکردنەوەی پۆلەکانی (١٠ و ١١)ی ئامادەیی (کۆششی ساڵانە ) بۆ قوتابی دەرەکیش بە پێ ی یەکەی دیاری کراو هەژماردەکرێت ،هەروەها لە تاقیکردنەوەی گشتی ئامادەیی بەهەمان شێوە و بە پێ ی ڕێنماییەکان و بە مەبەستی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ئامادەیی.

١٥- دەرچووانی قوتابخانە پیشەییەکان و ئامادەییە ئیسلامیەکان ( ئەگەر پۆلی (٩)ی بنەڕەتیان تەواو کردبێت ) بۆیان هەیە بەردەوام لە خوێندنی ئامادەیی ئەکادیمی وە کو قوتابی دەرەکی وە پێویستە تاقیکردنەوەکان لە پۆلی (١٠ی) ئامادەییەوە دەست پێ بکەنەوە .

١٦- دەرچووانی پە یمانگەی ئامادە کردنی مامۆستایان و پە یمانگاکانی تر کە لە پۆلی نۆیەمەوە پە یمانگا پێنج ساڵیەکانیان تەواو کردوە بۆ یان هەیە بگەڕێنەوە بۆ خوێندنی ئامادەیی بەرێگای دەرەکی ( ئەگەر هەڵگری بڕوانامەی نۆیەمی بنەڕەت یا سێی ناوەندی کۆن بن ) بەمەرجێك لە پۆلی (١٠) یەمی ئامادەیەوە دەست پێ بکەن.

١٧- وەرگرتنی داواکارییەکانی قوتابیانی دەرەکی ئەوانەی ئارەزووی بەردەوامی خوێندن دەکەن یا ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان بکەن پێویستە ساڵانە لە بەشی ئەزموونەکان لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئەو قەزایەی کە قوتابخانەو خوێندنگەکەی ئەو کەسەی تیابووە بەو شێوەی خوارەوە ناویان تۆمار دەکەن :

أ- لە٢٥/٩/....٢٠١ تاوەکو ٢٠/١٠/...٢٠١بۆ ئەوانەی لە پۆلو ناکۆتاییەکان بەشداری دەکەن

ب-لە٢١/١٠/...٢٠١تاوەکو ٣٠/١١/... ٢٠١ بۆ ئەوانەی بەشداری لە پۆلە کۆتاییەکان دەکەن

١٨- ساڵانە لیژنەیەك پێکدەهێندرێت لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بە سەرۆکایەتی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری تەکنیکی وئەندامێتی بەرێوەبەری تەکنیکی و لێپرسراوی هۆبەی ئەزموونەکان بۆ ووردبینی کردنی بەڵگەنامەکانی ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری لەئەزموونە بەراییەکانی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی بکەن ، ئەولیژنەیەش پێکەوە بەرپرسیارن لە هەر هەڵەیەك وسەرپێچییەك لە وەرگرتنیاندا بەدیار بکەوێت.

١٩- قوتابی یەك بابەتی و دوو بابەتی بە شێوەی دەرەکی ڕاستەو خۆ دەچنە ئەزموونە گشتییەکان ، ئەگەر گزی( غشی ) یان ئە نجام دا لە ئەزموونە گشتییەکان، ساڵی دواتر پێویستە لە هەموو بابەتەکان ئەزموونی گشتی بە دەرەکی بداتەوە و بە رێگای تاقیکردنەوە بەراییەکان مافی بەشداری وەربگریتەوە.

٢٠- ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە قوتابی پیشکەشی بکات بۆ بەشداری کردن لە تاقیکردنەوە دەرەکییەکان ئەمانەن :

أ-فورمی زانیاری تایبەتی بەشدارکردن لەئەزموونی دەرەکی .

ب- بڕوانامەی پێویست بە فەرمی لەدوا پۆلی قوتابخانەکەی دەرچـوو بێت و لەوساڵەی کە دەیەوێت بەشداری تاقیکردنەوەی دەرەکی بکات .

ت- وێنەی نوێ و ڕەنگاوڕەنگ بە پێ ی پێویست .

پ-هەر زانیارییەکی تر کە پێویست بێت و پەروەردەکەی داوای لێ بکات .

٢١- أ-مەڵبەندی تاقیکردنەوەی قوتابی دەرەکی پۆلی (١٢ی ) ئامادەیی بە ڕەزامەندی لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان دەگوازترێتەوە.

ب- مەڵبەندی تاقیکردنەوەی قوتابی دەرەکی قۆناغی بنەڕەت لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر دەگواستیرێتەوە بە ڕەزامەندی هەردوو بەڕێوەبەری گشتی و پێویستە ئەوەش پێش دەستپێکردنی ئەزموونە کانی کۆتایی وەرزەکان بێت.

## دووەم :ڕێنمایی تایبەت بە خوێندنی پیشەیی

١-

أ- قوتابی/خوێندکاری پیشەیی بە هەموو بەشەکانیەوە تەنها ئەوانەی لە ئەزموونی گشتی پۆلی (٣) ی ئامادەیی پیشەیی دەرنەچووە وەیا نمرەی هەردوو وەرزی هەیە بەڵام مافی بەشداری بەدەست نەهێناوە مافی پێشەکەش کردنی داواکاری هەیە بۆ درێژە دان و تەواو کردنی خوێندن وەك قوتابی دەرەکی وپێویستە بەڕێگای تاقیکردنەوەی بەرایی مافی بەشداری بەدەست بهێنێت بۆ ئەمەش پێویستە لە (٣٠٪) نمرەی کردارەکی لە قوتابخانە پیشەییەکان بەپێ ی پسپۆرەکانیان ئە نجام بدەن.

ب-قوتابی/خوێندکاری پیشەیی تەنها لەو لقەی لێ ی خوێندوە مافی ئە نجامدانی تاقیکردنەوەی گشتی هەیە وەك قوتابی دەرەکی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ( ١ - أ ).

٢-قوتابی/خوێندکاری پیشەیی ئەگەر فەرمانبەر بێت لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم ڕێگای پێنادرێت لە خوێندنی پیشەیی و ئەکادیمی ڕۆژ بەردەوام بێت ئەگەر مۆڵەتی فەرمی خوێندنی لە وەزارەتەکەی نەبێت چونکە بەپێ یاسا ناکرێت لە هەمان کاتژمێرەکانی ڕۆژێکدا خوێندن و فەرمانبەریەتی کۆ بکرێتەوە.

٣-تاقیکردنەوەی دەرەکی لە پۆلەکانی یەکەم و دووەم لە هەموو بەشەکانی قوتابخانە پیشەییەکان بەهیچ جۆرێك ڕێگا پێ نادرێت چونکە ئەو قوتابخانانە خوێندنی پراکتیکیان هەیە .

٤- ڕێگا دەدرێت بەو قوتابی /خوێندکارانە کەلە پۆلی دەیەمی ئامادەیی بەشەکانی ( زانستی و وێژەیی ) و بەسەرەوە دەرچووین بگەڕینەوە بۆ ئامادەیە پیشەییەکان بەمەرجێك بگەڕێنەوە پۆلی یەکەمی پیشەیی و تەمەنیشیان ڕێگر نەبێت بۆ ئەمەش پێویستە پێش ڕۆژی (١٠/١٠) هەرساڵێك ئە نجام بدرێت .

٥- لە کاتی گۆڕینی بەش لە خوێندنی (زانستی یان وێژەیی) بۆ پیشەیی وەیان بە پێچەوانەوە پێویستە لە پۆلی دەیەمی ئەو خوێندنە دەست پێبکاتەوە وە ساڵانی کەوتنی پێش گۆڕینی بەشەکەی بۆ هەژمار ناکرێت ئەمەش تەنها یەك جار ڕێگای پێدەدرێت لە خوێندنی ئامادەیی بەمەرجێك تەمەن ڕێگر نەبێت .

## سێ یەم : ڕێنماکانی تایبەت بەتاقیکردنەوە بەراییەکان :

١-ساڵانە ئەزموونە بەراییەکان لە نیوەی دووەمی مانگی شوبات ئە نجام دەدرێت وخشتەی تایبەتی ئەو ئەزموونەش لە لایەن لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکانەوە ڕەوانە دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزاکان .

٢-بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە فەرمانی دانانی چاودێر و بەڕێوەبەری هۆڵە ئەزموونیەکانی ئەو ئەزموونە دەردەکات.

٣-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە مەڵبەندێکی بەڕێوەبردنی پشکنین و ووردبینی (کۆنترۆل ) بۆ ئەو ئەزموونە پێك دێنیت بەسەرۆکایەتی سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕی وە چەند ئەندامێك کە نیوەیان سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بن و نیوەکەی تریان بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ئامادەیی بن کەسەرۆك وئەندامانی پێکەوە بەرپرسیارن لە وەرگرتنی تێنووسەکان لە بەڕێوەبەرانی هۆڵەکان و نهێنی کردنی ناوی قوتابیانی وسەرپەرشتی کردنی پشکنینی تێنووسەکان و تۆمارکردنی نمرەکان

لەسەرلیستی تایبەت وجێگیرکردنی ئە نجامەکان وئامادەکردنی ئامارو را پۆرتە پێویستەکان، وئەرکەکانیشیان وەك ئەرکی کۆنترۆلی ئامادەیی دەبێت لە ئەزموونە گشتی یەکاندا .

٤-بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە فەرمانی پێکهینانی لێژنەکانی پشکنینی ووردبینی تێنووسە ئەزموونیەکان دەردەکات .

٥-نزمترین نمرەی دەرچوون لە ئەزموونی بەرایی ٥٠ نمرەیە وبەرزترین نمرەی دەرچوون ١٠٠ نمرەیە .

٦-ئەگەر قوتابی/ خوێندکاری دەرەکی لە تاقیکردنەوە بەراییەکان دەرچوو ویا ماوە بێت لە ( ٣ ) بابەت ئەوا مافی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان وەردەگرێت .

٧-لێژنەیەکی ووردبینی نمرەکان پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی سەرپەرشتیارێکی پسپۆری بۆ ووردبینی کردنی ئە نجامەکانی ئەو ئەزموونە و پێویستە لێژنەکەش مەڵبەندی کۆنترۆل وبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە ئاگاداربکاتەوە لە هەر هەڵەیەك ئەگەر لە ئە نجامەکاندا دۆزرایەوە ولە بەرواری هەفتەیەك لە راگەیاندنی ئە نجامەکاندا .

٨-هەموو رێنماییەکانی پەڵپ گرتن(الاعتراضات ) لەو ئەزموونەدا وەکـو پەڵپ گرتنی ئەزموونە گشتییەکان دەبێت لە شێوەو کات وئەو برە پارەی لێ یان وەردەگیرێت .

٩-قوتابی و خوێندکاری دەرەکی لە بابەتەکانی ئەو پۆلە تاقیکردنەوە دەکات کە تێیدا وەردەگیرێت ولە دوا پەرتووکی خوێندنی کار پێکراوی پۆلەکە ( الطبعة الاخيرة من الكتاب المقرر) .

## چوارەم :ڕێکخستنی بڕوانامە و تۆمارگەی قوتابیە دەرەکیەکان

١- ئە نجامەکانی ئەزموونە بەراییەکان قوتابی وخوێندکارە دەرەکیـەکان تـەنیا بـۆ مەبەسـتی ئـەزموونی گشـتییە , ناکرێت بڕوانامە یان نووسراو لەسەر ئەو ئەزموونە بدرێ بۆ هەر مەبەستێك بێت .

٢- بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزا ناسنامەی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان بۆ قوتابیە دەرەکیەکان رێك دەخات .

٣- بەڕێوەبەرێتی پەروەردە قەزا تۆمارێك دەکاتەوە بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەو قوتابی خوێندکارانەی کە بەشداری لە ئەزموونـە گشتییەکان دەکەن و نمرەکانیان تیادا تۆمار دەکرێت .

٤- قوتابی و خوێندکاری دەرەکی دەرچوو لە ئەزموونە گشتییەکان لـە پـەروەردەی قـەزاکان بڕوانامـەکانیان پـێ دەدرێـت لـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە راستاندنی بۆ دەکرێت .

٥- بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە هەڵدەستێت بە گەراندنەوەی بڕوانامەی ئەو قوتابی وخوێندکارانـەی کـە مـافی بەشـداریان وەرنەگرتووە بۆ قوتا بخانەکانی خۆیان بۆ ئەوەی لە تۆماریان دەستنیشان بکرێت .

٦- قوتابی بۆی هەیە چەند ساڵ بیەوێت بە شێوەی دەرەکی بەشداری لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا بکات .

٧- رەسمی بەشداری بە بری ( ٢٥٠٠٠ ) دینار لە قوتـابی وەردەگیرێـت لـە جیـاتی بەشـداری کردنـی لـە ئەزموونـە بەراییـەکان وگشتییەکان و ( ٢٥٠٠٠ ) دینار بۆ پۆلە ناکۆتاییەکان بەرامبەر پسولەیەکی فەرمی وەزارەتی دارایی لە بەڕێوەبەرێتی ژمێریاری پەروەردە .

## ڕێنمایی ژمارە ( ١٣ )

# تاقیکردنەوەی دەرەکی لە قۆناغی بنەڕەتدا

قوتابی /خوێندکاری قۆناغی بنەرەت مافی ئەوەیان هەیە درێژە بەخوێندن بدەن وەك قوتابی دەرەکی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە :

١. قوتابی/خوێندکاری دەرەکی لەهیچ بابەتێك نابەخشرێت لە تاقیکردنەوەکاندا.

٢- أ- قوتابی/خوێندکاری پۆلی نۆیەمی بنەرەت دوای ئەنجامی کۆششی ساڵانە ئەگەر بەشداری تاقیکردنەوەی نیشتمانی نەکات لە خولی یەکەمدا ئەنجامەکەی هەڵدەپەسێردرێت بۆ خولی دووەم ( چونکە ئەنجامەکانی ئەو پۆلە ٥٠ ٪ بۆ تێکرای هەردوو وەرزەو + ٥٠٪ بۆ تاقیکردنەوەی نیشتمانییە ) بە پێچەوانەوە بەدەرنەچوو هەژمار دەکرێت لەو ساڵەدا.

ب- دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە خولی یەکەمدا بۆی هەیە سوود لە نمرەی بڕیار و بابەتی پەرینەوە وەربگرێت بۆ مەبەستی دەرچوون لەو ساڵەدا .

٣. ئەو قوتابی /خوێندکارەی ئارەزووی بەشداری هەیە لە تاقیکردنەوەی دەرەکی داواکاری پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئەو قەزایە دەکەن کە قوتابخانەو خوێندنگاکانیان تێدایە و بەم جۆرە.

أ-ئەوانەی خوێندنیان لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان بوە بۆیان هەیە لەهەمان خوێندنگە درێژە بە خوێندن بدەن ،ئەگەر ئەو شوێنە گونجاو نەبوو ئەوە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا قوتابخانەیان بۆ دەست نیشان دەکات.

ب- ئەوانەی شوێنی نیشتەجێ بوونیان گۆراوە بەگوێرەی بروانامەی دوایین پۆل کە لێ ی دابڕاون درێژە بەخوێندن دەدەن لەشوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستایان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە قوتابخانەیان بۆ دیاری دەکات بۆ مەبەستی خوێندن.

٤. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان ئەو قوتابی وخوێندکارانە دابەش دەکات بەسەر قوتابخانە وخوێندنگاگانی ڕۆژ بەمەبەستی بەشداری پێکردن لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی هەردوو وەرز لەگەڵ قوتابی وخوێندکارانی خۆیان وبەهەمان پرسیار وەلە سەر ( ١٠٠ ) نمرە وبە پێی سیستەم ورێنمایی بڕیاری دەرچوون ومانەوە و دەرنەچوونیان بۆ دەدرێت لەهەردووخولی ئەم تاقیکردنەوەیە و پێویستە لەهەموو بابەتەکانی ئەو پۆلە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن .

٥. ڕێگا نادرێت قوتابی/ خوێندکاری دەرەکی ڕەوانەی قوتابخانەو خوێندنگاکانی ئێواران وەیان خوێندنی خێرا وەیان نەهێشتنی نەخوێندەواری و نائاسایی بکرێن بۆ ئەنجام دانی ئەزموونی دەرەکی .

٦. ئەنجامی ئەو نمرانەی بەدەستی دەهێنن لەتۆمارێکی تایبەت بە( قوتابییە دەرەکییەکان ) لەو قوتابخانانەی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجامداوە تۆمار دەکرێت و وێنەیەك لەو نمرانەی بەدەستیان هێناوە ڕەوانەی ب. پەروەردەی قەزا دەکرێت.

٧. قوتابی /خوێندکار دوای تەواو کردنی قوناغی بنەرەتی مافی بەردەوام بوونی هەیە لەخوێندنی ڕۆژ یا ئێواران لە قۆناغی ئامادەیی ئەگەر مەرجی تەمەن ڕێگر نەبێ.

٨.قوتابی/خوێندکاری بنەڕەتی دوای تەمەنی ( ١٦ ) ساڵ ئەگەر دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوو لە پۆلێکدا ساڵی سێ یەم پێویستە بچێتە خوێندنی دەرەکی یا ئێواران،دوای بڕینی ئەو پۆلە بۆی هەیە بگەڕێتەوە خوێندنی ڕۆژ ئەگەر تەمەنی ڕێگر نەبێت.

٩.قوتابی/خوێندکاری دەرەکی لەهەر قوتابخانەیەك بەردەوام بێت پێویستە :

أ- مەرجەکانی وەرگرتنی وەك قوتابی دەرەکی تێدا بێت و ئەو مەرجانەش لەرێگای پەروەردەی قەزاوە پشت ڕاست کرابێتەوە پێش ناردنی بۆ ئەو قوتابخانەیە.

ب- پێویستە نمرەی دەرچوونی دوا ساڵی خوێندنی لە دوای دابڕانی هەبێت ئەگەر هەر لە قوتابخانەکەی خۆی بەردەوام بوو . وە لە کاتی گواستنەوەی بۆ قوتابخانەیەکی تر پێویستە بە بەڵگەنامەی پشتگیری و بەرێگای پەروەردەی قەزاوە بڕیاری

وەرگرتنی لە شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ بدرێت.

ت- کارتی بەشداربوون لەو قوتا بخانەیە رێك دەخرێت کەتاقیکردنەوەی هەردوو وەرزی ئەنجام داوە.

پ- ناوی دەرەکییەکان پۆلی نۆیەمی بنەرەت لەگەڵ قوتابیانی ئەو قوتا بخانەیە تۆمار دەکرێت لەکاتی ناردنیان بۆ کۆنترۆلی نیشتمانی.

## رێنمایی ژمارە ( ١٤ )

## تایبـــەت بە کـــاروباری قــوتابیـــان

### یەکەم :قوتا بخانە/خوێندنگە حکومەتییەکان

١- رێگا نادرێت بەو قوتابیانەی تەمەنیان لە ( ١٩ ) ساڵ تێپەر بووە دەوام بکەن لە قوتا بخانە بنەرەتییەکانی رۆژ ، وە ئەوانە بە پێی رێنماییەکان ئازادن لەوەی دەچنە خوێندنی ئێواران وە یا بەرێگای قوتابی دەرەکی بەردەوام دەبن لە خوێندن .

٢- قوتابی /خوێندکار بە هیچ شێوەیەك لە قۆناغی بنەرەت دەر ناکرێت تا تەمەنی دەگاتە ١٦ ساڵ هەر چەند ساڵ لەسەر یەکتر کەوتبێت .

٣- ئەگەر قوتابی / خوێندکار دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوو لە پۆلێکدا وە تەمەنی لە ( ١٦ ) ساڵ زیاتر بوو مافی دەوامی لە قوتا بخانە/خوێندنگاکانی رۆژدا نامێنێت، مافی هەیە بچێتە خوێندنی ئێواران ویا بە رێگای دەرەکی لەو پۆلەدا وهەرکاتێك ئەو پۆلەی بری بۆی هەیە بگەرێتەوە خوێندنی رۆژ بەمەرجێك تەمەن رێگر نەبێت.

٤- رێگا نادرێت بەو قوتابیانەی تەمەنیان لە ( ٢٤ ) ساڵ تێپەربووە بۆ کوران ( ٢٥ ) ساڵ بۆ کچان دەوام بکەن لە قوتا بخانە ئامادەییەکانی رۆژ ،وە ئەوانە بە پێی رێنماییەکان ئازادن لەوەی دەچنە خوێندنی ئێواران وە یان بەرێگای قوتابی دەرەکی بەردەوام دەبن لە خوێندن .

٥- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی زیاتر لە ( ٢٥ ) رۆژی نەهاتنی هەبێت بەبێ بەڵگە و هۆ ئەوا مافی دەوامی بۆ ئەو ساڵە نامێنێت وبە دەرنەچوو هەژمار دەکرێت بەهۆی تێپەربوونی ماوەی نەهاتنی.

٦- ئەو قوتابی / خوێندکارانەی رۆژانی نەهاتنیان بۆ قوتا بخانەو خوێندنگا لە( ٤٥ ) رۆژ تێپەر بکات بە بەڵگەو بێ بەڵگە ( بە هەر هۆیەك بێت ) مافی دەوامی نامێنێت وئەو ساڵەی بۆ بە ساڵی نەکەوتن هەژمار دەکرێت .

٧- گواستنەوەی قوتابی و خوێندکار لە قوتا بخانەیەك بۆ قوتا بخانەیەکی تر لەو کاتانە دەبێت :

أ-لەسەرەتای ساڵی خوێندن وە تاوەکو ١١/٣٠ هەر ساڵێك ئەنجام دەدرێت سەبارەت بە وەرزی یەکەم ،وپاش ئەم بەروارە گواستنەوە رادەگیرێت.

ب-لەسەرەتای دەست پێکردنەوەی دەوامی وەرزی دووەم وە تاوەکو ( ٣/٣١ ) ی هەرساڵێك ،و پاش ئەم بەروارە گواستنەوە رادەگیرێت .

٨- هەر قوتابی /خوێندکارێك پۆلی دەیەمی ئامادەیی تەواو کردبێت و بیەوێت لقی خوێندنی بگۆرێت پێویستە بگەرێتەوە پـۆلی دەیەمی ئامادەیی ئەو لقەی هەڵی دەبژێرێت پاش پێشکەشکردنی بەلێننامـەی دادنووسـی پێویسـت کـە بـە ئـارەزووی خـۆی گەراوەتەوە وە لە ئایندە هیچ مافیکی یاسایی و دارایی و قەرەبووی ناکەوێت، لەگەڵ رەزامەندی بەخێوکەرەکـەی بـە شـێوەی نووسینەکی و دابەزینی لە هەموو مافێکی یاسایی ودارایی وە ئەوەش پێویستە لە ( ١٠/١٠ )ی هەر ساڵێك تێپەرنەکات .

٩- ئەو قوتابی/ خوێنکارانەی لە بەندیخانەکان بەردەبن و تەمەنیان یاساییە بۆیان هەیە دەوام بکەنەوە لە قوتا بخانەکانیان ئەگەر بەربوونیان پێش تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم بوو، ئەگەر نمرەی هەڵسەنگاندنیان نـەبوو ئـەوا لـە ١٠٠٪ تاقیکردنەوە بکرێن لە کۆتایی ئەو وەرزەدا ، بەلاَم ئەگەر بەربوونیان پاش کۆتـایی وەرزی یەکـەم بـوو ئـەوا دەوامیـان دوا دەخرێت بۆ ساڵی پاشتر لەگەڵ هەژمار کردنی ئەو ساڵە بۆیان بە ساڵی نەکەوتن .

١٠- قوتابی بۆی هەیە لە قوتا بخانەی ڕۆژ بچێتە قوتا بخانەو خوێندنگاکانی ئێواران ئەگەر :
أ-خاوەن خێزان بێت وبەخێویان بکات پاش پێشکەش کردنی بەڵێننامەی دادنووس و گرێ بەندی ژن هێنان.
ب-ئەگەر فەرمانبەری حکومی بوو دەوامەکەی ڕێگربوو لە قوتا بخانەی ڕۆژ بخوێنێت .
ج-ئەگەریەکێك لە ئەندامانی پلەی یەکەمی خێزانەکەی نەخۆش بوو وئەو قوتابییەش تاکە کەس بێت لەو خێزانە کە سەرپەرشت وبەخێوکەری بێت لەو بارەدا پێویستە قوتابی را پۆرتی پزیشکی رەسمی کەسەکەو پشتگیری مختاری گەرەك پێشکەش بکات لەگەڵ بەڵێننامەی داد نووس.
د-نابێت قوتابی گواستراوە لەقوتا بخانەو خوێندنگای ڕۆژ بۆقوتا بخانەو خوێندنگاکانی ئیواران و بە پێچەوانەوە لە هەمان ساڵی خوێندن جارێکی تر بگەڕێنەوە .

١١- قوتابی/خوێندکار بۆی هەیە لە قوتا بخانەکانی ئێواران بگەڕێتەوە قوتا بخانەکانی ڕۆژ لەم بارانەدا :
أ-ئەگەر ساڵێکی خوێندنی بەدەرەکی یا ئێواران بڕی وتەمەنەکەشی ڕێگر نەبێت.
ب-ئەگەر لقێکی خوێندنی هەڵبژارد لە قوتا بخانەی ئامادەیی ئێوارانداا ئەو لقە لە خوێندنی ئێوارانداا نەبوو ئەوا دەتوانی بچێتە خوێندنی ڕۆژ بە مەرجێك تەمەنی ڕێگر نەبێت.وە ئەگەر فەرمانبەری حکومەت بوو پێویستە فەرمانگەکەی بە نوسراوی فەرمی مۆڵەتی پێ بدات .
ج-ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی پلەی یەکەمی خێزانەکەی نەخۆش بوو وئەو قوتابییەش تاکە کەس بێت لەخێزان کەسەرپەرشتی و بەخێوی بکات بە شەوان ئەم کارەش ڕێگر بێت لە دەوامی ئەو قوتابییە لەو بارەدا پێویستە قوتابی را پۆرتی پزیشکی رەسمی کەسەکەو پشتگیری مختاری گەرەکی هەبێت کەلە قایمقامییەتی قەزا پەسند کرابێت و پێشکەشی بکات و تەمەنی ڕێگر نەبێت،

١٢- قوتابی /خوێندکاری خوێندنی ئینگلیزی و تورکمانی وسریانی ئەوانەی دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرناچن ئەگەر لە خوێندنی ئێواران جۆری خوێندنیان نەبوو ساڵی سێ یەم لە قوتا بخانەکانی خۆیان بە دەرەکی دەوام دەکەن، ئەگەر ئەو پۆلەیان بڕی بۆیان هەیە بگەڕێنەوە خوێندنی ڕۆژ .

١٣- أ- قوتابیانی خوێندنی ئیسلامی بۆیان نیە داوای گواستنەوە بکەن بۆ قوتا بخانە بنەڕەتییەکان وئامادەیەکانی ئەکادیمی.
ب- ئەوانەی پێشتر لە خوێندنی بنەڕەتی ئەکادیمی یەوە چوونەتە خوێندنی ئیسلامی ئەگەر داوایان کرد بگەڕێنەوە پێویستە لەو پۆلە دەوام بکەنەوە کە پێش چوونیان بۆ ئامادەییە ئیسلامییەکە لێ ی بوینە.

١٤- قوتابیانی کەم ئەندام ( پەککەوتە ) وبەوانەشەوە کەتەمەنیان یاسایی نییە،وەردەگیرێن لە قوتا بخانەکانی ڕۆژ , دوای پێشکەشکردنی را پورتی پزیشکی تایبەت لەلێژنەی تەندروستی قوتا بخانەکان تیایدا پشتگیری ئەو قوتابیە بکات کە( پەککەوتەیە )وتوانای دەوامی نییە لە قوتا بخانەکانی ئێواران وە را پۆرتەکەش پەسند کرابیت لە لێژنەی پزیشکی شار و ، وەزارەت بۆی هەیە تێهەڵچوونەوە ( استئناف ) بۆ را پۆرتەکە بکات رەوانەی لیژنەی بەردەوامی پزیشکی بکات بە مەبەستی دڵنیابوون .

١٥- ئەو قوتابی /خوێندکارە کچەی شوی کردووە لە هەموو قوناغەکانی خوێندندا بۆی هەیە مۆڵەتی منداڵ بوون وەربگرن بە درێژایی ( ٦ ) هەفتە پێش وپاش دانان و ئەو ماوەیەش نابێتە دابران لە دەوام کردنی ساڵی خویندن بەمەرجێك ماوەی دابرانی بە هیچ شێوەیەك لە قوتا بخانەدا نەگاتە ( ٤٥ ) ڕۆژ ئەگەر لەو ماوەیە تێپەری کرد مافی دەوامی نامینێت لەو ساڵەدا وە بۆی دەکرێتە ساڵی نەکەوتن.

١٦-ماوەی پچڕانی قوتابیانی قوتا بخانە بنەڕەتییەکان و ئامادەییەکان لەبەر بەشداری کردنیان لە خولە وەرزشییەکان و پێشبڕکێکان وهەروەها لەئۆردوگاکانی دیدەوانی و چالاکییە ڕەوشەنبیریەکان و هونەرییەکان لەناو هەرێم ودەرەوەی هەرێم بە دەوام لە قوتا بخانەکانیان دەژمێردرێت و بە نەهاتن هەژمارناکرێت بەمەرجێك لەماوەی یاسایی تێپەر نەکات.

١٧- قوتابی راستەوخۆ بەتۆمارکراو دەژمێردرێت لە پۆلەکەی وئەوانەی سەرەتای ساڵی خوێندن زیاتر لە (١٥) رۆژ لە دەوامدا دوادەکەون بە دابراو (تارك) دادەنرێن ئەوەش لە تۆماری گشتی دەستنیشان دەکرێ وئەو ساڵەشی بە ساڵی نەکەوتن بۆ هەژماردەکرێت جگە لەو بوارانەی کە پەیوەندی بە بروانامە هەیە.

١٨- ئەو قوتابی خوێندکارانەی تەمەنیان گەورەیەو داوای گۆرینی تەمەنیان تۆمارکردووە بۆیان هەیە بۆ ماوەی (١) مانگ دەوام بکەن لە بەرواری دەست پێکردنی خوێندندا بێ ئەوەی ناویان بچێتە تۆماری قوتا بخانەوە ، ودەکرێت ئەو ماوەیەش درێژ بکرێتەوە بۆ مانگێکی تر بە بریاری بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و بە پێچەوانەی ئەوە مافی دەوامی نامینێت و خۆی بەرپرسیار دەبێت لە نەهێنانی بریاری دادگا پاش تێپەر بوونی ئەو دوومانگە .

١٩- دەکرێ دەرچووانی قوتا بخانەکانی نەوجەوانان و خوێندنی خێرا دەرچووانی قۆناغی سێ یەم لە پۆلی (٧) ی بنەرەتی وەربگیرێن لە قوتا بخانەکانی بنەرەت ئەگەر تەمەن رێگر نەبێت وزمانی عەرەبی وئینگلیزیان خوێندبێت و نمرەیان هەبێت.

٢٠- قوتابی و خوێندکار ئەگەر دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوو لە پۆلێکدا و ئەو لقەی کە تیایدا خوێندویەتی لە خوێندنی ئێواران نەبوو ئەو دەبێت ساڵی سێیەم بە دەرەکی بەردەوام بێت لە خوێندن و ئەگەر دەرچوونی بەدەستهێنا ئەوا بۆی هەیە بگەرێتەوە خوێندنی رۆژ لە قوتا بخانەکەی خۆی ئەگەر تەمەن رێگر نەبێت.

٢١- قوتابی /خوێندکارانی پۆلی (٩) بنەرەت ئەگەر دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچووبێت بۆیان هەیە ساڵی سێیەم بەردەوام بن لە خوێندنی ئێواران یان دەرەکی ویان ئەهلی وە ئەگەر دەرچوون ( واتە قۆناغیان بڕی ) بۆیان هەیە بگەرێنەوە خوێندنی رۆژ لەقوتا بخانەحکومییەکان ئەگەر تەمەن رێگر نەبێت .

٢٢-لە کاتی گۆرینی بەش لە خوێندنی (زانستی یان وێژەیی) بۆ پیشەیی ویان بە پێچەوانەوە پێویستە لە پۆلی دەیەمی ئەو خوێندنە دەست پێبکاتەوە وە ساڵانی کەوتنی پێش گۆرینی بەشەکەی بۆ هەژمار ناکرێت ئەمەش تەنها یەك جار رێگای پێدەدرێت لە خوێندنی ئامادەیی بەمەرجێك تەمەن رێگر نەبێت.

٢٣-قوتابی/خوێندکاری دەرچووی قۆناغی پێنجەم لە خوێندنی خێرا مافی دەوامی لە قوتا بخانەکانی ئامادەیی ئەکادیمی (زانستی،وێژەیی) نییە و دەتوانی بەردەوامی بە خوێندنیان بدەن لە قوتا بخانەکانی ئێواران ویان بەشێوەی دەرەکی وە بە پێ رێنماییەکان.

## دووەم : رێنمایی تایبەت بە نابینا

١- قوتابی/خوێندکاری نابینا پاش تەواوکردنی خوێندنی بنەرەت تەنها بۆیان هەیە لە خوێندنی وێژەیی بەردەوام بن، ناکرێت نابینا بچێتە بەشی زانستی ئەکادیمی ویان بەشەکانی پیشەیی (پیشەسازی – بازرگانی – کشتوکاڵ) وئەوانەی لەم شێوە خوێندنانەن وە تەنها لە بابەتەکانی بیرکاری و فۆنۆتیکی زمانی ئینگلیزی و نەخشەکان لە بابەتی جوگرافیا دەبەخشرێن.

٢- نابینایان لە قۆناغی بنەرەت دەبەخشرێن لەئەزموونەکانی(بیرکاری وئەو پرسیارانەی وەلامەکانیان بیرکارییانەیە یا بەوێنەیە لە بابەتەکانی تر هەر وەها لەفۆنۆتیکی زمانی ئینگلیزی وە لەنەخشەکان و دابەش کردنی ئەلکترۆنەکان بەسەر خولەکاندا ) بە مەرجێ بەرێوەبەری هۆل رۆژانە چاودێرێکی بۆ دابنێت کە پسپۆری بابەت نەبێ بۆ نووسینەوە بۆیان ولە ژێر چاودێری خۆی.

## سێ یەم : رێنمایی تایبەت بەخوێندنی ئەهلی بە سیستەمی ئینتەرناشناڵ

١- پێویستە لەسەر هەموو قوتا بخانە/خوێندنگایەك لە هەرێمی کوردستان کە پرۆگرامی ئینتەرناشناڵ دەخوێنن هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و بابەتەکانی کۆمەلایەتی و ئاین بە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە بخوێنن بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە سیستەمی کریدت بەکاربهێنن بە پێ ی بەشەوانەی پێویست .

٢- قوتابی/خوێندکاری خوێندنگەی ئینتەرناشنالی هەرێمی کوردستان لەکاتی گواستنەوەیان بۆ خوێندنی حکومی و ئەهلی سەر بەوەزارەتی پەروەردە لەبابەتەکانی کوردی و عەرەبی نابەخشرێن و پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە لەکاتی وەرگرتنیان دووپاتی ئەو ڕێنماییە بکاتەوە و بەواژوو.

٣- أ-قوتابی /خوێندکاری کە زمانی کوردی و عەرەبیان وەك پێویست نەخوێندوە بە پێ بڕیاری ژمارە ( ٧٢١ ) بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان لە ٢٠١٤/٢/١٢ ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت تا ئەو کاتەی قوتابیانی پۆلی ( ٩ ) یان دەگەنە پۆلی ( ١٢ ) ئامادەیی.

ب- هیچ قوتابخانەیەکی ئینتەرناشناڵ بۆی نیە فەرمانی وەزاری خاڵی ( أ ) بە پێچەوانەوە بەکاربهێنێت و ئەم فەرمانە بۆ مەبەستی وابەستەکردنە بە پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە لە بابەتی زمانەکان.

٤- بەهیچ جۆرێك بۆیان نیە جلدی بڕوانامەکانی هەرێمی کوردستان بە کاربهێنن بۆ مەبەستی گواستنەوە یا پێدانی بڕوانامە بەڵکو پێویستە بڕوانامەکانیان بۆ مەبەستی خوێندن یا گواستنەوە بەرابەر بکرێت لە وەزارەتی پەروەردە ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان - بەشی بڕوانامەکان بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی لە وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان بۆیان دیاری دەکرێت .

٥- بۆیان نیە قوتابی/ خوێندکاری گەڕاوەی دەرەوەی وولات ویا هاتووانی هەر وڵاتێکی وەربگرن بەبێ بەرابەرکردنی بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردە.

٦- بۆیان هەیە قوتابی/خوێندکاری گەڕاوە ویا هاتووانی دەرەوەی وولات کە سیستەم و پرۆگرامیان وەکو یەکە وەربگرن لەو پۆلەی کە لێی بووە و بە پێ ی ئەو بڕوانامەیەی کە هێناوەتیەوە. بۆ نموونە گەڕاوەی ئەمریکا لە قوتابخانەی ئەمریکی و گەڕاوەی بەریتانیا لە قوتابخانەی بەریتانی.

## چوارەم : ڕێنمایی تایبەت بەقوتابخانە ئەهلیەکان بە سیستەمی و پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە

١. قوتابی / خوێندکارانی ( ڕۆژ – ئێواران – دەرەکی ) خوێندنگا حکومییەکان بۆیان هەیە لە خوێندنی ئەهلی درێژە بە خوێندنیان بدەن بە پێی یاسای قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومییەکانی ژمارە( ١٤ )ی ساڵی ٢٠١٢ وە تەمەنیش ڕێگر نابێت لە بەرامبەریان .

٢. بە هیچ شێوەیەك قوتابخانەو خوێندنگا ئەهلییەکان بۆیان نییە قوتابی/خوێندکار لە بەشێکی جیاواز لەو بەشەی کە تیایدا خوێندوویەتی لە قۆناغی ئامادەیی وەربگرن ، ئەوانەی دەیانەوێت بەشەکانیان بگۆڕن پێویستە لە پۆلی ( ١٠ )ی ئامادەیی دەست بە خوێندن بکەنەوە ، وە بە پێچەوانەوە ئیدارەی قوتابخانەکە بەرپرسیار دەبێت .

٣. قوتابی و خوێندکار لە قۆناغی ئامادەیی لەو قوتابخانانەی کە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە دەخوێنن لە کاتی گواستنەوەبۆ قوتابخانەیەکی ئەهلی وەیان هەر قوتابخانەیەکی تر پێویستە نمرەی ئەو پۆلانەی خوێندویەتی لەگەڵ خۆی بگوێزێتەوە.

٤. قوتابی/خوێندکارانی خوێندنی ئەهلی بە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە ، ڕێنماییەکانی تایبەت بەتاقیکردنەوەی پۆلەناکۆتاییەکان و تاقیکردنەوەگشتییەکانی پۆلی ( ١٢ ) ی ئامادەیی و نیشتمانی پۆلی ( ٩ ) یەمی بنەڕەت لەسەر جێ بە جێ دەکرێت.

٥. پێویستە هەموو ڕێنماییەکانی قوتابخانە/خوێندنگا حکومییەکان جێ بە جێ بکەن بێجگە لەوەی کە مەرجی تەمەن ڕێگرنابێت بۆ خوێندنی ئەهلی.

٦. قوتابی/خوێندکار ی گەڕاوە وهاتوانی دەرەوەی هەرێم ئەگەر بچنە قوتابخانانە ئەهلییەکان، بڕگەی ( دەیەم – خاڵەکانی ( ١، ٢، ٣، ٤، ٥ ) لە سیستەمی تاقیکردنەوەی ئامادەیی دەیانگرێتەوە لەخوێندنی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

٧. بابەتی کۆمەڵایەتی و ئاین بە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە دەخوێندرێت ، وە بۆیان هەیە لە بابەتی کۆمەڵایەتی تائەو کاتەی فێری نوسینی کوردی دەبن بە پیتی لاتینی وەڵام بدەنەوە لە تاقیکردنەوەکاندا.
٨. پێویستە بابەتی ئاین بۆ قوتابی/خوێندکاری موسوڵمان بخوێندرێت وهیچ بەخشینێك نایگرێتەوە.
٩. قوتابخانە / خوێندنگاکانی (رۆژ یا ئێواران)ی خوێندنگا ئەهلییەکان بۆیان نیە قوتابی/خوێندکار لەبەشێکی جیا لەو بەشەی کە لێوەی هاتووە وەربگرن .وە پێویستە لەکاتی گۆرینی بەش لە پۆلی (١٠)یەمی ئامادەییەوە دەست پێ بکەنەوە بەرێوەبەر بەرپرسیارە لێ ی.
١٠. قوتابخانە/خوێندگاکانی خوێندنی ئینتەرناشناڵ وخوێندنگا ئەهلییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بۆیان نیە ئەو قوتابیانە وەربگرن کە لە قوتابخانەیەکی ترەوە بێن بۆ لایان ئەگەر هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیان نەخوێندبێت تەنها ئەو حاڵەتانە نەبێت کە بە پێ ی رێنمایی گەراوەکان بریاریان بۆ دەرچووە ،بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بگەرێنەوە بۆ ساڵی گەرانەوەیان و بەرێگای ئەو بروانامانەی بۆیان بەرابەرکراوە لەکاتی گەرانەوەیاندا وئەمەش بەرێگای پەروەردەکانیانەوە ئەنجام دەدرێت وە پێویستە سەرپەرشتیارانی پسپۆری زمانەکانی کوردی و عەرەبی وسەرپەرشتیاری کارگێری بەدواداچوون بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو بروانامانە بکەن.

## رێنمایی ژمارە (١٥)

## تایبەت بە هەژمار کردنی ساڵی خوێندن بەساڵی نەکەوتن

**ساڵی خوێندن بەساڵی نەکەوتن هەژمار دەکرێت ئەگەر:**

١- قوتابی راپۆرتێکی پزیشکی دەرچوو لە لیژنەی مەڵبەندی تەندروستی قوتابخانەکان پێشکەش بکات ویان لەهەر نەخۆشخانەیەکی فەرمی (حکومی) باوەر پێکراو،ویان لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن دەرچوبێت بەمەرجێك قوتابی وخوێندکار لە لایەن بەرێوەبەرێتی قوتابخانەکەی رەوانەی نەخۆشخانە کرابێت وبە نووسراوی رەسمی .
٢-راپۆرتی پزیشکی لە قوتابی /خوێندکار وەرناگیرێت کە لەخولی دووەمی تاقیکردنەوە گشتییەکان ویا پۆلە ناکۆتاییەکان بەشداری کردووە ودەرنەچووە.
٣-قوتابی وخوێندکارانی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی ئەوانەی ماوەن( معید )لەخولی یەکەمی تاقیکردنەوەکان راپۆرتی پزیشکیان لێ وەرناگیرێت چونکەسیستەمی دووبارەبوونەوەیان هەیە بۆیە پێویستە لەکاتی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم راپۆرت پێشکەش بکەن لەگەڵ رەچاوکردنی خاڵی دووەم لەسەرەوە.
٤- قوتابی/خوێندکار ئەگەر بە بەدابراو (تارك) هەژمارکرا ئەو ساڵەی بۆی دەکرێت بە ساڵی نەکەوتن .

## هەنگاوەکانی پێشکەشکردنی راپۆرتی پزیشکی :

١- ساڵی خوێندن دەبێتە ساڵی نەکەوتن بۆ ئەو قوتابیانەی کە ناتوانن بەشداری لە ئەزموونەکانی خولی دووەم بکەن لە بەر ئەو بارانەی خوارەوە:
أ- مردنی یەکێك لە خزمانی پلە یەکی قوتابی وخوێندکار (دایك - باوك - برا - خوشك - ژن - منداڵێکی ).
ب-ئەو رووداوانەی دەبنە هۆی شکست وپێویستە راپۆرتی پۆلیسی نەخۆشخانەی لەگەڵدا بێت
ج- نەشتەگەری پزیشکی فریاکەوتن(واتە ئەوانە پێویستە ئەنجام بدرێت لەکاتی تووشبوون نابێت دوا بخرێن ).
د- گرتن و دەست بە سەری (التوقیف والحجز ).
ە – هاوێرکردنی تەندروستی (**الحجر الصحی**) لەبەر تووش بوونی قوتابی و خوێندکار بە نەخۆشییەدرمییەکان

وە بە پێی بڕیارەکانی وەزارەتی تەندروستی .

و- سووتان

٢- بۆ ئەم مەبەستەش دوای هێنانی راپۆرتی پزیشکی پێویستە قوتابی / خوێندکار راپۆرتێکی گشتی لە قوتابخانە/ خوێندنگاکانیان بهێنن کەئەم لایانانەی خوارەوەیان تیادا روون کرابێتەوە :

- ناوی چوارینەی قوتابی و خوێنکار
- ساڵ و شوێنی لەدایك بوون
- ئەو رۆژانەی نەهاتووتە قوتابخانە بە بەڵگەو وبەبێ بەڵگە.
- ئەو سالآنەی کە تیایدا دەرنەچووە .
- ئەو سالآنەی کە بۆی کراوەتە ساڵی نەکەوتن .
- نمرەکانی تێکرایی کۆششی سالآنە .
- پشتگیری بەشداری نەکردنی لە ئەزموونەکانی خولی دووەم .

قوتابخانە/ خوێندنگا راپورتە گشتییەکە و راپۆرتە پزیشکییەکەی بە نووسراوێکی فەرمی بەرزدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا لەوێشەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا .

٣-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە ئەو راپۆرتانەی مەرجەکانیان تیادانییە بەرز ناکاتەوەو ئەوانەی تریش بە نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان / بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان بەرز دەکاتەوە بەمەرجێك بەهیچ شێوەیەك نابێت لە رۆژی ( ١٠/٢٠ ) ی ئەو ساڵەی خوێندن تێپەر بکات،ئەو راپورتانەی پاش ئەو بەرواره دێن فەراموش دەکرێن .

٤-هیچ راپۆرتێك لە قوتابی/خوێندکار وەرناگیرێت ئەگەرلە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەوە رەوانە نەکرابێت.

٥-ساڵی خوێندن دەبێتە ساڵی نەکەوتن بۆ قوتابی و خوێندکار ئەگەر راپۆرتێکی پزیشکی هێنا تیایدا ( ٤٥ ) رۆژ یان زیاتر ماوەی نەخۆشی پێدرابوو لە پۆلەکانی کۆتایی وناکۆتایی و ئەوەش لە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیە بۆ دەرهێنانی فەرمانی پێویست و بێ ئەوەی رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان بکرێت .

## تێبینیەکی گرنگ:

هەموو ئەو نوسراو و نامێلکانەی تایبەتن بەرێنمایی و ئەحکامەکانی تاقیکردنەوەکانەوە کە ناکۆکن لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم سیستەمەدا کاریان پێ ناکرێت .